WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1 10ی گەلاوێژی 2714 (750) دینار

### رزگاربوویەک لەدەستی داعش:

## فرۆشرام بە عەرەبێکی سووری

**رووداو- دهۆک**

تەمەنــی تەنیــا 19 ســاڵە، مێردەکەی و برای مێردی و خەزووری لەپێش چــاوی ئەو گوللەباران کراون، پێش ئەوەی وەکو کۆیلە لە گوندەکەی خۆیەوە لەگەڵ سەدان کچ و ژنی ئێزدی ببردرێنە شاری مووسڵ و بازاڕی کڕین و فرۆشتنیان پێ گەرم بکرێت.

(ح.ع)، دایکی منداڵێکی 3 ساڵانە و خەڵکی گوندی گرعوزێرە. یەکێکە لەو ژنانەی کە بە کۆمەڵ لەلایەن چەکدارانی داعشــەوە دەســتگیرکراون و دواتر لە مووسڵ فرۆشراون، بەڵام بە موعجیزەیەک رزگاری دەبێت و ئێستا لە پارێزگای دهۆکە. (ح) بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی "هیچ شەرمی پێناوێت، منیش فرۆشرام بە عەرەبێکی سووری، بەڵام نازانم بە چەند".



« 2



رۆژانە 3540 ئاوارە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان

2

بەغدا 15 ملیۆن دۆلاری فرۆکەخانەکانی کوردستان ناداتەوە

8

پەرلەمان بەدواداچوون بۆ ئەرشیفە ونبووەکەی دەکات

7

سلێمانی 81 وەزیری خانەنشینکراوی هەیە

# خانەنشینیی پلە تایبەت لە سلێمانی مانگانە ملیارێک و 900 ملیۆن دینارە

« 3



لیستی مووچەی هەمەچەشنەی خانەنشینکراو

| ز | ناوی سیانی | ژ/ پێناسە | ژ. حسابی بانك | مووچە | جیاوازی مووچە | کۆی مووچە | خانووبەرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرگوڵ حمە رشید | 5564/م | 223 | 625,000 | 0 | 625,000 | 0 |
| | اکرم عبدالله طه | 5628/م | 545 | 662,000 | 0 | 662,000 | 0 |
| | عثمان حسین محمد | 3655/م | 705 | 514,000 | 0 | 514,000 | 0 |
| | عزیز رشید علی | 5074/م | 675 | 486,600 | 0 | 486,600 | 0 |
| | [illegible] | 5774/م | 706 | 288,600 | 0 | 288,600 | 0 |
| | [illegible] | 6224/م | 664 | 625,000 | 0 | 625,000 | 0 |
| | [illegible] | 6272/م | 840 | 700,000 | 0 | 700,000 | 0 |
| | [illegible] | 4037/م | 845 | 625,000 | 0 | 625,000 | 0 |
| | [illegible] | 6350/م | 874 | 806,000 | 0 | 806,000 | 0 |
| | [illegible] | 6290/م | 846 | 3,000,000 | 0 | 3,000,000 | 188,000 |
| | [illegible] | 6316/م | 850 | 420,000 | 0 | 420,000 | 0 |
| | [illegible] | 342265/م | 952 | 750,000 | 0 | 750,000 | 0 |
| | [illegible] | 6443/م | 938 | 758,000 | 0 | 758,000 | 0 |
| | [illegible] | 6445/م | 954 | 662,000 | 0 | [illegible] | [illegible] |

لیستی مووچەی هەمەچەشنەی خانەنشینکراو

| ز | ناوی سیانی | ژ/ پێناسە | ژ. حسابی بانك | مووچە | جیاوازی مووچە | کۆی مووچە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 16 | سەردوت محمد امین | 6483/م | 963 | 2,532,800 | 0 | 532,800 |
| 17 | محمد عطا رشید عبدالرحمن | 6743/م | 990 | 758,000 | 0 | 758,000 |
| 18 | طارق صابر قادر | 1888/م | 942 | 662,000 | 0 | 662,000 |
| 19 | خالد مصطفی حسن | 2288/م | 147 | 758,000 | 0 | 758,000 |
| 20 | د . نهاد محمد فاضل | 7409/م | 1004 | 806,000 | 0 | 806,000 |
| 21 | د . عادل مصطفی قادر | 7408/م | 1003 | 790,000 | 0 | 790,000 |
| 22 | د. موفق محمد رشید احمد | 7439/م | 1006 | 806,000 | 0 | 806,000 |
| 23 | د . سانحە شریف یونس | 7487/م | 1011 | 790,000 | 0 | 790,000 |
| 24 | د . احمد کمال عبدالله | 7478/م | 1012 | 806,000 | 0 | 806,000 |
| 25 | د . رووناك محمد دەرویش کریم | 7485/م | 1013 | 806,000 | 0 | 806,000 |
| 26 | د . رووناك ناصح عبدالله | 7479/م | 1019 | 806,000 | 0 | 806,000 |
| 27 | د . دلێر نوری رشید | 7508/م | [illegible] | 806,000 | 0 | 806,000 |



رووداو
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

## مەخمووریيەکان ناوێرن بگەڕێنەوە



**رووداو – مەخموور**


سەرەڕای رزگارکردنی قەزای مەخموور لە دەستی چەکدارانی داعش، بەڵام هێشتا خەڵکەکەی بە تەواوی نەگەڕاونەتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە دوای 10 رۆژی دیکە دەوامی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی دەستپێدەکاتەوە. ئیبراهیم شـێخەڵڵا، قایمقامی قەزای مەخموور لەو بارەیەوە بە (تۆڕی میدیایی راگەیاند) دەوام لە سـەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت لە قەزاکە دەستی پێکردووەتەوە و زۆربەی فەرمانبەرەکان دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن. لەبارەی گەڕانەوەی خەڵکەکەش کە بەهۆی هێرشی چەکدارانی داعش ئاوارە بوو بوون گوتی "تاوەکو ئێستا تەنیا 35%ی خەڵکەکە گەڕاونەتەوە".

## لە هەشت مانگی رابردوودا:

# رۆژانە 3540 ئاوارە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان

## د. عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان: ملیۆنێک و 400 هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستانن






**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (تۆڕی میدیایی رووداو) کەوتوون، لە ماوەی 8 مانگی رابردوودا 850 هەزار کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە، واتە لە مانگێکدا 106 هەزار کەس و لە رۆژێکیشدا تێکڕا 3540 کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. وەزیری پلاندانان دەڵێت "هیچ حکومەتێک پارەی نەداوەتە هەرێمی کوردستان بۆ خەرجیی بەهاناوەچوونی ئەم ئاوارانە".

د.عەلی سندی، وەزیری پلاندانان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) وردەکاری ئاماری ئاوارە و پەناهەندەکانی ئاشکرا کردو رایگەیاند "ئێستا ملیۆنێک و 400 هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستانن".

وەزیری پلاندانان، باسی لەوە کرد کە دەستەی ئامار و بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆبەران و رێکخراوەکان، تیمێکی ئاماریان دروستکردووە، لە ماوەی 10 رۆژدا نزیکترین ژمارەیان لە راستییەوە دەستکەوتووە "کۆی گشتی ئاوارە و پەناهەندەکان لە کوردستان نزیکەی یەک ملیۆن و 400 هەزار کەسە، لەوانەش 230 هەزار کوردی پەنابەری رۆژئاوای کوردستان. پەنابەری وڵاتانی دیکەش هەن. ئەوانیش نزیکەی 30 هەزار کەس دەبن".

سندی باسی لەوە کرد، ئاوارەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەبنە دوو بەش، بەشێکیان پێش ساڵی 2014 هاتوون، کە بەشێک لەوانە دەوڵەمەندن و پێویستیان بە هاوکاری نییە، ئەوانە لە ئامارەکانیشدا ناویان نییە "ئەوەی لە ئامارەکاندا هاتووە هەموویان پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی دوای 1ی ئاب هاتوون، لە 8 مانگدا 850 هەزار کەس هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و لەو ژمارەیەش 80%یان دوای مانگی ئاب بووە کە زۆربەیان کوردی ئێزدین، نزیکەی 95%ی ئاوارەکانی پارێزگای دهۆک کوردی ئێزدین".

بەپێی ئامارەکان لەو ئاوارانەی ئەمساڵ روویان لە کوردستان کردووە، 64% لە پارێزگای دهۆک، 20% لە پارێزگای هەولێر و 16%یش لە پارێزگای سلێمانی نیشتەجێ بوون. لە پارێزگای دهۆک 140 هەزار ئاوارە لەنێو 670 قوتابخانە نیشتەجێ کراون کە زۆربەیان منداڵن.

سندی دەڵێت "رەوشی ئاوارەکان زۆر خراپە و پێویستیان بە هاوکارییە، بەڵام لە رووی ئەمنییەوە هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانیان نییە، قەیرانی ئاو خواردنەوەشمان نەماوە، لە رووی خواردنیش باش بوونە، بەڵام نازانین چەندیان سێ ژەمە نانیان دەگاتێ یان نا، هەروەها لە رووی تەندروستییەوە پارێزگای دهۆک خۆی هێندە باش نەبوو، ئەو بارە قورسەش وا دەکات خراپتر بێت، ناتوانین فریای هەمووان بکەوین لە رووی تەندروستییەوە".

وەزیری پلاندانان گوتی "رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستانن، بەڵام ژمارەی ئاوارەکان لە توانای رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان زیاترە، ئێمە پێویستمان بەوانە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نین، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کەس ئامادەکاری نەکردووە بۆ ئەو رووداوە لە ناکاوە، بۆ نموونە ناتوانن بە فڕۆکە سێ ژەمە خواردن بنێرن، بۆیە روونە کە هاوکارییەکانی ئەوان رەمزین".

حکومەتی عێراق لێژنەیەکی باڵای پێکهێناوە بۆ هاوکاریی ئاوارەکان، بەپێی وتەکانی سندی، حکومەتی عێراق بڕی 500 ملیار دیناری بۆ ئاوارەکانی هەموو عێراق داناوە "هەر خانەوادەیەک یەک ملیۆن دیناری دەدرێتێ، ئەوەش خۆیان دەیکەن و لە رێگەی ئێمەوە نییە". گوتیشی "تاوەکو ئێستا حکومەتی عێراق و هیچ وڵاتێکی جیهان هیچ بڕە پارەیەکی نەقدی بۆ ئاوارەکان نەداوەتە هەرێمی کوردستان".

هەرچەندە رەوشی ئابووریی خەڵکی باشووری کوردستان بە هۆی شەڕ و نەدانی مووچەوە خراپ بووە، بەڵام د.عەلی سندی دەڵێت "ئەو بیانیانەی کە دێنە ئێرە هەموویان سەرسامن بەو هاوکاری و هەمەهەنگییەی لە نێوان خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە. خەڵک هەیە دوو مانگە مووچەی وەرنەگرتووە، کەچی هاوکاری ئەو ئاوارانە دەکات".

### ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | ژمارەی ئاوارەکان لە ئابی 2014 | رێژەی سەدیی ئاوارەکان لە ئابی 2014 | کۆی ژمارەی ئاوارەکان لە سەرەتای 2014 تا ئێستا | رێژەی سەدیی ئاوارەکان لە سەرەتای 2014 تا ئێستا |
|---|---|---|---|---|
| دهۆک | 418.986 | % 89 | 543.384 | % 64 |
| هەولێر | 42.276 | % 9 | 170.544 | % 20 |
| سلێمانی | 11.166 | % 2 | 136.920 | % 16 |
| کۆی گشتی | 472.428 | % 100 | 850.848 | % 100 |

## ئەو پزیشکەی بابەتەکەی لە رووداو ورووژاند بانگکراوە بۆ لێپرسینەوە

# "لە هەر 200 مەمەی شیر لە بازاڕ 150یان مەترسیدارن"

**ژیان سابیر**
**رووداو- سلێمانی**

جۆرێک لە مەمەی منداڵ کە پێوەری گرتنەوەی شیر بە هەڵە لەسەری نووسراوە، زیان بە مێشک و ئاستی زیرەکیی منداڵان دەگەیەنێت، پزیشکێکی پسپۆڕی منداڵانیش رایدەگەیەنێ "لە هەر 200 مەمەی شیر، نزیکەی 150یان ئەو پێوەرەی لەسەریانە هەڵەیە".

کۆچەر عومەر، خوێندکاری دکتۆرا لە نەخۆشییەکانی منداڵان، دەڵێت بەکارهێنانی ئەو جۆرە مەمەیە کۆمەڵێک کاریگەری لەسەر منداڵ جێدەهێڵێت، ئەو جۆرە مەمەیە مەترسیدارە و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی 10 سیسی ئاو لە لەشی منداڵ، چونکە منداڵەکە شیرێکی خەستتر لە پێویست دەخوات.

باشترین خۆراک بۆ منداڵ شیری دایکە، هەرچی شیری قوتووە، ئەگەر بەشێوەیەکی دروست ئامادە نەکرێت، زیان بە تەندروستیی منداڵ دەگەیەنێت. گرتنەوەی شیری قوتووش لەگەڵ ئاو زۆر هەستیارە و گرانیشە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی خراپ یان ناتەواو شیرەکە بگیرێتەوە، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات، کاریگەری مەترسیدار لەسەر مێشکی منداڵ جێدەهێڵێت، چونکە رێژەی خوێ و کانزاکان تێیدا دەگۆڕێت و بەوەش منداڵەکە جۆرێک مادده زیاتر وەردەگرێت و مێشکی دەپووکێنێتەوە.

کۆچەر عومەر دەربارەی زیانەکانی شیری خەست گوتی "دەبێتە هۆی سکچوون، رێژەی سۆدیۆم بەرزدەکاتەوە لە لەشی منداڵەکەدا و ناتەواوی گەشەی مێشک بەدوای خۆیدا دەهێنێت".

دکتۆر کۆچەر گوتیشی "ئەو منداڵەی بەردەوام بەو خەستییە شیری دەدرێتێ، لە داهاتوودا مێشکی (ناکامڵ) دەبێت، یان دەبێتە هۆی سکچوونێکی مەترسیدار کە هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی رێژەی سۆدیۆم، بەوەش منداڵەکە تووشی گەشکە دەبێت، لەوانەشە گیان لەدەستبدات".

دکتۆر کۆچەر کە بەدواداچوونی بۆ ئەم مەمە شیرانەی لەبازاڕدا هەن کردووە، دەڵێت "لە هەر 200 مەمەی شیر، نزیکەی 150یان ئەو پێوەرەی لەسەریانە هەڵەیە".

هێرش حەمە رەئوف، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "ئێستا کاتی جێبەجێکردنی هەڵمەتێکە بۆ لێپێچینەوە لەو کەسانەی بازرگانی بە مەمەی هەڵەوە دەکەن و هەروەها دەبێت لایەنی پەیوەندیدار ئەو مەمانە کۆبکاتەوە کە لە بازاڕدا هەن و ئەو پێوەرەی لەسەریانە هەڵەیە".

ناوبراو کە هاوکات پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵانیشە، گوتی "شیری قوتوو لە شیری مانگا دروستدەکرێت و بۆ گوێرەکە دەبێت، هەرگیز بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت جێگای شیری دایک بگرێتەوە".

سێ ساڵ لەمەوبەر (رووداو) راپۆرتێکی لە بارەی خراپیی جۆری مەمەی منداڵانەوە بڵاوکردەوە. ئەوکاتیش دکتۆر کۆچەر هۆشداری دابوو لە مەترسی ئەو جۆرە مەمەیە لەسەر مێشکی منداڵ.

دکتۆر کۆچەر دەڵێت "لە 2 ساڵی رابردوودا بە وروژاندنی بابەتێک سەبارەت بە مەترسییەکانی جۆرە خراپەکانی مەمەی شیر، کە وەزارەتی تەندروستی و خەڵکم لێ ئاگادار کردەوە، کۆمەڵێک رێوشوێن گیرایەبەر، بەڵام دواتر بەداخەوە لە جێی ئەوەی دەستخۆشیم لێ بکرێت، لەلایەن فەرمانگەی تەندروستی و وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بانگ کرام بۆ لێپێچینەوە".

بە بڕوای دکتۆر کۆچەر "بەردەوام بەرزبوونەوەی رێژەی مردن لە منداڵان، بەهۆی نەبوونی کوالێتی کۆنترۆڵە لە کوردستان، ئەگەرنا ئەم جۆرە مەترسیدارانە لە مەمەی شیری منداڵ نایەتە ناوخۆ".

دکتۆر کۆچەر گوتیشی "ئەو مەمە شیرانە لە ئێران و چینەوە دەهێنرێن، کە خۆیان بەکاریناهێنن، بۆیە پێدەچێت مەبەستێکی سیاسی لە پشت ئەم بابەتەوە بێت".

دکتۆر هێرش حەمە رەئوف، رەخنە لە وەزارەتی بازرگانی دەگرێت و دەڵێت لە جێی پێدانی شیری قوتوو بە منداڵان، کارتیان بداتێ و لە زیانەکانی شیری قوتوو هۆشداری بە دایکان بدات، ئەگەر پێویست بێت ئەو شیرە قوتووە بەکاربهێنرێت بۆ رێژەیەکی کەم لە منداڵ، ئەوا پێویستی بە وردەکاری و تێبینی هەیە تاوەکو بە شێوەیەکی تەندروست بگیرێتەوە.

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی منداڵان لە سلێمانی، لە 8 مانگی رابردوودا 8864 منداڵ تووشی نەخۆشیی سکچوون بوون، کە یەکێک لەو منداڵانە مردووە.

هەر بەپێی ئامارەکە، لە ماوەی 8 مانگی رابردوودا 250 منداڵ بە هۆکاری جیاواز مردوون بەشێوەیەک بەرزترین رێژە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا بووە، کە 41 حاڵەتی مردن تۆمارکراوە، کەمترین رێژەش لە مانگی حوزەیران بووە کە 23 منداڵ مردوون.




# "ژنێکی فرۆشراو"ی ئێزدی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە

**عوبەید رەشائیی**
**رووداو- دهۆک**

تەمەنی تەنیا 19 ساڵە، مێردەکەی و برای مێردی و خەزووری لەپێش چاوی ئەو گوللەباران کراون، پێش ئەوەی وەکو کۆیلە لە گوندەکەی خۆیەوە لەگەڵ سەدان کچ و ژنی ئێزدی ببردرێنە شاری مووسڵ و بازاڕی کڕین و فرۆشتنیان پێ گەرم بکرێت.

لە روخسارە تێکشکاوەکەیدا هەموو ئەم کارەساتانە دەخوێنیتەوە کە تەنیا چەند رۆژێکی کەمیان خایاند. بەڵام چەند رۆژێک کە یادەوەرییەکانی برینێکی قووڵیان بۆ هەتا هەتایە لەسەر رۆحی هەڵکۆڵی.

(ح.ع)، دایکی منداڵێکی 3 ساڵانە و خەڵکی گوندی گرعوزێرە. یەکێکە لەو ژنانەی کە بە کۆمەڵ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیرکراون و دواتر لە مووسڵ فرۆشراون، بەڵام بە موعجیزەیەک رزگاری دەبێت و ئێستا لە پارێزگای دهۆکە.

ئەو ژنە بەو مەرجە قسەی بۆ (رووداو) کرد کە وێنەی بڵاونەکرێتەوە، نەک لەبەر چیرۆکەکەی خۆی کە راشکاوانە دەیگێڕێتەوە، بەڵکو لەترسی ئەوەی نەبادا چەکدارانی داعش تۆڵە لە دشەکەی و خەسووی بکەنەوە کە دەڵێت هێشتا لە بندەستی ئەواندان.

(ح) گوتی "چەکدارەکان کە هاتن ژن و منداڵ و پیاوەکانیان لە یەکدی جیاکردەوە، دەستی پیاوەکانیان بەست و پاشان گوللەبارانیان کردن، مێردی من و خەزوورم و شووبراکەم لە نێو پیاوەکاندا بوون".

وەک خۆی دەڵێت، ئەوان سەرەتا بردراون بۆ سیبا شێخ خدر، پاشان بۆ ناحیەی بەعاج، ئینجا بۆ شنگال و لەوێشەوە لەگەڵ کۆمەڵێک ژنی دیکە براون بۆ مووسڵ.

(ح) کە لەدایکبووی ساڵی 1995ەو تەنیا یەک منداڵی هەیە، گوتی "چەکدارانی داعش قسەی زۆر ناشیرینیان پێدەگوتین، گوتیان دینی ئێوە هیچ نییە و وەرنە سەر دینی ئێمە، چەند وانەیەکی ئاینییان پێگوتین بۆ ئەوەی ببینە موسڵمان، بەڵام بۆیان دەرکەوت کە ئەستەمە ببینە موسڵمان".

ئەو دەڵێ "کچ و ژنە گەنجەکانیان جیاکردەوە لە ژنە بەتەمەنەکان. بۆیە لە مووسڵ ئاگام لە خەسووم نەما، تەنیا من و دشەکەم پێکەوە ماینەوە، هاتن گوتیان دەتانبەینەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام بردیانین بۆ خانوویەکی گەورە و گوتیان: ئەوەی دێتە ئەم شوێنە هیچ چارەی نییە دەبێ شوویکات".

ئەو ژنە بەدەم گریانەوە و بە دەنگێکی نزم باسی ئەو شتانەی کرد کە هەرگیز نەیدەویست باسیان بکات "بە 10-15 هەزار دینار کڕین و فرۆشتنیان پێدەکردین، رۆژانە 10 جار دەهاتنە ناو ئێمە و ئەوەی دەیانویست دەیانبرد، بە تایبەتی کچەکانیان دەبردن و لە کچێنییان دەخستن".

گوتیشی "چەکدار هەبوو کچێکی دەکڕی، دوو رۆژ لەلای دەمایەوە کە لێی تێر دەبوو دەیفرۆشتەوە بە کەسێکی دیکە. پلەدارێک هەبوو کچێکی فرۆشتە شوفێرەکەی، بە گوێی خۆم گوێم لێبوو کە هەندێک بە تورکی قسەیان دەکرد و هاتبوون بۆ کڕینی کچەکان.. کڕیارەکان عەرەبی سووریاشیان تێدابوو". هەروەها دەڵێت "هەندێک کڕیار دەهاتن و بەزۆر جلی بووکێنییان لەبەر کچەکان دەکرد و دەیانبردن".

(ح) بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و گوتی "هیچ شەرمی پێناوێت، منیش فرۆشرام بە عەرەبێکی سووری، بەڵام نازانم بە چەند". ئەو پیاوە پێیگوتووە "ئیدی تۆ ژنی منی". بەڵام ئەو قبوڵی نەکردووە. ئینجا پیاوەکە پێیگوتووە "دایک و باوکت لەبیر بکە، هەموومان کوشتوون، کوردستانی عێراقیش لەبەردەستی ئێمەیە".

### چۆن رزگاری بوو؟

(ح) گێڕایەوە کە شەوێک لە دەوروبەری کاژێر 12، کوڕەکەی تینووی بووە و بۆ ئاو گریاوە، "لە ژوورێکدا بووین دەرگامان لەسەر داخرابوو، دەرگاکە پلاستیک بوو، هەرچەندی لە دەرگام دا کەس بە هاوارمەوە نەهات، دواتر دەرگاکەم شکاند و ئاوم بۆ کوڕەکەم هێنا. بینیم خانووەکە سێ کەسی لێبوو، بەڵام هەرسێکیان خەوتبوون و بە ئاگا نەهاتن، ئیدی منیش فرسەتم هێنا و رامکرد".


(ح) دوای ماوەیەک رۆیشتن خۆی دەکات بە ماڵێکی عەرەبدا و چیرۆکەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوانیش بەڵێنی پێدەدەن کە بیپارێزن "پیاوی ماڵەکە بۆ بەیانی سواری ئۆتۆمبێلێکی کردم، دەگەیشتینە هەر بازگەیەکی داعش دەیگوت ئەمە هاوسەرمە، منی هێنا تاوەکو تەواو نزیکی کردمەوە، لەوێ رێگایەکی نیشاندام و خۆی گەڕایەوە، منیش بەپێ رۆیشتم تا گەیشتمە پێشمەرگە و ئیتر منیان هێنایە شاریا".

(ح) دەڵێت کچەکانی ئەوێ ئەوەندە بە حەیا و بە شەهامەت بوون کە بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبوون خۆیان بدەن بەدەستەوە و بەزەبری هەڕەشەی کوشتن دەبرانە دەرەوە. (ح) گوتی "سێ کچ کە خەڵکی گوندی وەردیێ بوون، بەس بۆ ئەوەی دەستدرێژییان نەکرێتە سەر خۆیان خنکاند".

## کورد و شیعە لەسەر 140 و پێشمەرگە ناکۆکن

**مەحموود یاسین کوردی- هەولێر**

شاندی دانوستاندکاری کورد کۆبوونەوەیەکی 4 کاژێری لەسەر ناوچە کوردستانییەکان و پێشمەرگە لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعەکان ئەنجامداوە و بەڵام وەڵامی دەستنەکەوتووە. بڕیارە ئەمڕۆش (دووشەممە) لەسەر پرسی بودجە و نەوت و غاز درێژە بە گفتوگۆکانیان بدەن. فریاد رواندزی، گوتەبێژی شاندی دانوستاندکاری کورد لەو بارەوە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "کۆبوونەوەکە لەسەر ماددەی 140 و پێشمەرگە بوو. لەسەر ئەو دوو دۆسیەیە رێکنەکەوتووین، ئێمە سیغەیەکی تایبەتمان لەسەر ئەو دوو پرسە پێشکەشکردووە، ئەوانیش بڕیارە ئەمڕۆ (دووشەممە وەڵامان بدەنەوە".




رووداو
راپۆرت
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

### سلێمانی 81 وەزیری خانەنشینکراوی هەیە

# خانەنشینی پلە تایبەت لە سلێمانی مانگانە ملیارێک و 900 ملیۆن دینارە

**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئەو داتا و زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لە ساڵی 2010دا تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانی 615 کەس بە پلەی تایبەت مووچەی خانەنشینییان وەرگرتووە کە کۆی گشتی مووچەی مانگێکیان ملیارێک و 902 ملیۆن دینار بووە. هەندێک لەوانەش کە خانەنشین کراون هیچ کاتێک وەزیفەیان نەبینیوە. وەک لە لیستەکەدا دیارە، ژمارەیەک سەرکردەی حیزبی بە پلەی بریکاری وەزیر خانەنشینکراون.

بەپێی ئەو خشتەیەی لەبەردەستی (رووداو) دایە، پلە تایبەتەکان بریتین لە (سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزیر، بریکاری وەزیر، مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، دادوەر، بەڕێوەبەری گشتی، راوێژکار و هەمەجۆر).

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، لە سنووری پارێزگای سلێمانی 7 کەس بە پلەی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت خانەنشین کراون. (رووداو) مووچەی مانگی ئەیلولی 2010ی ئەوانەی بە نموونە وەرگرتووە کە کۆی مووچەی خانەنشینییان لەو مانگەدا 52 ملیۆن و 850 هەزار دینار بووە.

مووچەی سەرۆکی حکومەتی خانەنشینکراو 9 ملیۆن و 750 هەزار دینارە، هەروەها مووچەی خانەنشینی جێگری سەرۆکی حکومەتیش 7 ملیۆن و 500 هەزار دینارە.

| ژ | خانەنشین | ژمارە | مووچە |
|---|---|---|---|
| 1 | س. و ج. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران | 7 | 52.850.000 |
| 2 | وەزیر | 81 | 470.459.000 |
| 3 | پەرلەمانتار | 16 | 104.960.000 |
| 4 | م.س و سەرکردایەتی | 31 | 137.640.000 |
| 5 | دادوەر | 23 | 63.007.450 |
| 6 | بریکاری وەزیر | 61 | 248.969.150 |
| 7 | بەڕێوەبەری گشتی | 110 | 263.595.300 |
| 8 | ی.ب.گشتی | 23 | 16.977.800 |
| 9 | راوێژکار | 143 | 375.601.150 |
| 10 | جۆراوجۆر | 120 | 167.977.650 |
| | کۆی گشتی | 615 | 1.902.037.500 |

### 81 وەزیری خانەنشین لە سلێمانی

لە کۆی ئەو 615 کەسەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بە پلەی تایبەت خانەنشینکراون، 81 کەس بە پلەی وەزیر خانەنشینکراون. بەپێی بەدواداچوونی (رووداو) هەندێک لەوانە وەزیر بوون لە کابینەکانی پێشووی حکومەت، بەڵام هەندێکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حیزبەکانن، بە تایبەتی یەکێتی و گۆڕان کە بەم پلەیە خانەنشین کراون، بەبێ ئەوەی یەک رۆژ وەزیر بووبن.

بەپێی ئەو خشتەیە، مووچەی خانەنشینی ئەو 81 وەزیرە لە مانگی ئەیلولی 2010دا بریتی بووە لە 470،459،000 دینار. هەر بەپێی خشتەکە مووچەی خانەنشینی ئەو وەزیرانە جیاوازە، هەندێکیان شەش ملیۆن دیناریان وەرگرتووە، هەندێکیان چوار ملیۆن دینار، کەمترینیشیان 1.5 ملیۆن دیناری وەرگرتووە. ئەوانەشی لە ژیاندا نەماون، وارسەکانیان لە نێوان 3 — 4 ملیۆن دینار وەردەگرن.

### 615 کەس بە پلەی تایبەت خانەنشینکراون

### ئەندامی سەرکردایەتی دەکرێنە وەزیر

لە لیستی خانەنشینکراوانی سلێمانی خانەیەک بۆ خانەنشینکراوانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی تەرخانکراوە کە ژمارەیان 31 کەسە. ئەوانە بە پلەی "وەزیر" خانەنشینکراون. بەپێی خشتەکە، ئەو سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییە خانەنشینکراوانە کە سەرجەمیان یەکێتین، کۆی مووچەی خانەنشینییان مانگانە 137.640.000 دینارە. مووچەی هەر یەکێکیشیان 4 ملیۆن و 440 هەزار دینارە.

### 51 کەس بە پلەی بریکاری وەزیر خانەنشینکراون

هەر لە سنووری پارێزگای سلێمانی 61 کەس بە پلەی بریکاری وەزیر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سلێمانی مووچە وەردەگرن و کۆی مووچەی سەرجەمیان لە مانگی ئەیلولی 2010دا گەیشتووەتە 248،969،150 دینار. بەپێی خشتەکە، مووچەی بریکارەکانی وەزیر جیایە و زۆرترینیان 4،330،400 ملیۆن دینارە و کەمترینیشیان 674،700 دینارە. بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، هەندێک لەو کەسانەی بە پلەی بریکاری وەزیر خانەنشین کراون، بە درێژایی هەشت کابینەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پۆستەیان نەبینیوە.

### سلێمانی 16 پەرلەمانتاری خانەنشینکراوی هەیە

پێدەچێت پلەی پەرلەمانتاری و دادوەری تاکە پلە بن لە لیستەکەدا کە ناوی کەسانی دیکەی تێدا نەبێت. بەپێی لیستەکە لە ساڵی 2010دا 16 پەرلەمانتاری خانەنشینکراو لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی سلێمانی مووچەیان وەرگرتووە، کۆی مووچەکانیان لە مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەدا 104،960،000 دینار بووە. مووچەی مانگانەی خانەنشینی هەر پەرلەمانتارێک 6 ملیۆن و 650 هەزار دینارە.

هەر بەپێی لیستەکە، لە ساڵی 2010دا 23 دادوەری خانەنشین لە سلێمانی هەبووە، کە کۆی مووچەکانیان لە مانگی ئەیلولدا گەیشتووەتە 63،007،450 دینار.

### 110 بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینکراو

بەپێی ئەو لیستەی لەبەردەستی (رووداو) دایە، لە مانگی ئەیلولی 2010دا 110 کەس بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی مووچەی خانەنشینییان وەرگرتووە و کۆی گشتی مووچەکانیشیان گەیشتووەتە 263،595،300 دینار. بەپێی ئەو بەدواداچوونە، هەندێک لەوانەی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراون، ئەو پۆستەیان نەبینیوە.

هەر لەو لیستەدا دەردەکەوێت کە 23 کەس بە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراون و کۆی مووچەی مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەیان 16،977،800 دینار بووە.

بەڵام پشکی شێر لە خانەنشینانی پلەی تایبەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەر راوێژکارەکان دەکەوێت، بەپێی لیستەکە لە مانگی ناوبراودا 143 کەس بە پلەی راوێژکار مووچەی خانەنشینییان وەرگرتووە و کۆی گشتی مووچەکانیشیان گەیشتووەتە 375،601،150 دینار.

### پلە تایبەتی هەمەجۆر

لە نێو لیستەکەدا خانەیەک تایبەت کراوە بۆ خانەنشینی هەمەجۆر (هەمە چەشنە). بەپێی لیستەکە 120 کەس بەو پلەیە خانەنشینی وەردەگرن و کۆی مووچەکەیان لە مانگی ئەیلولی 2010دا 167،977،650 دینار بووە. مووچەی هەندێک لەوانە زیاتر لە 7 ملیۆن دینارە و کەمترینیشیان نزیکەی 440 هەزار دینار وەردەگرێت.

### یەکێتی و گۆڕان هەڕەشە لەیەک دەکەن

# یەکێتی: لیستێکی خانەنشینەکانی گۆڕان بە پلەی سەربازی بڵاودەکەینەوە


**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

پەرلەمانتارانی یەکێتی و گۆڕان، سەرقاڵی گەڕانن بە دوای بەڵگەنامە کۆنەکانی ساڵانی رابردووی حکومەت بۆ یەکدی تۆمەتبارکردن تاوەکو ئاگری شەڕەکەی نێوانیانی پێ گەرمتر بکەن، ئەمە دوای ئەوەی وەزیری دارایی، دوو کادری بزووتنەوەی گۆڕانی لەنێو وەزارەتەکەیدا دامەزراند و دواتر لەلایەن لایەنگر و ئەندامانی یەکێتییەوە، رووبەڕووی لێشاوێک رەخنە بووەوە. بەدوایدا گۆڕان 404 ناوی ژنی خانەنشینکراوی سەر بە یەکێتی بەپلەی سەربازی بڵاوکردەوە.

ئێستا خەریکە 404 ناوەکە لەبیردەچنەوە، چونکە پەیتاپەیتا لیستی دیکە لە پشتی شەڕەکەی گۆڕان و یەکێتییەوە سەردەردێنن و ناوی دیکە دێنە پێشەوە. هەندێک کەس لە کۆمێنت و پرسیارەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا ئاشکراکردنی ناوی ئەوانەی بە "نایاسایی" کراونەتە خانەنشین بە "خراپ" نازانن، بەڵام لە پرسیارێکدا هاوبەشن و دەپرسن "ئێستا وەختی ئەوەیە؟ لەکاتێکدا شەڕ بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر باشووری کوردستانی سەرقاڵ کردووە".

عومەر عینایەت، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان پێیوایە "دەبوو زووتر ئەو ناوانە ئاشکرا بکرێن". ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان، هەرچەندە دان بەوەدا دەنێت کە ئەوە کاری فەیسبووک نییە و دەبێ رێوشوێنی یاسایی بۆ بگیرێتەبەر، بەڵام رەخنەی لە دەستەی نەزاهەش گرت "خۆ نابێ دەستەی نەزاهە چاوەڕێ بێت ئێمە ئەو لیستانەی بۆ ببەین، ئەوە کاری خۆیەتی بەدوایدا بگەڕێت".

دوای بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو 404 کچ و ژنەی بەشێکیان میدیاکارن لەنێو دەزگاکانی یەکێتیدا و بەپێی ئەو لیستەی بڵاوکراوەتەوە بە پلەی



سەربازی بەرز خانەنشین کراون، فراکسیۆنی سەوزی یەکێتی راگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە کە دەڵێ "ئێمە لێرەوە ئاگاداریان دەکەینەوە، ئەگەر لەم ساتە بەدواوە کۆتایی بەچەواشەکارییەکانتان دەهێنن باشە، ئەگینا ئێمەش بێدەنگی دەشکێنین و هەرچی بەڵگەنامەی فەرمی کە لامان پارێزراوە دەیخەینە بەردەم رای گشتی".

قادر وەتمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سەوزی یەکێتی، دەڵێت لەچوار ساڵی رابردوودا گۆڕان بەردەوام رەخنەی لە سیستەمی سیاسی و حوکمداری هەرێمی کوردستان گرتووە، بەڵام "ئێمە بە بەڵگەوە بۆمان دەرکەوت بۆ خۆشیان لەو ماوە کەمەی هاتوونەتە نێو دەسەڵات هەمان ئەو هەڵانەیان دووبارەکردەوە کە رەخنەیان لێدەگرتن".

هەروەها دەڵێ "ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر لە پەرلەمانی کوردستان هەن و دەتوانن کاروبارەکانی پەرلەمانی بەڕێوەببەن، بەڵام 57 کەسی دیکەی گۆڕانییان لەناو پەرلەمان بە پلەی جۆراوجۆر دامەزراندووە".

قادر وەتمان پێیوایە کاتی ئەو شەڕە نییە و ئەوان وەک یەکێتی شەڕ بەرۆکی گرتوون، بۆیە وەڵام دەدەنەوە "تەنانەت بەڵگەمان لایە کە لەم ماوەیەدا گۆڕان لە مەکۆکانی خۆیانەوە بە نووسراو داوایان لە یەکێتی و حکومەت کردووە خەڵکیان بۆ خانەنشین بکرێت بەپلەی بەرز". گوتیشی "لیستێکمان لەبەردەستدایە کە چەندین کەسیان بە پلەی جۆراوجۆری سەربازی بۆ خانەشین کراوە و بڕیارمانداوە ئێمەش هەموو ئەو لیست و گەندەڵییانە بڵاوبکەینەوە".

### گۆڕان: خانەنشینەکانی ئێمە هی سەردەمی یەکێتین

قادر وەتمان، لەبارەی ئەو 404 ناوەی بڵاوکرانەوە، دەڵێ مەرج نییە هەموویان دەنگدەری یەکێتی بن "دەنگدەری پارتی و گۆڕانیشیان تێدایە، بەڵام بۆ ئەوان لەم کاتەدا ئەو شەڕە دەستپێدەکەن، ئایا پرۆسەی چاکسازی ئێستا دەکرێت کە وڵات لە شەڕدایە یان لە دۆخێکی دیکەدا".

بەڵام عومەر عینایەت، رەتیدەکاتەوە گۆڕان خەڵکی خانەنشین کردبێت و لەبارەی ئەو کەسانەشەوە کە هەڵسوڕاو و کادری گۆڕانن و بەپلەی جۆراوجۆری سەربازی و پلەی تایبەت خانەنشین کراون، دەڵێت کاتێک ئەوە کراوە کە لەناو یەکێتیدا بوون و یەکێتی خۆی کردوویەتی، "ئێمە پێمانوایە هەر کەس بەو جۆرە خانەشین کرابێت هەڵەیە". هەروەها گوتیشی "لەسەر ئەو دوو کەسەش نامەمان بۆ وەزیری دارایی نارد و رەخنەمان لێگرت و پێمانگوت بۆ لەدەرەوەی رێنمایی خەڵک دادەمەزرێنی؟".

عومەر عینایەت دەڵێ بابەتەکە تەنیا ئەو لیستانە نین، زۆر لیست و کاری دیکەی لەم شێوەیە هەیە "لە 420 هەزار مووچەخۆری وەزارەتی پێشمەرگە چەندی دیارە و چەند پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕدایە، ئەگەر ئەو 420 هەزار پێشمەرگەیەمان هەبووایە، ئێستا لە شنگال دەبووین".

هیچ کاتێک پەیوەندی نێوان گۆڕان و یەکێتی نەگەیشتووەتە دۆخێکی ئاسایی و تەنیا بۆ ماوەیەک شەڕی راگەیاندنی ئەو دوولایەنە بەرامبەر یەک خاو بووەتەوە، بەڵام وەک پەرلەمانتارانی گۆڕان و یەکێتی بۆخۆشیان دانی پێدا دەنێن، ئەو شەڕەی ئێستا ئاسەواری خراپتر بەدوای خۆیدا جێدەهێڵێت لەسەر یەکێتی و گۆڕان، بەتایبەتی کە هێشتا نەیانتوانیوە پرسی پارێزگاری سلێمانی یەکلایی بکەنەوە.

سەرۆکی دەستەی نەزاهە، وەڵامی ئەو رەخنانە دەداتەوە کە ئاراستەیان دەکرێت "ئێمەش لای خۆمانەوە سەرقاڵی هەندێک لیست و ناوی لەو جۆرەین، بەڵام مەرج نییە هەمووی لە دەرەوەی یاسا کرابێت و کاری ئێمەش بۆ ئەوە نییە لایەنێک دژی لایەنەکەی دیکە بەکاری بهێنێت".

د.ئەحمەد ئەنوەر، هەروەها دەڵێ "لەگەڵ داواکاری گشتی قسەمان کردووە و دوای لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنی ئەو لیستانەی لەبەردەستمانە، کۆنگرەی رۆژنامەوانی دەبەستین و هەر شتێک هەبێت روونی دەکەینەوە".

سەرۆکی دەستەی نەزاهە پێیوایە مەسەلەکە تەنیا لیستێک و دووان نییە "لە 2003وە خەڵک خانەنشین دەکرێت، بەڵام کاری ئێمە ئەوەیە یاسایی و نایاساییەکان لەیەک جیابکەینەوە، نەک بە هەڕەمەکی بڵاوی بکەینەوە".

## ئەڵمانیا سێ کەشتی چەک بۆ پێشمەرگە دەنێرێت



**ڕووداو- بەرلین**

یورسولا ڤان درلین، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ فرانک والتەر شتاینمایەر، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی رایگەیاند کە ئەڵمانیا بڕیاری ناردنی سێ کەشتی پڕچەک و تەقەمەنی داوە بۆ هەرێمی کوردستان. وەزیری بەرگری ئەڵمانیا راشیگەیاند کە لەناو ئەو چەکانەدا 30 سیستمی موشەکی دژەتانک و ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و زیاتر لە هەشت چەکی پێشکەوتوو و چەندین ئامێر و کەلوپەلی سەربازی دیکە هەن. درلین لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا ئاماژەی بەوەشدا کە نزیکەی چوار هەزار پێشمەرگە دەتوانن زۆر بەباشی لەسەر ئەو چەک و کەلوپەلانە سوودمەندبن و بەکاریبهێنن دژی داعش.

ڕووداو
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

### د.نوری عوسمان، نوێنەری سەرۆکی حکومەت بۆ ئاوارەکانی شنگال:

# ژمارەیەکی زۆر وێنە و ڤیدیۆی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکانمان دەستکەوتووە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بە فەرمانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نووسینگەیەکی تایبەت بە ئاوارەکانی شنگال لە دهۆک کرایەوە. د.نوری عوسمان بەرپرسی ئەو نووسینگەیە لە رێگەی (ڕووداو) رایگەیاند کە ئاوارەکان لە ماوەیەکی نزیکدا دەگەڕێنەوە شنگال.

د.نوری عوسمان، باسی ئامانجەکانی کردنەوەی ئەو نووسینگەیەی کرد و گوتی "رووداوەکانی شنگال کارەساتێکی زۆر گەورەیە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە هەموو روویەکەوە بەدواداچوون بۆ ئەو کارەساتە دەکات، بۆیە بڕیاری کردنەوەی ئەو نووسینگەیەی دا". گوتیشی "من بە بەردەوامی راپۆرت لەسەر رەوشی ئاوارەکان لە دهۆک و شارەکانی دیکە و چیای شنگال ئامادە دەکەم و بۆ سەرۆکی حکومەتی دەنێرم".

ئەو نووسینگەیە چەند رۆژێک بوو بەشێوەیەکی کاتی دەستبەکاربووبوو لە دهۆک، بەڵام رۆژی 2014/8/31 بەفەرمی لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بڕیاری کردنەوەی درا.

د.نوری دەڵێت "لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر خەتین و رەوشی ئاوارەکانیان بۆ روون دەکەینەوە، بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن".



سەبارەت بە ژمارەی ئاوارەکانی شنگال د.نوری گوتی "ئامارێکی دروستمان لەبەردەستدا نییە، ئاوارەکان پەرتوبڵاوبوون، هەندێکیان چوونەتە شاری هەولێر، هەندێکیان لەماڵی کەسوکاریان ماونەتەوە، نزیکەی 7 هەزار کەسیش هێشتا لەسەر چیای شنگال ماون، نزیکەی 5 هەزار کەسیش لەناو شنگال و گوندەکانی سەر بەشنگال ماون، بەردەوام ئێمە خواردن و خواردنەوەیان بۆ دەنێرین، ئەوانە دەیانەوێت لەوێ بمێننەوە، بەشێک لەوانە مەڕوماڵاتیان هەیە و نایانەوێت بەجێی بهێڵن".

سەبارەت بە ژمارەی کوژراوەکان و چارەنووسیان، د.نوری گوتی "تاوەکو ئێستا کەس نازانێت بە دروستی چەند کەس کوژراون، خەڵک بە کۆمەڵ کوژراوە، بەساڵێکیش ژمارەی دروستی کوژراوەکانمان بۆ روون نابێتەوە، چونکە بەدەیان کەس تا ئێستا بێ سەروشوێنن و کەس نازانێت چارەنووسیان چییە".

### کوردی موسڵمانیش لە شنگال کۆمەڵکوژ کراون

جگە لە کوردی ئێزیدی، موسڵمانەکانی شنگالیش بەکۆمەڵ کوژران. د.نوری عوسمان دەڵێت "بەڵگەمان لەلایە نزیکەی 100 کوردی موسڵمانی ناو شنگال بەکۆمەڵ کوژراون، داعش هیچ جیاوازییەک لە نێوان کوردی موسڵمان و کوردی ئێزدی ناکات".

هەروەها گوتی "بۆ ناساندنی ئەو رووداوانە بە جینۆساید، ئێمە دەستمان بە کۆکردنەوەی بەڵگە کردووە، ژمارەیەکی زۆر وێنە و ڤیدیۆمان لەسەر ئەو کۆمەڵکوژییە کۆکردووەتەوە".

نوێنەری تایبەتی سەرۆکی حکومەت، لە رێگای (ڕووداو)ەوە مژدە دەداتە خەڵکی شنگال و کوردستان کە بەزووترین کات شنگال کۆنترۆڵ دەکەنەوە "لە کاتێکی نزیکدا، سەرجەم سنووری شنگال کۆنترۆڵ دەکەینەوە و خەڵک دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان".

لەبارەی ئەوەی کە ئایا هێزەکانی PKK و YPG رێگر نابن لە هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر شنگال. د.نوری عوسمان گوتی "ئێمە دەستبەرداری یەک بستی خاکی کوردستان نابین و قبوڵ ناکەین کەس رێگری لە ئێمە بکات، ئێمە خۆمان خاکی خۆمان کۆنترۆڵ دەکەینەوە، ئەوە بڕیاری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتە".

بەقسەی د.نوری ئەو نووسینگەیە کاتی دەبێت و نابێتە رێگر لە کارەکانی پارێزگاری دهۆک "راستە نووسینگەکەمان کاتییە، بەڵام هەتا پاشماوەی ئەو رووداوانەش مابێت ئێمە بەردەوام دەبین، وەک کاری ئیدارەدانی کەمپەکان، پارێزگای دهۆک بەردەوام دەبێت و ئێمەش دەبینە هاوکاری ئەوان".

سەبارەت بە قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆک کە زیاتر لە 600 قوتابخانە ئاوارەیان تێدایە، د.نوری گوتی "رەنگە پرۆسەی خوێندن لە دهۆک دوابکەوێت، بەڵام خوێندنی قوتابیان بە فیڕۆ ناچێت، هەوڵدەدەین لە زووترین کات ئاوارەکان لە کەمپەکان جێ بکەینەوە".

# ئەمریکا: سیاسەتمان بەرامبەر فرۆشتنی نەوتی کوردستان نەگۆڕاوە

**پەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتن**

سەرەڕای قەیرانی عێراق و بڕیاری دادوەرێکی ئەمریکی لەسەر ئازادکردنی کەشتییە نەوتێکی کوردستان لە نزیک کەناراوەکانی ئەمریکا. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە سیاسەتی واشنتن لەبەرامبەر هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی کوردستان نەگۆڕاوە.

حکومەتی عێراق ئەو کەیسەی دۆڕاند کە پێشکەشی دادگایەکی ئەمریکای کردبوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەشتییە نەوتێکی کوردستان لەسەر بنەمای ئەوەی کە بە قاچاخ هەناردەکراوە، بەڵام دادوەرێکی قەزایی ئەو داوایەی رەتکردەوە.

"بەڵێ بێگومان، راپۆرتەکانمان بینیوە لەسەر بڕیاری دادگا". جێن کسێکی، گوتەبێژی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وایگوت.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە پرێس کۆنفرانسی رۆژانەیدا گوتی "بەشێوەیەکی گشتی، دەبێت قسە لەگەڵ ئەو لایەنانە بکەن کە پەیوەندییان بە کەیسەکەوە هەیە. وەک دەزانن، ئەمە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانییە. حکومەتی ئەمریکا پەیوەندی پێوە نییە". گوتیشی "هەڵوێستی ئێمە نەگۆڕاوە. روون و ئاشکرا بووین لە هەڵوێستەکانماندا."

ئەمریکا دانپێدانان بە فرۆشتنی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەتدەکاتەوە و بەردەوام داوا لە هەولێر و بەغدا دەکات میکانیزمێکی هاوبەش بۆ هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بدۆزنەوە.

ئەمریکا دەترسێ کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردنی نەوت و بوونی داهات هانی کورد بدات بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی.

بەپێی راپۆرتی میدیاکان، کۆشکی سپی فشاری خستووەتە سەر وڵاتانی دیکە، بۆ رەتکردنەوەی هەر کەشتییەک کە نەوتی کوردستانی پێبێت بەبێ رەزامەندی بەغدا.

بەڵام هەفتەی رابردوو گرەی میلەر، دادوەرێکی شاری هیوستن کەیسێکی رەتکردەوە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێشکەشی کرا بوو لەدژی کەشتییە نەوتێکی کوردستان. ئەو دادوەرە گوتی "هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بەبێ رەزامەندی بەغدا لە رێگەی وشکانی و ئاوەوە رەنگە پێشێلکاری بێت لە یاسای عێراق،



بەڵام پێشێلی یاسای ئاوەکانی ئەمریکا ناکات".

ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەو بڕیارەی دادگای تەکساس کرد و گوتی "خۆشحاڵین بە بڕیارەکەی دادگای تەکساس. دەبێت ئەو بڕیارە ورەی کڕیارەکانی نەوتی کوردستان لە ئەمریکا و شوێنەکانی دیکە بەرزبکاتەوە."

هەورامی گوتیشی "بە هیوایین بڕیارەکە هێمایەک بێت بۆ کۆتایی هاتنی هەوڵی دەرەکی لە دەستوەردان لە مافە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی بەرهەم دەهێنێ و هەناردەی دەکات و دەیفرۆشێ بەپێی مافەکانی خۆی وەک لە دەستووری عێراقدا دیاریکراوە و لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا چەسپاوە".

کاتێک پرسیاری لێکرا لەبارەی سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرامبەر فرۆشتنی نەوتی کوردستان سەرەڕای رووداوەکانی ئەمدواییە وەک هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، گوتەبێژەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتی "لە تێڕوانینی ئێمەوە رووداوەکانی ئەم چەند هەفتەیەی رابردوو بە روونی ئەوە نیشان دەدات کە دەبێت هەموو لایەک رێگەچارەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەم کێشەیە."

حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە چەند ساڵی رابردوودا لە ناکۆکی و تەنگژەدان لەسەر ئەوەی کام لایەن دەسەڵاتی هەبێت بەسەر فرۆشتنی نەوتی کوردستان، هەردوولا بانگەشەی سەروەریی تەواو دەکەن بەسەر نەوتی هەرێمی کوردستانەوە.

بەپێی گوتەی بەرپرسانی کورد، لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژەکەی پێشخاپوور کە لە قۆناغی کۆتاییدایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە توانایدا دەبێت 200 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات.

پساکی داوای لە هەولێر و بەغدا کرد کێشەی نەوت چارەسەر بکەن کە بابەتی سەرەکی دانوستاندنەکانی نێوان وەفدی کوردییە لە بەغدا لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی تازە دەستنیشانکراو.

"داوا لە حکومەتی فیدراڵی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بە پەلە بگەنە رێککەوتنێک لەسەر چۆنیەتی رێکخستنی سەرچاوەکانی وزە و بەرەوپێشچوون لەم بوارەدا" پساکی وایگوت.

لە ناوەڕاستی مانگی ئاب حەوتەمین کەشتی کە نەوتی کوردستانی هەڵگرتبوو بەندەری جەیهانی تورکیای جێهێشت. بەپێی وتەی وەزیری وزەی تورکیا تانەر یەڵدز، حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی هەشت ملیۆن بەرمیل نەوتی لەڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانیەوە رەوانەی بەندەری جەیهان کردووە.

سەرکردەکانی کوردستان هەناردەکردنی نەوت لە رێگەی تورکیاوە وەک مەسەلەیەکی ستراتیژی دەبینن. ئەنقەرە گرێبەستێکی وزەی چەند ملیار دۆلاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا کردووە کە بەشێک لەو گرێبەستە بنیاتنانی بۆرییەکی دیکەیە بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ تورکیا لە چەند ساڵی داهاتوودا.

# گۆڕان: ئیسلامییەکان راستگۆ نەبوون لەگەڵمان

### یەککگرتوو: خەڵک هەڵە لە پێشنیازە تازەکەمان گەیشتوون



**ئەرکان عەلی**
**ڕووداو- سلێمانی**

پێکهێنانی حکومەتی لۆکاڵی لە سلێمانی، بووەتە گرێکوێرە بۆ هەموو ئەو لایەنانەیە کە پێش چوار مانگ خەڵک بە شەوقەوە لەسەر سندوقەکان دەنگی پێدان، یەکێتی و گۆڕان بەدەست کورسییەکەی پارێزگارەوە گیریان خواردووە و ئەوانی دیکەش بەدەست یەکێتی و گۆڕانەوە.

رۆژی پێنجشەممە وادەیەکی دیکەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییە، ئەو ئەنجوومەنەی کە لە پێنج دانیشتنی رابردوودا تەنیا ئەوەی پێکراوە دوو هەفتەی دیکە بۆ درێژکردنەوەی ناکۆکییەکانی دوو هێزی براوەی یەکەم و دووەم زیاد بکات و پێناچێت ئەو جارەش بگەنە رێککەوتن.

رۆژی شەممەی رابردوو وەفدێکی هاوبەشی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی ئەمیندار و ئەمیری هەردوو پارتەکە لەهەولێر بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئیدارەی نوێی سلێمانی کۆبوونەوە و دواتر رایانگەیاند کە پشتگیری لەکاندیدی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان دەکەن، بەڵام بەشێک لە خەڵک و تەنانەت بزووتنەوەی گۆڕانیش وا تێگەیشتوون کە مەبەستی ئەوان کاندیدێک بێت نە یەکێتی بێت و نە گۆڕان، بزووتنەوەی گۆڕان تووڕەیی خۆی لەم هەڵوێستە ناشارێتەوە، بەڵام سەرۆکی لیستی خزمەت دەڵێت "خەڵک بەهەڵە لە پێشنیازە تازەکەمان تێگەیشتوون".

مەهدی مەحموود، سەرۆکی لیستی خزمەت لە پارێزگای سلێمانی کە لیستی هاوبەشی دوو پارتە ئیسلامییەکەیە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "مەبەستی ئێمە لەو راگەیەنراوە دووپاتکردنەوەی هەمان پێشنیازی رابردوومانە کە یەکێتی و گۆڕان لەسەر پرۆژەیەک یان هەر دوو ساڵ جارێک پارێزگار لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا دابەش بکرێت، یان خۆیان رێکبکەون لەسەر رێگەچارەیەکی دیکە، بەڵام بەو مەرجەی هیچ لایەکیان لەدەرەوەی ئەنجوومەنەکە نەبن". گوتیشی " بەڵام وادیارە گۆڕان بەهەڵە لە پێشنیارە نوێیەکەمان گەیشتووە".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە ماوەی 22 ساڵە ئیدارەی شاری سلێمانی بەدەستەوەیە، لەدوایین هەڵبژاردندا بە بەدەستهێنانی 11 کورسی و بەجیاوازیی کورسییەک لەگەڵ گۆڕان، بۆ جاری یەکەم کەوتە دوای ئەو بزووتنەوەیە، بۆ پێشنیازە نوێیەکەی لیستی خزمەتیش رەزامەندی دەردەبڕێت، بەڵام بەمەرج.

شۆڕش ئیسماعیل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە هاوکات ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئەو حیزبەشە، بە (ڕووداو)ی راگەیاند "چەند رۆژێکە بە چڕی لەنێو خۆماندا دەستمان کردووە بە کۆبوونەوە و بەو زووانەش لەسەر رێگەچارەیەک لەگەڵ گۆڕان رێکدەکەوین، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە دوو ساڵی یەکەم پارێزگار لەلای ئێمە بێت".

بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا بەڵێنی بەخەڵک دابوو کە دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر دەکاتە پارێزگاری سلێمانی، بەڵام ئێستا لە دۆخێکی ناهەمواردایە بەرامبەر بە دەنگدەرەکانی، بۆیە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە لانیکەم دوو ساڵی یەکەمی پارێزگار لای ئەو بێت.

ئاکۆ حەمەکەریم، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری گۆڕان نیگەرانیی بزووتنەوەکەیانی لە دواکەوتنی پێکهێنانی ئیدارەی سلێمانی نەشاردەوە و گوتی " پێشتر ئیسلامییەکان سوور بوون لەسەر ئەوەی هەرلایەک لەگەڵ پرۆژەکەی ئەواندا بێت دەنگی پێبدەن، ئێمە رازی بووین، بەڵام ئەوان قسەی خۆیان نەبردە سەر و هاتوون پرۆژەیەکی نوێیان هێناوەتە ئاراوە".

لە بارەی وەڵامی ئەوان بۆ پێشنیازە نوێیەکەی لیستی خزمەت، دکتۆر ئاکۆ گوتی، سبەی یان دوو سبەی کۆبوونەوەی خۆمان دەکەین و بڕیار دەدەین.

هاوکات کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان، نیگەرانیی توندی بزووتنەوەکەیانی لە ئیسلامییەکان دەربڕی و گوتی " زۆر بەداخەوە ئێستا هەست دەکەین یەککگرتوو و کۆمەڵ هەموو ئەو بەڵێنەی کە بەخەڵک و بە ئێمەشیاندا بەس قسە بوو، خاوەنی پەیمانی خۆیان نەبوون و بەشێکن لە درێژە پێدەری هەمان سیاسەتی قۆرخکاریی 22 ساڵەی یەکێتی، ئەگەرنا یان ئێمە سەربخەن یان ببنەوە بە دۆستی یەکێتی و ئەوکات ئێمەش قسەی خۆمان بۆ خەڵک دەکەین".

سنووری پارێزگای سلێمانی 80 پۆستی ئیداری هەیە کە دەبێت لە گفتوگۆکانی نێوان پارتە سیاسییەکاندا یەکلایی ببنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا جگە لە پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەن لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا، هێشتا باسی هیچ پۆستێکی دیکە نەکراوە، تەنانەت لیستەکانی دیکە بۆیان روون نەبووەتەوە بەرامبەر بە چ پۆستێک دەنگ بە یەکێتی یان گۆڕان بدەن.



ڕزگاربوویەکی کۆمەڵکوژیی کۆچۆ:

# داعش پارە و زێڕی گوندەکەی کۆکردەوە و دەستی بە کۆمەڵکوژی کرد

**یوسف ئەحمەد و بەرەکات عیسا**
**رووداو- دهۆک**

ئەو دیمەنانەی ئیلیاس سالح باسی دەکات، کە چۆن رزگاری بووە لە کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کۆچۆ، زیاتر لە دیمەکانی نێو فیلمێکی هۆلیوود دەچێت کە پاڵەوانەکەی هەر لە سەرەتای فیلمەکەوە بکەوێتە دەست باندێکی کوشتن، بەڵام نابێت بمرێت تاوەکو کۆتایی فیلمەکە.

ئیلیاس سالح، تەمەن 30 ساڵ، دانیشتووی گوندی کۆچۆیە، ئەو گوندەی کە 420 کەس لە دانیشتوانەکەی بە یەکجار لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژران. ئیلیاس یەکێک بوو لەوانەی ریزکرابوو بۆ ئەوەی بکوژرێت، بەڵام ئەو بە "موعجیزە" بە بریندار لەگەڵ دوو کەسی دیکە لەو کۆمەڵکوژییە رزگاری بوو.

ئیلیاس رووداوەکانی بەر لە کۆمەڵکوژییەکە بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "شەوی چوارشەممە چەکدارانی داعش هاتنە گوندەکە و چوونە دیوەخانی سەرۆکی عەشیرەتەکەمان و پێیانگوتن تاوەکو رۆژی هەینی دەرفەتتان دەدەینێ ببنە موسڵمان، ئەگەر نا دوایی خۆتان بەرپرسیار دەبن".

خەڵکی گوندەکە هەڕەشەکەیان بە ئاسایی وەرگرتووە تاوەکو ئەوکاتەی چەکدارانی داعش جارێکی دیکە گەڕاونەتەوە گوندەکە. وەک ئیلیاس دەڵێت "چەکدارانی داعش رۆژی هەینی گەڕانەوە گوندەکە و داوایان لە خەڵکی گوند کرد کە هەموویان لە قوتابخانەی گوندەکە کۆببنەوە، بەڵام پێشتر پێیانگوتین هیچ لەگەڵ خۆتان مەهێنن، جگە لە پارە و زێڕ و ناسنامەکانتان".

ئینجا ئەمیری چەکدارەکان روو لە خەڵکەکە دەکات و دەڵێت "جەماعەتی شێخ ئەحمەد جاسم (ئاغای گوندەکە) ئێوە نەبوون بە موسڵمان، لە کاتێکدا پێشتر ئێوەمان ئاگادار کردبووەوە، بەڵام ئێوە سەربەستن دەبنە موسڵمان یان نا". وەک سالح دەڵێت "خەڵکەکە ئاهێکیان بەبەرداهاتەوە و بە ئەمیرەکەمان گوت: (بارک الله بیک)".

پاشان ئەمیرەکە بە خەڵکەکە دەڵێت "دەتوانن بڕۆن بۆ لای کەسوکارەکانتان لە چیای شنگال، بەڵام هەرچی پێتانە لە زێڕ و پارە و مۆبایل بیهێنن لێرە دایبنێن". خەڵکەکە ئەوەی هەیانبوو تەسلیمی داعشیان کرد، بەو ئومێدەی رێگەی رۆیشتنیان پێبدەن.

بەپێی قسەی ئیلیاس، تەنیا 5 — 6 خێزانێک لەو گوندە رزگاریان بووە، ئەوانیش پێش هاتنی داعش گوندەکەیان جێهێشتبوو.

خەڵکەکە دەکرێن بە گرووپ گرووپ. ئەو گرووپەی ئیلیاس یەکەم گرووپ بووە لە قوتابخانەکە هاتووەتە دەرەوە بۆ ئەوەی بەرێبکەون بۆ چیای شنگال "کە هاتینە دەرەوە بارهەڵگرێک لە جۆری کیا لە بەردەرگای قوتابخانەکە بوو، گوتیان زوو سەربکەون. بەڵام کاتێک بینیمان ئۆتۆمبێلەکە لای دا بۆ گوندی سیبا، یەکسەر گوتمان ماڵمان وێران بوو".

دوای ئەوەی لە ئۆتۆمبێلەکە دایاندەبەزێنن و ریزیان دەکەن، خۆیان لەبەردەم وێنەگرێک و چەند چەکدارێکی ریشدار دەبیننەوە "کە وێنەیان گرتین زانیمان دەمانکوژن". پێشبینییەکەی راست دەرچوو، زۆری نەبرد کەسێکی دەمامکدار گوتی "ارمی".

لەگەڵ فەرمانی کەسە دەمامکدارەکە، گوللە وەک باران بەسەریاندا دەبارێت. ئیدی هاوار و رۆڕۆی بریندارەکان ئەو ناوە پڕدەکات، بەڵام چەکدارەکان هەر بەوە ناوەستن و بە دەمانچە ئەو کەسانە بێدەنگ دەکەن کە لەبەر ئازاری برینەکانیان ناڵە ناڵیان بوو.

ئیلیاس دوو گوللەی بەردەکەوێت، یەکێکیان بەر کەلەکەی و ئەوی دیکەشیان سەرچیخ بە سەری دەکەوێت، بەڵام ئەو خۆی وا نیشان دەدات کە مردووە "نزیکەی 15 خولەک خۆم بێدەنگ کرد، دواتر کە سەرم هەڵبڕی، بینیم کەس لەو ناوە نەماوە، بە نێو پەرێزێک لەسەر سک خشام تاوەکو خۆم گەیاندە پەنا گردێک، دواتر خۆم گەیاندە نێو بێستانێک، دوو کەسی دیکەشم لەگەڵ دابوو، بەڵام یەکێکیان بەهۆی سەختیی برینەکەی بەجێما، نازانم چی بەسەرهات".

ئیلیاس بەردەوام دەبێت لە رۆیشتن "گەیشتینە گەلی مێرکا، یەکێک لە بریندارەکان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە رزگار کرا، ئێمەش بەردەوام بووین لە رۆیشتن و نزیکی گوندێکی عەرەب بووینەوە، بەڵام گوتیان نەیەن بۆ لای ئێمە، نەوەک داعش بزانێت و دواتر بمانکوژێت". بۆیە ئیلیاس و بریندارەکەی دیکە خۆیان لە ژێر پووش و پەڵاش دەشارنەوە تاوەکو رۆژ ئاوادەبێت.

کە دنیا تاریک دادێت، دووبارە دەست دەکەنەوە بە رۆیشتن "هەر رۆیشتین تاوەکو گەیشتینە گوندی حاتەمی"، دواتر بە گوندەکانی تەل قەسەب، نەوالی، شێخۆدا رۆیشتوون تاوەکو گەیشتوونەتە گوندی هەمەدان، لەوێ ویستوویانە بچنە گوندەکە، بەڵام ترساون داعشی لێبێت، پاشان چوون بۆ کۆمەڵگەی سولاخ، بەڵام لەوێش دەنگی تەقە دێت و ناوێرن بچنە ناو کۆمەڵگەکە. دواجار بڕیار دەدەن بچنە لای بورجەکان لەسەر جادەی شنگال — تەلعەفەر.

ئیلیاس و بریندارەکەی دیکە دواتر خۆیان دەگەیەننە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە گوندی قنێ و رزگاریان دەبێت، ئینجا دەگوازرێنەوە بۆ نەخۆشخانە.



# داعش دەستی لە موسڵمانانی شنگالیش نەپاراستووە

**یوسف ئەحمەد**
**رووداو- دهۆک**



بەیدا ژنێکی موسڵمانی خەڵکی شنگالە، بەبەرچاوی خۆی و پێنج لە منداڵەکانیەوە کە هەموویان تەمەنیان کەمترە لە 11 ساڵ، چوار کەس لە خێزانەکەیان گوللەباران دەکرێن لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، خەسووشی بەجەڵتە گیان لەدەستدەدات، خۆشکی هاوسەرەکەشی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە دەبردرێت.

بەیدا ئیدریس کە هەشت کەس لەخێزانەکەی لەو ماوەیەدا لەدەستداوە، لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی چیرۆکێکی پڕ لە تراژیدی دەگێڕنەوە کە بەسەر خێزانەکەیان هاتووە.

بەیدا دەڵێت ئەو بەیانییەی چەکدارانی داعش هاتنە نێو شنگال، برای هاوسەرەکەی تەلەفۆنی بۆ کردوون کە دەبێت ئەوانیش وەکو کوردی ئێزدی شارەکە جێبهێڵن. ئەوان هەرچەندە موسڵمانن، بەڵام ئاینزاکەیان شیعەیە و ئەگەر ئاشکرا ببن چەکدارانی داعش دەستیان لێناپارێزن.

بەیدا تەلەفۆنێک بۆ هاوسەرەکەی دەکات کە پۆلیس بووە لە شاری شنگال و ناوی محەممەدە، کاتێک محەممەد دەگاتەوە ماڵەوە، دەڵێت لێرە ناڕۆین، بەڵام براکەی رازی نابێت و ئەویش ناچار بەدوای براکەی دەکەوێت.

بەڵام کاتێک دەیانەوێت لە شنگال دەربچن، تووشی چەکدارەکانی داعش دەبن و داوایان لێدەکەن دابەزن. ئەحمەد دەڵێت "لەوێ چەکدارێکی داعش بە مامی گوت تۆ ئەفسەری پۆلیسی، بەڵام مامم رەتیکردەوە، چەکدارەکە دوو گوللەی لە قاچی مامم داو کەوتە سەر زەوی".

بەیدا قسەکانی پێدەبڕێت و دەڵێت "شووبراکەم لەو کاتەدا دەمانچەیەکی لە نێو جانتای دایکی دەرهێناو تەقەی لە چەکدارەکان کرد، یەکێکیانی کوشت و یەکێکیشی بریندار کرد، چەکدارێکی داعش یەکسەر خێزانی شووبراکەمی دایە بەر دەستدرێژی گوللە و کوشتی، بەڵام شووبراکەمی هێنایە بەرچاوی هەمووان دەستڕێژی گوللەی لێکرد".

ئینجا ئەحمەد دەست بە قسە دەکاتەوە و دەڵێت "مامێکی دیکەم کە ئەویش لەگەڵمان بوو، ویستی بەرگری لە براکەی بکات تاوەکو نەیکوژن، بەڵام چەکدارەکەی داعش گوللەیەکی لەنێو چەوانی دا و کوشتی".

چەکدارەکان ئەمجارە تووڕەیی خۆیان بەسەر باوکی ئەحمەد خاڵی دەکەنەوە. ئەحمەد دەڵێت "داعشەکان دوو گوللەیان لە باوکم دا و برینداریان کرد، دواتر بە چەکەکانیان هەڕەشەیان لێکردین کە ئەو شوێنە جێبهێڵین، بەڵام من نەمدەتوانی باوکم جێبهێڵم، باوکم زۆر پاڕایەوە کە خۆم رزگار بکەم، بەڵام من نەڕۆیشتم، دواتر چەکدارێکی داعش هات و منی لە باوکم دوورخستەوە".

ئەحمەد دەڕوات، بەڵام دەنگی چەند گوللەیەک دەبیستێ و ئاوڕ دەداتەوە دەبینێت چەکدارەکان باوکی گوللەباران دەکەن "بە چاوی خۆم بینیم مێشک لە سەری باوکم هاتە دەرەوە، قەت لەبیری ناکەم".

بەیدا دێتە سەر باسی خەسووی و دەڵێت "خەسووم جەڵتەی دڵ لێیدابوو، کاتێک ئەو کارەساتانەی بینی دووبارە جەڵتە لێیدا و مرد، زۆر هەوڵم دا بە هاواریەوە بچم، بەڵام چەکدارانی داعش نەیانهێشت، گوتیان بڕۆن لێرە نەمێنن با ئێوەش نەکوژین".

چەکدارەکان هەر بەوەندە نەوەستاون، وەک بەیدا گوتی "کاتێک بینییان کچێکمان لەگەڵدایە، گوتیان بوەستن، پەنجەیان بۆ خوشکی هاوسەرەکەم درێژ کرد و گوتیان لەگەڵمان وەرە، زۆر هەوڵماندا، بەڵام سوودی نەبوو.. لەگەڵ خۆیان برد".

بەیدای دایکی ئەحمەد هەشت کەسی لە نزیکەکانی لەدەستدا، چونکە دوای ئەوەی لەو رۆژەدا شەش کەسی لەماڵی هاوسەرەکەی لەدەست دا، دوای سێ رۆژ هەواڵی بۆ دێت کە دایک و باوکیشی کوژراون.

ئەو ژنە بە دەردەسەرییەکی زۆرەوە خۆی دەگەیەنێتە ماڵە خزمێکیان لە موسڵ، بەڵام دەزانێت ئەوێ بۆ کەسێکی وەکو ئەوی شیعە مەزهەب دەستنادات، بۆیە خۆی دەگەیەنێتە شاری دهۆک.

ئەو ئێستا خۆی و پێنج منداڵەکەی لە شاری دهۆکن. بەیدا کە دووگیانە، دەڵێت ئەگەر کوڕی ببێت ناوی لێدەنێت عەلی، ئەگەر کچیشی ببێت ناوی لێدەنێت زەینەب کە ئەو دوو ناوە لەلای شیعەکان زۆر پیرۆزن.

بەیدا زۆر پەسنی خەڵکی شاری دهۆک دەدات و دەڵێت زوو بەهانایەوە چوون، بەڵام ئەو نایەوێت لەوێ بمێنێتەوە و حەز دەکات بە زووترین کات شنگال ئازاد بکرێت و ئەویش بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی.

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

## ئێران وەرزشوانێکی کورد زیندانی دەکات



**ڕووداو- ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

وێنەگر و وەرزشوانیکی کورد، دوای دوو مانگ لە دەستگیرکرانی، دەزگای قەزایی حکومەتی ئیسلامی ئێران حوکمی یەکساڵ زیندانی بۆ بڕاندەوە. فاتێح محەممەد خوسرەوی، تەمەن 31 ساڵ لەلایەن دادگای ئینقلابی مەهابادەوە کە بەتۆمەتی "بانگەشە دژی حکومەت" و "لایەنگری لە یەکێک لەحیزبە کوردییەکان" لەلایەن ئیتلاعاتەوە دەستگیرکرابوو، لەلایەن دادگای ئینقلابی حکومەتی ئێرانەوە بە ساڵێک زیندانی حوکمدرا.

خەڵکی قادر کەرەمە

# "ئەمیری کەتیبە کوردستانیەکانی قاعیدە لە سنە دادەنیشێ"



**ئومێد بەرین**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرەڕای جموجوڵ و خۆدەرخستنی چەند کەسێک کە پشتیوانییان لە چالاکییەکانی چەکدارانی داعش کردووە، بەڵام مامۆستایەکی ئاینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت داعش مەترسی نییە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە هیچ ڕێبەرێکیان لە ناوچەکەدا نییە کۆیانبکاتەوە.

ماوەیەکە هەوادارانی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان بە چالاکی کردووە، بەڵام چالاکییەکانیان نەگەیشتووەتە ئاستی ئەو چالاکیانەی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەیکەن. ئەوان تاوەکو ئێستا تەنیا توانیویانە ئاڵای ڕەشی داعش لەچەند شوێنێک بەرزبکەنەوە.

بەگوتەی سەرچاوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە هەندێ لە شارەکاندا سەلەفییەکان بۆ نیشاندانی پشتیوانیی خۆیان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) خۆیان دەرخستووە. لە مزگەوتی ساڵحاوا لە شاری سەقز، لە کاتی هێرشەکانی داعش و پێشڕەوییەکانیان لە باشووری کوردستان، شیرینییان دابەشکردبوو.

شاهیدحاڵێک لە شاری مەهابادەوە بە (ڕووداو)ی گوت "لایەنگرانی داعش لە گەڕەکی پشتەپ و بەری شیلان هەڕەشەیان لە خەڵک کردووە کە بەشداری لە کەمپینی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکانی شنگال نەکەن". بە گوتەی هەمان سەرچاوە، ئەو کەسانە بە خەڵکیان گوتووە کە ئێزدییەکان کافرن و ئیمانیان بە ئاینی ئیسلام نەهێناوە، هەربۆیە مەحکومن بە مەرگ.

سەرەڕای ئەو چالاکیانە، بەڵام مامۆستایەکی ئاینی لە شاری سنە بە (ڕووداو)ی گوت کە داعش مەترسی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، چونکە پێگەیان بەهێز نییە و ئەوانەشی هەن کەس نییە ڕێبەرایەتییان بکات.

ئەو مامۆستا ئاینییە کە بەرپرسیارێتی لە نێوەندە ئاینییەکانی ئێراندا هەیە و لەبەرئەوەش نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیسلامییە توندڕەوەکان هەن، بەڵام ژمارەیان بەو شێوەیە نییە کە باس دەکرێت و هیچ ڕێبەرێکیان نییە، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشیان بە داعشەوە نییە، تەنیا ئەو بارودۆخەی ئێستا هانیداون خۆیان دەربخەن". گوتیشی "ئەوانەی خۆیان دەردەخەن زیاتر خەڵکی هەژارن و لە مزگەوتەکانی قەراخ شارەکان پەروەردەکراون".

ئیسلامییەکانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشبوون، لەوانەش بەرەی دەعوە و ئیسلاح کە دەگوترێ لە ئیخوان موسلیمین نزیکن. هەروەها جەماعەتی ئەحمەد موفتی زادە. سەلەفیەکانیش بەرەیەکی دیکەن.

سولەیمان مەنگوڕی کە ئەندامی دەعوە و ئیسڵاحە لە شاری مهاباد، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوانە تەنیا دەیانەوێ خەڵک بترسێنن و خۆیان نیشان بدەن، هیچ پێگەیەکیان لەناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە".

موختار هۆشمەند، توێژەری ئیسلامی سیاسی سەبارەت بە مێژووی سەلەفیەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت، بەگشتی مێژووی سەلەفیەتی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوکات کە فکری جیهادی لە ئەفغانستان گەشە دەکات، بەڵام ئەو فکرە کاتێک گەشەی کرد کە چەکدارانی ئەنسارولئیسلام لە باشووری کوردستان دەرپەڕێندران و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پشت گوندی سەرگەت لە هەورامان سەربازگەیەکی بۆ کردنەوە بەناوی سەیدولسەلام "لەوێ گەنجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆدەکرانەوە و مەشقی سەربازییان پێدەکرا". هۆشمەند دەڵێت "تا ئەوکاتە هیچ ڕێکخراوێکی سەلەفی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو".

بەپێی قسەی ئەو شارەزایە، لە کۆتاییەکانی ساڵی 2003دا بە هاوکاری کەتیبەی فەتح و ئەنسارولئیسلام، کەتیبەکانی کوردستان لەنێو ڕێکخراوی قاعیدە پێکهات کە ژمارەیەک کوردی لەخۆدەگرت و چەند بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە.

موختار هۆشمەند سەبارەت بە بزاوتە سەلەفیەکانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت "زۆر سروشتییە بەشێک لە ئەندامانی کەتیبەکانی کوردستان لە نێو ڕێکخراوی قاعیدە جیابووبنەوە و ئێستا لە نێو داعشدا بن، بەڵام ئەوە جوڵانەوەیەکی تازەیە و زۆربەی ئەو کەسانەش کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان دەرکەوتوون، گەنجن و پێناچێت بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی کاربکەن".

هۆشمەند سەبارەت بە ڕێبەرانی کەتیبە کوردستانیەکانی قاعیدە گوتی "تاوەکو ئێستا ئەو ڕێکخراوە سێ ئەمیری هەبووە، ئەمیری یەکەمی کەسێک بوو بە ناوی ئەبو ئەسما کە خەڵکی شاری سلێمانی بوو. ئەمیری دووەمیان کەسێک بوو بە ناوی سوارە محەممەد کە خەڵکی ناوچەی شارباژێڕ بوو، ئەو دوو کەسە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکران، ئەبو ئەسما 13 ساڵ زیندانی و سوارە محەممەدیش 7 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە، بەڵام پاش ماوەیەک هەردووکیان ئازاد کران و لە شارێکی فارسنشین نیشتەجێکران. ئێستاش کەسێک کە خەڵکی گوندی قادر کەرەمی کەرکووکە، بووەتە ئەمیری کەتیبەکانی کوردستان و لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێیە".

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی و سەلەفییەکان، هۆشمەند دەڵێت "کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەتا پێی باش بوو کە بیروباوەری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەشەنە بکات وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ بیری نەتەوەیی، بەڵام دوایی هەندێک لە ئەندامانی کەتیبەکانی کوردستان جیابوونەوە و لە دژی کۆماری ئیسلامی وتاریان دا، بۆیە دەسەڵاتدارانی ئێرانیش هەڵوێستیان گۆڕا و زیاتر لە 300 کەسیان خستنە زیندانەوە".

# نهێنی کۆمەڵکوژی لە گوندێکی ڕۆژئاوای کوردستان ئاشکرا دەبێت



**فازڵ هۆرامی**
**ڕووداو- هەولێر**

ژمارەیەک چەکداری بیانیی داعش لەبەر ئەوەی کە زمانی عەرەبییان نەزانیوە، دانیشتووانی گوندێک لە ڕۆژئاوای شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان دەدەنە بەر فیشەک و 15 کەسیان لێدەکوژن، پێش ئەوەی چەکدارێکی عەرەبی ئەو گرووپە کە خەڵکی عێراق بووە بە چەکدارە بیانییەکان بڵێت کە ئەوانە عەرەبی سوننەن و ئەوان بە هەڵە دەیانکوژن.

کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ، کاتێک چەکدارانی داعش لە گوندی "تلیلیێ" لە ڕۆژئاوای حەسەکە و دەوروبەری سەرێکانیێ نزیکبوونەوە، دانیشتووانی گوندەکە کە کوردی ئێزدین هەڵدێن و گوندەکەیان بە جێدێڵن.

بەسەرهاتی ئەم گوندە لە دوایین ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی بەدواداچوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سووریا کە ڕۆژی چوارشەمە 2014/8/27 بڵاوکرایەوە، ئاماژەی پێکراوە کە گرووپە چەکدارەکانی وەکو داعش و نوسرە و سوپای سووریا تۆمەتبار دەکات بە ئەنجامدانی تاوانی شەڕ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی.

ڕاپۆرتەکە هەروەها دەڵێت چەکدارانی داعش هاووڵاتیانی کورد ناچار دەکەن لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، لەوانەش حەلەب و ڕەقە، بار بکەن و گوندەکانیان پێ چۆڵ دەکەن.

ڕاپۆرتی ئەو دەزگایەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت پێش ئەو ڕووداوەی گوندی تلیلیێ، بە هۆی بۆردومانکردنی حەلەب لەلایەن فڕۆکەکانی سوپای بەشار ئەسەدەوە، دانیشتووانی شارۆچکەی سفێر لە پارێزگای حەلەب هەڵهاتبوون و ژمارەیەکیان ڕوویان کردبووە دەوروبەری سەرێکانیێ و ڕۆژئاوای حەسەکە کە گوندی تلیلیێ لەو ناوچەیەیە.

لە کۆتایی مانگی پێنج لە کاتی شەڕی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەی سەرێکانیێ، دوای ئەوەی کە ئێزدییەکانی گوندی تلیلیێ لە ڕۆژئاوای سەرێکانی هەڵدێن، ئاوارە سوننەکانی سفێر لەو گوندە نیشتەجێ دەبن.

چەکدارە بیانییەکانی داعش کە چەکدارێکی عەرەبی عێراقییان لەگەڵ دەبێت، ڕۆژی 5/29 دەستدەگرن بەسەر گوندی تلیلیێ و دەچنە ناو گوندەکەوە.

ڕاپۆرتەکەی کۆمیسیۆنی بەدواداچوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سووریا کە پشت بە 450 چاوپێکەوتن و ژمارەیەکی زۆر بەڵگە دەبەستێ، بەم جۆرە باسی ڕووداوەکە دەکات "ڕۆژی 29ی ئایار چەکدارەکانی (داعش) دەچنە ناو گوندەکەوە. لەو شوێنە چەکدارەکان دەستدەکەن بە کوشتنی گوندنشینەکان لەوانە مێرمنداڵ و ژنان بەو بڕوایەی کە ئەوانە ئێزدین. ئەو گوندنشینانەی کە ڕزگار بوون، دەڵێن گوندنشینەکان هەوڵیان دەدا بە چەکدارەکان بڵێن کە ئەوان موسڵمانن، دەستیان کرد بە خوێندنی ئایەتی قورئان بە دەنگی بەرز. بەڵام جگە لە یەک چەکدار کە خەڵکی عێراق بوو، چەکدارەکانی دیکە عەرەبییان نەدەزانی. چەکدارە عێراقییەکە ڕێگریان لێدەکات و ناهێڵێ خەڵکی زیاتر بکوژرێن. نزیکەی 15 کەس کوژران پێش ئەوەی کە چەکدارە عێراقییەکە، چەکدارە بیانییەکان تێبگەیەنێت لەوەی کە ئەوانە عەرەبی سوننەن و موسڵمانن".

کۆمیسیۆنەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەکدارانی داعش کورد دەکەنە ئامانج تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن.

### ئەو ڕاپۆرتە چەندین پێشنیاز پێشکەش دەکات بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا، لەوانە:

1 ـ دەبێت هەموو لایەنەکان ڕێز لە یاساکانی شەڕ و مافی مرۆڤ بگرن.
2 ـ ئەوانەی بەرپرسیارن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و یاساکانی شەڕ ببرێنە بەردەم دادگا.
3 ـ هەوڵی زۆرتر بدرێت بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکی سڤیل.
4 ـ حکومەتی سووریا دەبێت چەکی نایاسایی و ئەو چەکانەی کە جیاوازی ناکەن لە نێوان چەکدار و سڤیل وەک بۆمبی بەرمیلی و مادەی کیمیاوی بەکار نەهێنێت.
5 ـ حکومەتی سووریا مۆڵەت بدات کە هاریکاری مرۆیی بگاتە لێقەوماوەکان لەو ناوچانەی کە شەڕیان تێدایە.
6 ـ گرووپە چەکدارەکان پابەندبن بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و توندوتیژی بەکارنەهێنن بەبیانووی جێبەجێکردنی یاسای ئاینی.
7 ـ ئەو وڵاتانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بەشدارانی شەڕی سووریا لە توانای خۆیان سوود وەربگرن بۆ ئەوەی کۆتایی بەم توندوتیژییە بهێنرێت.
8 ـ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێت ئابڵوقەی چەک بخاتە سەر سووریا و گرووپە چەکدارەکان.
9 ـ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەردەوام بێت لە یارمەتیدانی مرۆیی.
10 ـ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پاڵپشتی ئەم پێشنیازانە بکات و هەوڵ بدات کە دۆسیەی سووریا بباتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، چونکە تەنیا ئەو ئەنجوومەنە دەتوانێت ئەو کارە بکات.



بەهۆی ئەوەی دانامەزرێن

# مامۆستایانی زمانی کوردی لە باکووری کوردستان ماندەگرن

**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو- ماردین**

زیاتر لە 15 قوتابی دەرچووی بەشی کوردی لە زانکۆ، بەهۆی دانەمەزراندنیان دەستیان بەمانگرتن لە خواردن کرد.

دەرچووانی پەیمانگای کوردۆلۆجی لە زانکۆی ماردین، دەڵێن حکومەتی تورکیا بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردووە لە پەیمانە مێژووییەکەی بۆ دەستەبەرکردنی کار بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی.

زیاتر لە 1000 مامۆستای زمانی کوردی لە چاوەڕوانی دامەزراندندان بۆ گوتنەوەی وانەی کوردی بە منداڵان لە قوتابخانەکانی تورکیا.

پاش قەدەغەکردنی زمانی کوردی بۆ چەندین دەیە، دوو ساڵ لەمەوبەر و لە وەرچەرخانێکی گرنگدا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد، حکومەتی تورکیا چەند کۆرسێکی دیاریکراوی زمانی کوردی لە قوتابخانە گشتییەکان و پەیمانگا تایبەتەکان بە یاسایی کرد، بەڵام هێشتا مامۆستایانی زمانی کوردی بێکارن.

"بەداخەوە، بەڵێنەکانی حکومەتی تورکیا لە دەستەبەرکردنی مافی زیاتر بۆ کورد تەنیا قسەیە. ئێمە بەوە دڵخۆش نین" ئەمە قسەی یونس ئەسلانە، کە یەکێکە لەو دەرچووانەی زانکۆ مانیان لە خوارن گرتووە. ئەسلان گوتیشی "مامۆستاکان ئامادەن کەیسەکەیان ببەنە ئەنقەرەی پایتەخت".

دەرچوویەکی دیکە بەناوی عومەر ئۆنچل گوتی "سەرەڕای بەڵێنەکان، هێشتا مامۆستاکان دانەمەزراون. لێرە خۆپیشاندان دەکەین بۆ بەدەمەوە هاتنی داواکەمان و بەردەوام دەبین تا ئەوکاتەی لە داهاتوومان دڵنیا دەبین".

بەپێی قسەی ئەحمەد ئەلیسی مێژووناس لە زانکۆی بۆگازیچی ئیستانبوڵ، دواکەوتنی دامەزراندنی مامۆستایانی کوردی زیاتر پەیوەندی بە کاروباری ئیدارییەوە هەیە نەک جیاکاری لە دژی کورد.

ئەلیس بە (ڕووداو)ی گوت "بەگشتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری لە تورکیا خاوە، تەنانەت بۆ مامۆستا تورکەکانیش. ئەوانیش ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی دەکەن تا دادەمەزرێن".

بەڵام ئەسلان ئەو قسانەی ئەلیس ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "جیاکاری لە دژمان دەکرێت. تا ئەوکاتەی زمانی کوردی گرەنتی دەستووری دەبێت ئێمە ئەو کێشەیەمان دەبێت".

مانگی ڕابردوو لە ڕێگەی ماڵپەڕی گۆڕانکاری تورکیا kish change.orgrTu مامۆستایانی زمانی کوردی هەڵمەتێکیان دەستپێکردو تێیدا داوای دامەزراندنیان لە حکومەت کرد.

هەرچەندە تا ئێستا حکومەتی تورکیا هیچ کۆمێنتێکی لەسەر ئەو مانگرتنە نەداوە. بەڵام وەزیری پەروەردە و وتەبێژی پارتی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتدار حوسێن چەلیک، بەڵێنی دامەزراندنیان بە مامۆستایان دا.

یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ (رووداو):

# لیژنەیەک بەدواداچوون بۆ دیارنەمانی ئەرشیفەکەی پەرلەمان دەکات



یوسف محەممەد سادق، گەنجترین سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە لە 29ی نیسانی ئەمساڵ ئەو پۆستەی وەرگرت، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی رووداو باس لەو کێشەو گرفتانە دەکات کە لەدوای دەستبەکاربوونی ئەو بەڕەوڕووی بوونەتەوە.

رووداو- هەولێر

**رووداو: با لەدوایین دانیشتنی پەرلەمانەوە دەستپێبکەین کە تایبەت بوو بە رووداوەکانی شنگال، زۆر رەخنە لەوە دەگیرێ کە ئەو دانیشتنە زۆر درەنگ بوو، بۆنموونە یەکێتی ئەوروپا پێش ئێوە کۆبووەوە، بۆچی ئەوەندە دواکەوتن؟**

**یوسف محەممەد:** دوو داواکاری لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بۆ ئێمە هات بۆ دانیشتنی نائاسایی، ئێمەش رۆژی 8ی ئاب کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمان بۆئەوەی ئامادەکاری بکەین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکان پێیان باش بوو لەپێشدا لیژنەکانی پەرلەمان، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بەو پرسە رابسپێرین بۆئەوەی راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن و لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکانی ئەوان کۆببینەوەو تاوتوێی پرسی ئەو تاوانانە بکەین کە لەدژی کەمینەکان کراون و هەروەها رەوشی ئەو ئاوارانەی پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە، سەرباری بارودۆخی پێشمەرگە. کەواتە دواکەوتنەکە لەسەر داوای فراکسیۆنەکان بوو.

**رووداو: بەڵام ئەو دانیشتنە دواکەوت و ئەنجامی دانیشتنەکەش دەرکردنی کۆمەڵێک راسپاردە بوو لەجیاتی ئەوەی بریار دەربکەن؟**

**یوسف محەممەد:** ئێمە پابەندین بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەو پەیڕەوە چەندە لەگەڵ خواستەکانی ئێمە دێتەوە ئەوە باسێکی ترە، بەڵام لیژنەیەکیشمان راسپاردووە بۆ هەموارکردنەوەی ئەو پەیڕەوە. پرۆژە بریار هەروەکو پرۆژە یاسا پێویست دەکات لە پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ و بچێتە لیژنەکان و لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار تاوتوێ بکرێ و پاشان بهێنرێتەوە پەرلەمان و پەسەند بکرێ، بەڵام هەر لەو دانیشتنەدا داوامان لە پەرلەمانتاران و لە لیژنەکان کرد کە ئەو راسپاردانە شتی زۆر گرنگن و حکومەت دەتوانێ سوودیان لێ وەربگرێ، داوامان لێکردن کە کامەی بە زۆر گرنگ دەزانن دەتوانن وەکو پرۆژە بریار پێشکەشی بکەن بۆئەوەی بە رێچکەی یاسایی خۆیدا بڕوات.

**رووداو: حکومەت سوودی لێ وەربگرێ یان جێبەجێی بکات؟**

**یوسف محەممەد:** حکومەت دەتوانێ جێبەجێی بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە راسپاردە سیفەتێکی ئیلزامی نییە، تۆ راسپاردەی دەدەیتێ بۆئەوەی هەندێ رێوشوێن هەیە بیگرێتە بەر، بەڵام پەرلەمانیش لێرەدا دەتوانێ رۆڵی چاودێریی خۆی بگێرێ.

**رووداو: بەڵام ئەم راسپاردەیە لە کاتێکدایە کە پێشمەرگە لە دۆخێکی نالەباردایە و زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارە لە کوردستانن، هەر ئەم پەرلەمانە لەکاتی خۆپێشاندانەکانی 17ی شوبات سەبارەت بە کۆمەڵێک داواکاری بڕیاری دەرکرد؟**

**یوسف محەممەد:** راستە لەوکاتەدا بڕیار دەرچوون، بەڵام ئایا ئەو بڕیارانە جێبەجێ کران؟ ئایا نابێ لە پەرلەمان بڕیارێک دەربکەین کە راستەوخۆ چاودێریی جێبەجێکردنیشی بکەین؟ لە خولی پێشووی پەرلەمان بریار دەرچووە بەڵام دوایی پشتگوێ خراوە. بڕیار هەبووە لە هۆڵی پەرلەمان دەنگیشی بۆ دراوە بەڵام دوایی بڕیارەکە دەرنەکراوە.

**رووداو: تۆ دەڵێی بڕیار کە دەرچوو دەبێ جێبەجێش بکرێ، بەڵام لەماوەی ساڵانی رابردوودا چەند بڕیار و یاسا دەرچوون کە جێبەجێ نەکراون؟**

**یوسف محەممەد:** جا ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی پەرلەمانتاران کە بەدواداچوون بکەن بۆ هەر بڕیار و یاسایەک لەو پەرلەمانە دەردەچێت. هەروەها بەدواداچوون بکەن بۆئەوەی لە کوێ بڕیار و یاساکانی پەرلەمان جێبەجێ ناکرێن بۆئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بکرێ.

**رووداو: یاداشتێکم لەلایە کە بۆ ئێوە نێردراوەو رەخنەی ئەوەتان لێگیراوە کە پەیوەندیتان لاوازە لەگەڵ پەرلەمانەکانی دنیا، پەیوەندیتان بۆ رێکخراوەو تەنانەت هەماهەنگیتان بۆ کراوە، بەڵام پشتگوێتان خستووە؟**

**یوسف محەممەد:** ئەو یاداشتە باسی ئەوە دەکات کە ئێمە سەردانی دەرەوەمان نەکردووە، بەڵێ لەم دۆخەدا وا پێویست دەکات کە ئێمە لەناو کوردستان بمێنینەوە، پێویستمان بە سەردانی ئێرلەندا نییە بۆ نموونە، چ پێویست دەکات سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەم دۆخە ناجێگیرەدا سەردانی وڵاتێکی وەکو ئێرلەندا بکات؟

**رووداو: بەڵام هەر لەم یاداشتەدا هاتووە کە سێ رێککەوتن کراوە بۆ راهێنانی لیژنە پەرلەمانیەکان و راوێژکارەکانی پەرلەمان لە کۆنگرێسی ئەمریکا، بەڵام تۆ گوتووتە راوێژکاری یەکێتی لەگەڵ خۆم نابەم؟**

**یوسف محەممەد:** نامەوێ لەسەر وردەکاری ئەو یاداشتە قسەبکەم، بەڵام ئەولەویەتی ئێمە لەسەرەتای کارکردنمانەوە بریتی بووە لە پێکهێنانی حکومەت، ئینجا بارودۆخی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان هاتەئاراوە کە پێویستی بە بەدواداچوون هەبووە. بەڵام ئەوەی پەیوەندیدارە بەکاری هەندێ راوێژکاری پەرلەمان، بەڕاستی پێویست دەکات ئەمە رێکبخەینەوە.

**رووداو: چۆن رێکیدەخەیتەوە لەکاتێکدا بڕیارت دابێ هیچ راوێژکارێک تۆ نەبینێ؟**

**یوسف محەممەد:** هیچ بڕیارێکی لەوجۆرە نییە و راوێژکارەکان بەردەوام سەردانمان دەکەن و پێشنیازمان بۆ دێنن، بەڵام ئێمە نە بۆخۆمان حیزبایەتی دەکەین لەناو پەرلەمان و نە رێ بەهیچ راوێژکارێکیش دەدەین لەناو پەرلەماندا حیزبایەتی بکات. رێ بەهیچ کەس نادەین لەخۆیەوە بەناوی پەرلەمانەوە بچێ سەردانی کونسوڵخانەکان بکات بەبێ ئەوەی کاری ئەو بێت.

**رووداو: هەموو راوێژکارەکانی پەرلەمان دەوام دەکەن؟**

**یوسف محەممەد:** نەخێر، گرفتمان هەیە لەگەڵ راوێژکارەکانی پەرلەمان، رێکنەخراوە و مەحسوبیەتی تێدایە. خەڵکمان هەیە بڕوانامەی سەناعەی هەیە و کراوە بە راوێژکاری پێشکەوتووی پەرلەمان. خەڵکی تێدایە بێتوانایە. لەم بوارەدا گەندەڵی هەیەو هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەین.

> رێ بەهیچ کەس نادەین لەخۆیەوە بەناوی پەرلەمانەوە بچێ سەردانی کونسوڵخانەکان بکات

**رووداو: چۆن چارەسەری دەکەن؟**

**یوسف محەممەد:** سەرلەبەری پێکهاتە و پەیکەری پەرلەمان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، پەیکەری پەرلەمان دروست نییە و لەگەڵ ئێستای کاری پەرلەمان گونجاو نییە. لەم چوارچێوەیەدا بە راوێژکارەکانیشدا دەچینەوە بۆئەوەی ئەو راوێژکارانەی سەرکەوتوون و کاردەکەن رەنجیان بەفیڕۆ نەچێ بەهۆی کۆمەڵێ راوێژکار کە بە مەحسوبیەت دانراون و بڕوانامەیان نییە. لێپێچینەوە دەکەین لەو کەسانەی بەشێوەی نایاسایی دامەزراون.

**رووداو: هەر لەم رووەوە گەندەڵی هەیە لەناو پەرلەمان یان لە شتی دیکەشدا هەبووە؟**

**یوسف محەممەد:** نامەوێ پێش شتەکان بکەوم، بەڵام حساباتی خیتامی ساڵی رابردووی پەرلەمانمان ناردووە بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمان و داوامان لێکردوون کە راپۆرت ئامادە بکەن و بیدەنەوە پەرلەمان کە ئەمە یەکەمجارە شتی وا دەکرێ. کۆتایی ئەمساڵیش بەهەمان شێوە حیساباتی خیتامی دەدەینەوە لیژنەی دارایی. ئێمە لەم رووەوە هەنگاوی تاکلایەنە نانێین، ئەوە پەرلەمان میکانیزمی خۆی هەیەو بەگوێرەی ئەوە کاری خۆی دەکات.

**رووداو: هەر سەبارەت بە راوێژکاری پەرلەمان، ئێوە لەماوەی ئەم چەند مانگەدا 9 راوێژکاری تازەتان دامەزراندووە کە دوویان پارتین و حەوتیان گۆڕانن، تەنانەت لەناو ئەوانەشدا هەندێ جیاکاری کراوە، هەندێکیان لەلایەن گردەکەوە نێردراون و هەندێکیان خۆت داتناون؟**

**یوسف محەممەد:** من نەمدەویست شتەکە ببێتە شەخسی، بەڵام مادام ئەو باسە هاتە پێشەوە، هەندێ راوێژکار بەبێ ئەوەی رابسپێردرێن لەلایەن پەرلەمانەوە، سەردانی چەند شوێنێکیان کردووە بەناوی پەرلەمانەوە، ئەمانە هەریەکەیان بەرپرسیارێتی جیاوازیشی هەبووە، یەکێکیان تائێستاش هیچ بەرپرسیارێتیەکی نییە، یەکێکیان یاساییە و ئەوی تریان لە پەیوەندییەکانە، تەنانەت بەبێ ئەوەی بەشەکانی خۆیان ئاگادار بکەنەوە، بێ ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار بکەنەوەو بێ ئەوەی رابسپێردرێن، چووبوون بەناوی پەرلەمانی سەردانی چەند کونسوڵخانەیەکیان کردبوو، دواییش کە هاتوونەتەوە بە پەرلەمانیان نەگوتووە کە چییان کردووە. کونسوڵی وڵاتەکە خۆی بەئێمەی گوتووە کە ئەو برادەرانە وایان کردووە. ئێمە تەنیا ئاگادارمان کردوونەتەوە کە نابێ بەبێ پرس کاری وا بکەن و ناشبێ ئەم کارانە بەحیزبی بکرێن. پەیوەندییەکانی پەرلەمان دەبێ کاری خۆی بکات و بەشی یاسایی کاری خۆی بکات، نەک ئەوەی کۆمەڵێ راوێژکاری یەکێتی سەر بەیەکدا بکەن و کۆمەڵێک راوێژکاری پارتی سەر بە یەکدا بکەن و بەجیا کاربکەن. ئەوانەی کە ئێمە دامانمەزراندوون. راستی من پێنج راوێژکارم دامەزراندووە، بەڵام کێشەیەکمان هەیە لەناو پەرلەماندا، ئەویش ئەوەیە کە ئیشی ئیداریش تێکەڵی کاری راوێژکاری کراوە، بۆنموونە بەڕێوەبەری گشتیی دیوان کە پلەیەکی ئیدارییە پۆستی راوێژکاریی هەیە، هەروەها بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و کارگێڕی. ئەمە لە خولەکانی رابردوودا کراوە، ئێستا بەشێک لەو چاکسازییەی کە لە پەرلەمان دەیکەین، ئەوەیە کە ئەمە راست بکەینەوە. ئەوەی ئیدارییە پۆستی ئیداری هەبێ و راوێژکاریش راوێژکار بێت.

**رووداو: بۆ لەمەودوا خەڵک چۆن دادەمەزرێنن؟**

**یوسف محەممەد:** نەک هەر بۆ لەمەودوا، لەماوەی رابردووش بۆ هەندێ پۆست کە لە راگەیاندن چۆڵ بوو، ئێستاش بۆ هەندێ پۆستی یاسایی بانگەوازمان کردووەو لەرێگەی CVیەوە خەڵک وەردەگرین. بۆ هەندێ راوێژکاری خۆم نا کە پێویستم پێیە هاوکاریم بکەن، بەڵام بۆ پۆستەکانی دیکە ئەو دەرگایە دەکەینەوە کە ئەوەی توانایەکی هەیە بێن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئینتیمای سیاسی. ئەمەشمان لە راگەیاندنی پەرلەمان تاقیکردەوە کە کۆمەڵێ خەڵکمان بە CV وەرگرتووە.

**رووداو: بەڵام ئەم پەرلەمانە کارمەند و راوێژکارێکی زۆری هەیە، لەسەردەمی عەدنان موفتی نزیکەی 200 فەرمانبەری هەبوو، دواتر کە کەمال کەرکوکی هات بووە نزیکەی 600 و ئەرسەلان بایز کۆمەڵێکی دیکەی دامەزراند، لەوەتای تۆش هاتووی نزیکەی 50 کەستان دامەزراندووە، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر دەگوترا 50 راوێژکار هەن نیوەیان زیادن؟**

**یوسف محەممەد:** کێشەکە ئەوەیە کە ئەوانەی وەک راوێژکار دامەزراون و بەڕاستی کاردەکەن ژمارەیەکی یەکجار کەمن، ئەگەر ئەوانە دابەش بکرێن بەسەر لیژنەکاندا دیسان پێویستمان بە راوێژکار دەبێت.

**رووداو: ئەوانەی کارناکەن چییان لێدەکەن؟**

**یوسف محەممەد:** دەبێ پێداچوونەوە بکرێ لەلایەن ئەو لیژنەیەی بۆ کاروباری پەرلەمان پێکهاتووە.

**رووداو: ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە لەوکاتەی دەگوترێ پەرلەمان کارمەندی زۆرە ئێوە 50 کەستان دامەزراندووە؟**

**یوسف محەممەد:** هیچ کەسێکمان بەبێ پێوەر دانەمەزراندووەو بەگوێرەی پێویستی بووە، من کە هاتوومەتە نووسینگەی خۆم یەک کارمەندی لێ نەبووە ناچاربووم خەڵک بهێنم.

**رووداو: ئەی کارمەندەکانی نووسینگەی سەرۆکی پێشوو چییان لێهات، ئەوە راست بوو کە نووسینگەکەیان بە بەتاڵی بۆ جێهێشتبوون و تەنانەت ئەرشیفیش نەمابوو؟**

**یوسف محەممەد:** بەڵێ راست بوو، نە هیچ کارمەندێکی لێ مابوو نە ئەرشیف مابوو.

**رووداو: باشە ئەوە موڵکی شەخسییە یان موڵکی پەرلەمانە؟**

**یوسف محەممەد:** هەندێکیان لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئێمە خانەنشین کران، بەڵام بەڕاستی دەمانەوێ ئەو لیژنەی پەرلەمانییەی کە دروست دەبێ بەدواداچوون بۆ ئەرشیفەکە بکات، چونکە ئەرشیفی سەرۆکایەتی پەرلەمان نابێ نەمێنێ و دەبێ بزانین چی بەسەر هاتووە.

**رووداو: ئەمانە براونەتە دەرەوەی پەرلەمان؟ دەڵێن تەنانەت قەنەفەشیان بۆ بەجێ نەهێشتبووی؟**

**یوسف محەممەد:** لەسەر ئەوە قسە ناکەم، چونکە بەڕاستی نامەوێ ببنە کێشەی شەخسی.

**رووداو: بەڵام ئەمە ئەرشیفی میللەتێکە و ئێوە لێرە نوێنەری ئەو میللەتەن؟**

**یوسف محەممەد:** تۆ دەزانی حەساسیەتەکان چۆنن، ئێستا ئەوەی کە راوێژکارێک بەبێ پرسی پەرلەمان رۆیشتووە کارێکی کردووەو هیچ ئەنجامێکی بە ئێمە نەداوەتەوە و کە پەیمانگوتووە نابێ حیزبیانە کاربکەی، ئەوەتا بووەتە بابەتی میدیا. بۆیە نامانەوێ ئەم شتانە بەشەخسی بکرێن و ئەوە لیژنە پەرلەمانیەکە بەدواداچوونی بۆ دەکات.

**رووداو: دەبێ لە شتێک ترسابن ئەوانەی پێشوو؟**

**یوسف محەممەد:** نازانم دەبێ لێکۆڵینەوە بکرێ.

**رووداو: سەرۆکی حکومەت لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئێوە و ژمارەیەک پەرلەمانتار دەستەواژەی "قبوڵ ناکەم"ی بەکارهێنا، چۆن قبوڵتان کرد ئەم دەستەواژەیە بەکاربێت؟**

**یوسف محەممەد:** ئێمە دەمانەوێت پەیوەندییەکی باش لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا هەبێت، بەتایبەتی ئێستا هەموو لایەک بەشدارن لە حکومەت. دەمانەوێت پەرلەمان رۆڵی راستەقینەی خۆی ببینێت لە چاودێریکردن. بەهەمانشێوە حکومەت بەرپرسیار بێت بەرامبەر پەرلەمان. حکومەت لەوە نەترسێت بێتە پەرلەمان، هەروەها پەرلەمانتارانیش ئازاد بن چ پرسیارێکیان هەیە ئاراستەی دەسەڵاتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بکەن. لەو رووداوەی کە لە هۆڵەکە روویدا، من نیگەرانی خۆم راگەیاند بەرامبەر ئەم هەڵوێستە. نەدەبوو سەرۆکی حکومەت ئەم هەڵوێستەی هەبێت.

**رووداو: وا دەردەکەوت کە ئێوە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن لاوازن؟**

**یوسف محەممەد:** ئەمە بەو شێوەیە نییە کە ئێمە لاواز بین. هەر لەو ماوەیەی کە ئێمە دەستبەکاربووین، ئەوە سێیەمجارە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیرەکان دێنە پەرلەمان. لە ماوەی رابردووشدا وەزیرمان بانگهێشت کردووە بۆ پەرلەمان. هەموو پرسیاری پەرلەمانتاران، بەبێ پچڕان، بەبێ سانسۆر ئاراستەی حکومەت کراوە. بۆ زانیاریتان ئەو دانیشتنە لە کاتێکدا بوو کە حکومەت متمانەی لە پەرلەمان وەرنەگرتبوو، حکومەتی کاربەڕێکەر بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە هاتنە پەرلەمان.

**رووداو: دەگوترێ حکومەت پەرلەمانی چاوترسێن کردووە؟**

**یوسف محەممەد:** لە چیدا حکومەت پەرلەمانی چاوترسێن کردووە؟

**رووداو: لەوەی کە حکومەت تووڕە دەبێت لە پەرلەمان لە جیاتی ئەوەی پەرلەمان توندبێت لەگەڵ حکومەت؟**

**یوسف محەممەد:** وەکو گوتم ئەوکات ئیعتیراز گیرا لەسەر ئەمە. هەندێکجار گرژی روودەدات، ئەندامی پەرلەمان قسە دەکات، تەنانەت لە نێو هۆڵی پەرلەمانیش پەرلەمانتاران بەرامبەر یەکدی قسە دەکەن، بەرامبەر بە سەرۆکی پەرلەمان قسە دەکەن. تەنانەت بەرامبەر بە شەخسی خۆم و سەرۆکایەتی پەرلەمان قسە کراوە. هەندێک شت دەکرێت، بەڵام ئەمە نابێت لە قاڵبی خۆی گەورەتر بکرێت. هیوادارم ئەو حاڵەتانە دووبارە نەبنەوە، چونکە ناکرێت بە تەشەنوجات مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەین.

**رووداو: بەدەنگەوەهاتنی حکومەت بۆ ئێوە چۆنە؟ بۆ نموونە زۆرجار پەرلەمانتاران گلەییان هەیە، کە وەزیرێک بە ئاسانی نایەتە لیژنەکانەوە.**

**یوسف محەممەد:** زۆربەی ئەو پرسیارانەی لەلایەن پەرلەمانەوە کراوە، وەڵامدراوەتەوە، تەنانەت لەو کاتانەی کە حکومەت بەرپرسیار نەبووە. بەڵام هێشتا لە ئاستی تموحی ئێمە نییە، پێویستمان بەوە هەیە وەزیرەکان زیاتر لە لیژنەکانی پەرلەمان ئامادەبن. بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە بانگ دەکرێن، بچنە بەردەم لیژنەکان.

> زۆربەی ئەو پرسیارانەی لەلایەن پەرلەمانەوە کراون، حکومەت وەڵامی داونەتەوە

> خەڵکمان هەیە بڕوانامەی سەناعەی هەیە و کراوە بە راوێژکاری پێشکەوتووی پەرلەمان

**رووداو: ئەوانە بە ئاسانی بەدەنگەوە دێن؟**

**یوسف محەممەد:** تا ئێستا حاڵەتی وام بەرچاو نەکەوتووە لیژنەیەک داوای وەزیرێکی کردبێت، نەچووبێت.

**رووداو: وەزیری سامانە سروشتییەکان چووە؟**

**یوسف محەممەد:** من بەدواداچوونم بۆ کرد، لە نێوان سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان و وەزیری سامانە سروشتییەکان جۆرێک لە ناتێگەیشتن هەبووە لە نێوانیان لەسەر شوێنی کۆبوونەوەکە. وەزیری سامانە سروشتییەکان هاتە پەرلەمان و 7 سەعات پرسیاری لێکرا.

لە پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەت لە ماوەی رابردوودا ناهاوسەنگییەکی ئێجگار زۆر هەبووە، ئێستا لە رێگەی ئەکتیڤبوونی لیژنەکان و پەرلەمانتاران و بانگهێشتکردنی پەرلەمان و بەدەمەوەچوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ بانگهێشتکردنی وەزیرەکان، وردە وردە هەوڵ دەدەین ئەو ناهاوسەنگییە نەهێڵین. سەرۆکی حکومەتیش بەڵێنی داناوە لەو بوارەدا کەمتەرخەمی نەکات.

> ئاگادارین چ چەکێک هاتووەتە کوردستان و چۆن هاتوون و چۆن دابەش دەکرێن

**رووداو: لە ماوەی رابردوودا یاری بە نرخی بەنزین کرا لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە، نەدەکرا بۆ لێپرسینەوە نەک بۆ میوانداریکردن وەزیر بانگهێشت بکرێت؟**

**یوسف محەممەد:** ئەوە ئەرکی پەرلەمانتارانە بیکەن، ئەرکی ئێمە تەنیا بریتییە لە ئیدارەکردنی ئەو پرۆسەیە. پەرلەمانتار دەتوانێت پرسیار بکات لە وەزیری تایبەتمەند لەم بوارە و وەڵامەکەی وەربگرێتەوە.

**رووداو: تەوافوق وای نەکردووە کە جۆرێک کشانەوە هەبێت لەم بابەتە؟**

**یوسف محەممەد:** ئێستا سەرەتای دەستپێکردنی کاری حکومەت و پەرلەمانە. قەیرانێکی دارایی لە هەرێمی کوردستان هەیە. هێشتا زووە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە تەوافوق بووەتە هۆی پەککەستنی ئیشی پەرلەمان یان نا. بەڵام ئێستا پرۆسەی پرسیارکردن دەستی پێکردووە. پەرلەمانتاران داوای ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندیداریان کرد بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر بابەتی بەنزین بکەن، ئەمەش کرا. ئەگەر ئەو پرۆسەیە گەیشتە قۆناخی لێپرسینەوە، ئەوکات دەکرێت چاودێری ئێمە بکرێت، ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەین یان نا.

**رووداو: ئێوە لیژنەی لێکۆڵینەوەتان هەیە لە پەرلەمان، بەڵام بۆ نموونە سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکەشی گوتیان پەرلەمان بۆی نییە پشکنین بۆ بەنزین بکەن. پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو مافەی داوە؟**

**یوسف محەممەد:** لای ئێمە ئەوە بەشێوەی فەرمی نەگوتراوە. ئێمە لە سەردانی وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ پەرلەمان پێمانگوت پەرلەمان حەقی بەدادواچوونی هەیە. بەڵام رەنگە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی پەرلەمان لەگەڵ ئەو پرسە هەندێک گرفت هەبێ. پەرلەمانتار کە دەزانێت کیشەیەک هەیە دەبێ پرسیار ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار بکات.

**رووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

**یوسف محەممەد:** ئاڵوگۆڕی بیرورا هەبووە لە نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەرێمی کوردستان.

**رووداو: هیچ کات سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەلەفۆنی بۆ کردوویت؟**

**یوسف محەممەد:** بەڵێ.

**رووداو: ئەی تۆ تەلەفۆنت بۆ کردووە؟**

**یوسف محەممەد:** بەڵێ.

**رووداو: چ هەماهەنگییەک هەیە لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەتی بەغدا، لە کاتێکدا لیژنەی دانوستاندنکار لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستە دەکرێت؟**

**یوسف محەممەد:** ئەو لیژنەیە پێش دەستبەکاربوونی پەرلەمانی کوردستان دروستکرا.

**رووداو: بەڵام ئەندامەکانی گۆڕان؟**

**یوسف محەممەد:** ئێمە لە ماوەکانی داهاتوو ئەو لیژنەیە بانگهێشت دەکەین بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی لە وردەکاری دانوستاندنەکان ئاگاداربین.

**رووداو: ئەگەر ئاگادار نەکرێن، پەرلەمانی کوردستان چی دەکات؟**

**یوسف محەممەد:** ئاگادار دەکرێن و هەماهەنگیش هەیە. ئاگامان لە وردەکاری دانوستاندنەکان هەیە، بەڵام دەمانەوێ ئەوە ببێتە شتێکی فەرمی. کە پەرلەمان دەستی بەکارکردەوە کۆبوونەوەیەک لەو بارەیەوە دەکەین.

**رووداو: بۆچوونێک هەیە کە دەڵێت نابێ کورد بە سزادراوی بەشداری حکومەتی داهاتووی عێراق بکات؟**

**یوسف محەممەد:** داوامان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە کە لێپرسینەوە لەو کارە نایاساییە بکات و هەوڵی ئەوە بدرێت مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان بدرێت.

**رووداو: هیچ وەڵامێکتان دراوەتەوە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە؟**

**یوسف محەممەد:** ئێستا فراکسیۆنە کوردستانییەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق کار بۆ ئەوە دەکات کە پرۆژەی بودجە پەسەند بکرێت و ئەو کێشانەش لە چوارچێوەی پەسەندکردنی بودجەی عێراق پەسەند بکرێت.

**رووداو: ئەگەر وەڵام نەدرایەوە بە نیازن هیچ داوایەک لە دادگای فیدراڵی تۆمار بکەن؟**

**یوسف محەممەد:** ئەوە ئیشی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

**رووداو: پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان چ هەماهەنگییەکیان هەیە سەبارەت بەو چەک و چۆڵەی دێتە هەرێمی کوردستان؟**

**یوسف محەممەد:** ئێمە ئاگادارین چی هاتووەتە کوردستان و ئەو چەکانە چۆن هاتوون و چۆن دابەش دەکرێن. لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمان سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەی کردووە و زانیاری وەرگرتووە.

**رووداو: هەندێک پەرلەمانتار دەڵێن ئەو چەکە زیاتر دەچێت بۆ لایەنێک، هیچ بەدواداچوونێکتان بۆ ئەمە کردووە؟**

**یوسف محەممەد:** لیژنەی پێشمەرگە بەدواداچوونی بۆ ئەمە کردووە. ئەوە بەو شێوەیە نییە کە باس دەکرێت، ئەم چەکە دێتە وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەت بەسەر بەرەکانی جەنگدا دابەشی دەکات.

**رووداو: بەپێی ئەو راپۆرتانەی لیژنەی وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر دۆخی پێشمەرگە و چەک ئامادەی کردووە، هی ئەوەیە وەزیری پێشمەرگەی لەسەر بانگهێشت بکرێت؟**

**یوسف محەممەد:** ئەوە بڕیارێکە دەبێت ئەندامانی پەرلەمان بیدەن.

**رووداو: ئێوە چ گۆڕانکارییەکتان لە چۆنیەتی دەرکردنی یاساکان، چۆنیەتی ئیدارەدانی دانیشتنەکانی پەرلەماندا کردووە.**

**یوسف محەممەد:** دانیشتنەکانی پەرلەمانمان کردووە بە راستەوخۆ. ئەمەش وایکردووە خەڵکی کوردستان ئاگادار بن لە پەرلەمان چ دەگوزەرێت. جگە لەوەش هەوڵمان داوە هیچ فراکسیۆنێک نەبوێرین کە پرۆژە یاساکانی خوێندنەوەی بۆ بکرێت. وامانکردووە هەر پرۆژە یاسایەک لە لیژنەکان کارەکانی تەواو بووبێت جا هی هەر فراکسیۆنێک بێت، بهێندرێتە هۆڵی پەرلەمان. دەرفەتمان رەخساندووە بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان کە رای خۆیان بڵێن؟

**رووداو: پەرلەمانی کوردستان چ بەدواداچوونێکی کردووە بۆ ئەو کچ و ژنە ئێزدیانەی لەلایەن داعشەوە رفێندراون؟**

**یوسف محەممەد:** لیژنەی ژنان لە پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ ئەم بابەتە کردووە و سەردانی مەیدانیی هەندێک شوێنی کردووە کە قوربانیانی ئەو رووداوانە رەنگە گەیشتبنەوە کوردستان. رەنگە چەند شایەتحاڵێک هەبن و داوامان کردووە دەست بکەن بە کۆکردنەوەی بەڵگە لەو رووەوە.

ڕووداو
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

## گۆڵف کێستۆن دەگەڕێتەوە



**ڕووداو — هەولێر**

کۆمپانیا نەوتییەکان کە بەهۆی هێرشەکانی داعش، کارەکانیان لە کوردستان ڕاگرتبوو دووبارە دەستبەکاردەبنەوە کۆمپانیای گۆڵف کێستۆن لە سێ هەفتەی ڕابردوودا زۆربەی کارمەندە بیانییەکانی لە کێڵگەی شێخان کشاندەوە، بەڵام دوای پێشڕەوی هێزەکانی پێشمەرگە ئێستا کۆمپانیاکە ڕایگەیاندووە کارەکانی دەستپێدەکاتەوە. گۆڵف کێستۆن ڕایگەیاندووە کە ئەم هەفتەیە هەندێک لە کارمەندانی دەگەڕێننەوە بۆ کوردستان. جۆن جێر ستنلاور، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە ڕایگەیاند کە ڕەوشی ئەمنی هەرێمی کوردستان بەبڕوای ئەو تەواو جێگرەو کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی گەشتەکانیان بۆ کوردستان دەستپێکردووەتەوە.

# بەغدا 15 ملیۆن دۆلاری فڕۆکەخانەکانی کوردستان ناداتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دەسەڵاتی فڕین و گەشتە ئاسمانییەکان، بووەتە یەکێکی دیکە لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و لە وتووێژەکانی پێکهێنانی حکومەتدا، کورد دەیەوێت بەغدا گەرەنتی ئەوەی بداتێ کە دەست ناخاتە گەشتی ئاسمانیی کوردستانەوە.

فریاد ڕواندزی، ئەندامی شاندی دانوستانکاری کورد لە بەغدا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە گفتوگۆکانمان لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی، جەختمانکردەوە کە دەبێت دەسەڵاتی هێڵی ئاسمانی مەدەنی لە کوردستان لە کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستاندا بێت".

ڕێگرییە زۆرەکانی گەشتکردن و ئەو قەدەغە زۆرەی حکومەتەکەی نوری مالیکی خستییە سەر ئاسمانی باشووری کوردستان، بەتایبەت کاتێک ڕێگە نەدرا فڕۆکەیەکی تورکی، وەزیری وزەی ئەو وڵاتە بگەیێنێتە هەولێر بۆ بەشداریی لە کۆنفرانسێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، کوردی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی ئەگەر بەشداریی حکومەت بکەنەوە، پێویستە دەسەڵاتی ئاسمانی بۆ لیستی داواکارییەکانیان زیاد بکەن.

ڕواندزی گوتی کە هێشتا ناتوانن گەشبین بن بە هەڵوێستی لایەنی هاوپەیمانی نیشتمانی، چونکە وەک ئەو دەڵێت "لە کارنامەی هاوپەیمانی نیشتمانیدا خواست و داواکارییەکانی کورد، وەک ئەوەی داوای دەکەین جێی نەکراوەتەوە".

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، حکومەتی باشووری کوردستان پرۆژەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکاری لە ئاسمانیشەوە دەستپێکرد، کاتێک فڕۆکەخانەی هەولێری کردەوە و بەدوای ئەویشدا فڕۆکەخانەی سلێمانی، بەڵام لە ساڵانی دواتردا دەرکەوت ئەگەر دەسەڵاتیان بەسەر ئاسمانەکەی خۆیاندا نەبێت، بەغدا دەتوانێ کێشەی گەورە بۆ ئەو فڕۆکەخانانە دروست بکات کە دەروازەیەکی گرنگی هەرێمی کوردستانە بەرەو دنیای دەرەوە.




هەردوو فڕۆکەخانە نێودەوڵەتییەکەی هەولێر و سلێمانی، دەڵێن لەلایەن بەغداوە ئاریشەی زۆریان بۆ دروستدەکرێت. ئەوان لەو بارەیەوە نموونەی زۆریان لەبەردەستدایە. بەڵام ئەوەی زیاتر ئێستا باسیدەکەن، بێبەشکردنیانە لەو داهاتانەی بەغدا دەستیگرتووە بەسەریدا.

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێر دەڵێ ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەموو پێداویستییەکانی بوون بە دەوڵەت هەیە "بەڵام دەوڵەتێکی بێ ئاسمان". تەلار فایەق، باسی داهاتی (پارکینگی فڕۆکەخانەکان دەکات و دەڵێ بەغدا نایگێڕێتەوە بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی "ئێستا 5 ملیۆن دۆلاری پارکینگی فڕۆکەخانەی هەولێریان لەلایە و نایدەن، من تەنیا یەک جار بە هەوڵێکی زۆر پارەی پارکینگم لێوەرگرتن، بەڵام تاوەکو ئێستا یەک دیناریان نەداوە بە فڕۆکەخانەی سلێمانی".

لەساڵی 2008 پرۆژە یاسای دامەزراندنی دەزگای فڕۆکەخانەکانی شارستانی هەرێمی کوردستان درایە پەرلەمانی کوردستان و دووساڵ دواتر ئەو یاسایە پەسەندکرا کە لە 30 مادە پێکهاتووە. لەمادەی پێنجەمی ئەو یاسایەدا هاتووە "کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی ئیدارە و هونەریی خۆی دەبێت و بودجەیەکی تایبەتی لەناو بودجەی وەزارەتەکەدا دەبێت، فەرمانبەریک بە پلەیەکی تایبەت سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت و لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێت"، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو دەزگایە دانەمەزراوە.

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی سلێمانی دەڵێت، دەبووایە دوای پەسەندکردنی ئەو یاسایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگاکەی دابمەزراندایە.

ناوبراو باسی جۆرێکی دیکە لە داهاتی فڕۆکەخانەکان دەکات کە کورد لەوەش بێبەش کراوە و پێیدەگوترێ پارەی (تێپەڕینی ئاسمانی)، مەبەست لە پارەی تێپەڕینی فڕۆکەی هەموو ئەو وڵاتانەیە کە بەئاسمانی کوردستاندا تێدەپەڕن. تاهیر عەبدوڵڵا لەبارەی بڕی ئەو پارەیەی کە تاوەکو ئێستا دەگەڕێتەوە خەزێنەی بەغدا، گوتی "نازانین چەندە و چی لێدێت". بەڵام تەلار فایەق دەڵێت "لەوانەیە سەتان ملیۆن دۆلار بێت، ئێمە لەوەش بێبەشین".

لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا، پرۆژە یاسایەک بۆ هەموارکردنەوەی یاسای فڕۆکەوانی مەدەنیی عێراق برایە پەرلەمان و کورد بە توندی ڕەتیکردەوە، چونکە وەک شوان محەممەد تەها، پەرلەمانتاری پێشووی کورد دەڵێت "بینیمان هیچ دەسەڵاتێکی نەدابووە کورد لەو بوارەدا".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە دەستیکەوتوون، بەغدا بڕی 10 ملیۆن دۆلار پارەی پارکینگی ئەو فڕۆکەخانەیەی لایە و نەیداوە. سەرچاوەکە گوتیشی "چەندین جار لە ڕێگەی پەرلەمانتارانی کورد و حکومەت و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنەوە، هەوڵدراوە ئەو پارەیە وەربگرینەوە، بەڵام سوودی نەبوو".

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەڵێ بەهۆی ئەوەی دەزگای فڕۆکەوانی مەدەنی لە باشووری کوردستان نییە، بەغدا بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ فڕۆکەخانەی هەولێر و بە جۆرێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ فڕۆکەخانەی سلێمانی دەکەن "جگە لەوە، دەزگای فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق یەک دینار ناداتە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەش وایکردووە خەرجی فڕۆکەخانەکانمان بکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

ئەحمەد ڕەشید، ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەڵێ لە مادەی 110ی دەستووردا دەسەڵاتی ئاسمانی باسنەکراوە "بەڵام مالیکی بۆخۆی ئەو دەسەڵاتەشی لە کورد سەندبووەوە".

وەک بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان باسیدەکەن، ئێستا جگە لە 15 ملیۆن دۆلاری داهاتی پارکینگ، کە دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق دەستی بەسەردا گرتووە، داهاتی دیکەش هەروا لە کوردستانەوە دەچنەوە کیسەی بەغدا، بەڵام ئەوە دەکەوێتەوە سەر ئاکامی گفتوگۆکانی شاندی کورد لە بەغدا کە دەیانەوێ لەچوارچێوەی داواکارییەکانی کورددا، دەسەڵاتەکانی فڕینی مەدەنی و فڕۆکەخانەکانیش جێ بکەنەوە.

## ئەگەر پلانی بۆ دابنرێ

# "تاوەکو شەش ساڵی دیکە پێویستمان بە سێوی هاوردە نامێنێ"



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی سێو. ئەو پێیوایە ئەگەر چاندنی سێو پلانی بۆ دابنرێت، لە شەش ساڵی داهاتوودا پێویستمان بە سێوی هاوردەکراو نامێنێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، تێکرای بڕی بەکاربراوی بەربوومی سێو لە 5 ساڵی ڕابردوودا 355 هەزار و698 تۆن بووە، لەم بڕەش نزیکەی 82 هەزار تۆن بەرهەمی ناوخۆ بووە کە دەکاتە ڕێژەی 23% ی بڕی بەکاربراو.

تارق تاهیر، بەڕێوەبەری پلاندانان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵ دەڵێت "بەرهەمی ناوخۆی سێو بەگوێرەی خزمەتکردنی باخەکان لە ساڵێک بۆ ساڵێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی ساڵانە لەنێوان 12 تاوەکو 25 هەزار تۆنە".

پسپۆڕانی بواری ڕەزگەری دەڵێن، کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ چاندنی سێو بەگشتی، تەنیا ئەو خاکانە نەبێت کە کەم ڕێگە بەچوونە خوارەوەی ئاو دەدەن، یان لمیان زۆرە، باشترین ناوچەش ئەو ناوچانەن کە فێنکن.

تارق تاهیر دەڵێت بەهۆی گۆڕانکاری لە کەشوهەوای جیهاندا، پلەی گەرمی ناوچەکانی کوردستانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بۆیە پێویستە ئەو جۆرە سێوانە بچێندرێن کە کەمتر پێویستیان بە فێنکییە.

گوتیشی "ئەو جۆرە سێوانەی لەکوردستان هەن، بەشێوەیەکی گشتی لەو جۆرانەن کە هەوای ساردیان پێویستە، بۆیە سێو لەناوچەکانی وەک بەرواری باڵا، چۆمان، دۆڵی بالیسان و پێنجوێن دەچێنرێت و کوالیێتی بەرهەمەکەشیان باشترە".

سێو نزیکەی 7500 جۆری هەیە، بەڵام لەکوردستان تەنیا نزیکەی 29 جۆری هەیە کە 20 جۆریان هاوردەن و 9 جۆری دیکەش کێوین.

### سێوی بەرواری باڵا باشترینە

ئەو شارەزایەی بواری ڕەزگەری دەڵێت هەموو وڵاتێک بۆ پەرەپێدان و باشترکردنی بەرهەمی سێوی خۆماڵی، بەردەوام لەڕێگەی توێژینەوە و وەرگرتنی جیناتی جۆرەکان و گونجاندنی لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکان هەوڵ بۆ باشترکردنی بەرهەمەکان بەگوێرەی بازاڕ و خواستی بەرکاربردنی وڵاتەکەی دەدات "بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەو توانایەمان نییە، بۆیە تائێستا تاکە جۆری سێوی خۆماڵی کوردی سێوی بەرواری باڵایە کە ئەویش بەرێکەوت بەر لە 70 ساڵ لەلایەن شێخێک لەگوندی مایی بەتۆو چێنراوە. دواتر بەهۆی جێگۆڕکێی شوێن گۆڕانکارییەکی جینی بەسەردا هاتووە و ئەم جۆرە سێوەی لێ دروستبووە".

### 75 گوند ژیانیان لەسەر سێوە

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، لەو 82 هەزار تۆن سێوەی لە 5 ساڵی ڕابردوودا بەرهەم هاتووە، 75%ی بەرهەمی باخەکانی دەڤەری بەرواری باڵای پارێزگای دهۆک بووە.

زیاد عەبدولواحید، ئەندازیاری کشتوکاڵ و بەرپرسی هۆبەی باخداری لە لقی کشتوکاڵی کانی ماسی دەڵێت هەرچەندە ڕووپێوییەکی گشتی نەکراوە بۆ دیارکردنی ڕووبەری باخەکانی سێو لە بەرواری باڵا، بەڵام لە 75 گوندی ناوچەکە زیاتر لە 4 هەزار خێزان بەچاندن و بەرهەمهێنانی سێووە خەریکن. گوتیشی "بەهۆی نەبوونی پلانی بەبازاڕکردن ناتوانین بڕی ڕاستەقینەی بەرهەمی ناوچەکە دیاری بکەین، بەڵام بەرهەمی یەک دۆنم باخی سێو ئەگەر هیچ گرفتێکی نەبێ دەگاتە نزیکەی 7 تا 8 تۆن، ئەگەر وادابنێین بەرهەمی باخی هەر خێزانێک 4 تا 5 تۆن سێو بێت، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی ناوچەکە 16 تا 20 هەزار تۆن دەبێت".

ئەو بەرپرسەی لقی کشتوکاڵی کانی ماسی، سەبارەت بەگرفتەکانی بەرهەمی سێوی جوتیارانی ناوچەکە دەڵێت "گرفتی سەرەکی ناوچەکە بەبازاڕکردنی بەرهەمە، چونکە بەرهەمی ناوچەکە لەیەککاتدا لەمانگی 10 و 11 پێدەگات، ئەمەش نرخی بازاڕ زۆر دادەبەزێنێ کە هەندێ جار پارەی کرێی گواستنەوەش ناکات". گرفتی دیکە، بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی کشتوکاڵ کرمی سێوە، کە ساڵانە زیانێکی زۆر بە بەرهەمی جوتیاران دەگەیەنێت، ئەمە بێجگە لەکەمی دەرمانی قڕکەری کرم و کەمبوونەوەی ئاو لەناوچەکە و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما کە زیانی هەیە بۆ سێوی ناوچەکە.



وەزارەتی کشتوکاڵ بەرهەمی سێوی وەک یەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکانی میوە دیاریکردووە، بۆ پاراستن و گەشەپێدانیشی، لەساڵی 2010 پرۆژەیەکی بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی باخەکانی سێو لەناوچەی بەرواری باڵا ئەنجامداوە.

### باشترین چارەسەر دامەزراندنی کارگەیە

ئەدمون ئەیوب، جوتیارێکی کریستیانی دەڤەری بەرواری باڵایە، خاوەنی چەند باخێکی سێوە، تێکرای بەرهەمی ساڵانەی باخەکانی دەگاتە زیاتر لە 20 تۆن. ئەدمون دەڵێت "ئەمساڵ بەهۆی شەپۆلێکی سارد لە وەرزی گوڵکردنی داری سێو، بەرهەممان زۆر کەم بوو، باخی وا هەیە هیچ بەرهەمی نییە".

ئەو جوتیارە کە ژیانی لەسەر باخەکانیەتی، نیگەرانە لەکەمیی هاوکارییەکانی حکومەت و دەڵێت "حکومەت وەک پێویست دەرمانی قڕکەری کرم و پەینمان ناداتێ، دوو ساڵیشە پاڵپشتی بەبازاڕکردنی بڕیوە، ئەمەش زیانی زۆر بەئێمە گەیاندووە، خەڵک بەگشتی لە پەروەردەکردنی باخەکانیان ساردبوونەتەوە".

حوسێن حەمە کەریم، بەڕێوەبەری گشتی ڕەزگەری و دارستانی هەرێمی کوردستان، پێیوایە باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بەبازاڕکرن و بەرەو پێشبردنی بەرهەمی سێوی ناوچەی بەرواری باڵا دامەزراندنی کارگەیەکی لەقوتونان و دروستکردنی سرکەیە لە ناوچەکەدا، بۆیە لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە داوا لە وەبەرهێنەران و سەرمایەدارانی ناوخۆ دەکات، کارگەیەک دروست بکەن، گوتیشی "ئامادەی هەموو هاوکارییەکین بۆ هەر وەبەرهێنەرێک ئەم کارە بکات، دڵنیاشم قازانجی زۆر دەکات".

#### بڕە سێوی بەکاربراو (بە تۆن) لە 5 ساڵی ڕابردوودا

| جۆری بەروبووم | 2009 | | 2010 | | 2011 | | 2012 | | 2013 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوخۆ | 17.358 | 21% | 12.615 | 51% | 11.619 | 16% | 14.916 | 18% | 25.383 | 27% |
| هاوردە | 65.306 | 79% | 11.916 | 49% | 62.978 | 84% | 63.628 | 83% | 69.980 | 73% |
| کۆی گشتی | 82.664 | 100% | 24.531 | 100% | 74.606 | 100% | 78.544 | 100% | 95.362 | 100% |

ڕووداو
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

# کورد یەک ساڵی داناوە بۆ ریفراندۆم لە کەرکووک



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

لەکاتی گفتوگۆکانی نێوان شاندی دانوستانکاری کورد و هاوپەیمانی نیشتمانی، شاندی کورد داوای روونکردنەوەی زیاتریان لە عەبادی کردووە و هاوپەیمانی نیشتمانیش بەرچاوی کوردی روون نەکردووەتەوە لەوەی کە چۆن کێشەکانی کورد چارەسەر دەکات. شاندە کوردییەکە پێداگیرییان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 کردووە لەماوەی ساڵێکدا، بەبێ ئەوەی یەک رۆژی بۆ درێژ بکرێتەوە.

لەکاتی سەردانەکەی بۆ شاری کەرکووک، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی "مادەی 140 جێبەجێ بووە". بەڵام ئێستا شاندە کوردییەکە کە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە و سوننەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت لە بەغدان، کاغەزێکی چەند خاڵییان بەدەستەوەیە و لەنێویشیاندا داوای جێبەجێکردنی مادەی 140 دەکەن.

ئایا کورد لە قسەکەی بارزانی پەشیمان بووەتەوە؟

محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، دەڵێ هێشتا ئەوە مانای وایە مادەی 140 جێبەجێ بووە "بەڵام خۆ دەبێت ئەوە لەگەڵ بەغدا یەکلایی بکرێتەوە، وەک زەوی و لەسەر زەمینی واقیع بەڵێ جێبەجێ بووە". ناوبراو بەگرفتی نازانێ کورد بۆ چوونەوە ناو حکومەتی عەبادی باسی جێبەجێکردنی مادەی 140 بکات، هەرچەندە وەک خۆی دڵنیایە لەوەی کورد ئەمجارەش لەگەڵ بەغدا ناگاتە ئەنجام. بەڵام پێیوایە "متمانە کاتێک دەگەڕێتەوە کە عەبادی لەکارنامەی خۆی بڵێ لەماوەی ئەوەندەدا داواکارییەکانی کورد جێبەجێ دەکەم".

## قەرەبوو وەستاوە

کاکەڕەش سدیق، سەرۆکی ئۆفیسی کەرکووکی جێبەجێکردنی مادەی 140 بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند، دوای 3 جار کات درێژکردنەوە بۆ تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی مافی قەرەبووکردنەوەیان هەیە، ئێستا ناو تۆمارکردن بەتەواوی داخراوە "سەرەتا 6 مانگ درێژمان کردەوە، دواتر 3 مانگ، دواجاریش یەک مانگ بوو، زیاتر بۆ ئەو کەسانەبوو کە لە ئەوروپا نیشتەجێن، ئێستا بۆ ئەوانیش داخراوە".

کاکەڕەش سدیق دەڵێ "زیاتر لە 7 هەزار کوردی ئاوارە و 3 هەزار عەرەبی هاوردە، چاوەڕوانی وەرگرتنی پارەی قەرەبووی مادەی 140 دەکەن". بەڵام رووداوەکانی ئەم دواییە و نەمانی پارە لە کەرکووک و لیژنەی مادەی 140 و ئەو بارگرژییەش کەوتە پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، نەک تەنیا مادەی 140، بەڵکو زۆر پرسی دیکەشی پەکخست.

کاکەڕەش سدیق گوتیشی "لەماوەی کارکردنیاندا 48 هەزار ئاوارەی کورد و تورکمان و عەرەبی کەرکووک قەرەبوویان وەرگرتووە، لەگەڵ 14 هەزار عەرەبی هاوردە". هەروەها "28 هەزار عەرەبی هاوردە ناویان تۆمارکردووە بۆ وەرگرتنی پارەی قەرەبوو، 21 هەزاریان مافی وەرگرتنیان هەیە، 14 هەزاریان پارەی قەرەبوویان وەرگرتووە، بەڵام تەنیا 2 هەزار لەوانە کەرکووکیان جێهێشتووە.

## پێش ریفراندۆم پێشمەرگە سنوور دیاری دەکات

ئێستا بەشێک لەو ناوچانەی دەکەونە نێو سنووری باشووری کوردستانەوە لە بندەستی داعشدان، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە (رووداو) لە بەرپرسێکی پلە بەرزی وەرگرتووە کە بەرپرسی یەکێک لە میحوەرەکانی جەنگە، پێشمەرگە لە پێشڕەوییەکانی بەردەوام دەبێت "تاوەکو هەموو ئەو ناوچانە ئازاد دەکاتەوە، کە داعشی تێدایە". بەرپرسەکە هەروەها دەڵێ "نەخشەی پێش ساڵی 1975سنووری کوردستانە و پێشمەرگە پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەو ناوچانە ئازاد دەکاتەوە".

بەڵام نەرمین عوسمان، جێگری بەرپرسی پێشووی لیژنەی باڵای جێبەجیکردنی مادەی 140 ئەوەی بە گرنگی دەزانێ کورد بیکات "دیاریکردنی سنوورەکەیەتی پێش ئەوەی ریفراندۆم بکات، کورد پێویستی بە سەرژمێری نییە، چونکە هەڵبژاردنی ئەمدواییە بۆ خۆی سەرژمێری بوو".

نەرمین عوسمان، باسی یەکێک لە کەموکوڕییەکانی کورد دەکات لە بارەی پرسی مادەی 140 ەوە و دەڵێ بۆ خۆشمان بەرچاومان روون نییە "ریفراندۆم لەسەر ئاستی پارێزگاکان دەکەین یان قەزا، چونکە نازانن سنوورەکانمان کامەیە، بۆیە دەبێ جەخت لەسەر دیاریکردنی سنوور بکەینەوە".

نەرمین عوسمان باسی کێشەیەکی دیکە دەکات و دەڵێ چارەنووسی داعش لەم ناوچەیە وامان لێدەکات لەکاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم و دیاریکردنی سنووردا، دیسانەوە تووشی کێشە ببین "ئایا داعش لەم ناوچەیە دەمێنێتەوە یان کۆتایی دێت".

کورد بەبێ شنگال و حەمرین ریفراندۆم ناکات

بەرپرسانی کورد جەختدەکەنەوە گەڕانەوەیان بۆ بەغدا بە مانای نەرمی نواندن نایێت لەبەرامبەر داواکارییەکانیان، کە زیاتر خۆی لە مادەی 140 و بودجە و چەکی پێشمەرگە و بودجەی هەرێمی کوردستان و نەوت و غاز و سەربەخۆی فڕین لە ئاسمانی کوردستان دێت.

سەرچاوەیەکی نزیک لە شاندی دانوستانکاری کورد لە بەغدا، رایگەیاند هەوڵی کورد ئەوەیە پێشئەوەی ریفراندۆمەکەی ئەنجام بدات، شنگال و حەمرینیش کۆنترۆڵ بکاتەوە "بەڵام ئەگەر لەو ماوەیە نەکرێت کە بۆ مادەی 140 دیاریکراوە، ئەوا هە ریفراندۆمەکە ئەنجام دەدرێ بەبێ ئەو ناوچانە و دواتر لەو ناوچانە ریفراندۆم ئەنجامدەدرێ".

بەڵام بەرپرسی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، رەخنە لە دیاریکردنی ماوەی ساڵێک دەگرێت بۆ مادەی 140 و دەڵێ دەبێ "بە زووترین کات ئەوە بکرێت و نەبەسترێتەوە بە کاتەوە". ئەحمەد عەسکەری پێیوایە چیدی سوپای عێراق ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ کەرکووک.

## "عەبادی خۆی لە ریفراندۆم دەدزێتەوە"

شاندی دانوستانکاری کورد و هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە، نەیانتوانیوە بگەنە رێککەوتن لەسەر کارنامەی حکومەت، کورد داوایکردووە لە ماوەی ساڵێکدت عەبادی مادەی 140 جێبەجێ بکات. وەک خالد شوانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق باسیدەکات، شیعەکانیش تەنیا گوتویانە داواکاری کورد چارەسەر دەکەین بەبێ ئەوەی بەڵێن بدەن لەو ماوەیە بیکەن "بۆیە شاندی کورد پرسیاریان کردووە، ئەگەر ساڵەکە تەواوبوو چیدەکەن؟ ئەوە خاڵی ناکۆکییان بووە، دواتر شاندی کورد گوتویەتی ئەگەر لەو ماوەیە جێبەجێتان نەکرد، یەک رۆژ درێژ ناکرێتەوە و ئەوکات خۆمان ریفراندۆم دەکەین".

خالد شوانی وردەکاری زیاتری کۆبوونەوەکەی بۆ (رووداو) باسکرد و دەڵێ لەسەر ئەوە پێکنەهاتوون و کوردیش زۆر بە "روون و راشکاوی بەڵێنی نووسراوی دەوێ". گوتیشی "ئەو ناوچانە بەشێکن لە کوردستان و ئەو سەردەمە رۆیی کورد بە دیار بەڵێنەوە دابنیشێت".



## د.محەممەد ئیحسان:
# کورد دەبێت دەستبەرداری هەندێک لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بێت

### قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی 140 گەیشتووەتە ریفراندۆم

**ئاسۆ فیشەگی**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی کورد پێشنیاز دەکات بۆ گەڕانەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ سەر ئیدارەی باشووری کوردستان، دەبێ کورد دەستبەرداری هەندێک ناوچە ببێت کە زۆرینەی دانیشتووانەکانیان عەرەبن. بەڵام هەندێک لە بەرپرسانی کورد پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن سنووری باشووری کوردستان تاوەکو چیای حەمرینە.

ناوچەکانی سنووری ماددەی 140ی دەستووری فیدراڵی عێراق کە بەسەر پارێزگاکانی هەولێر و نەینەواو سەلاحەدین و دیالە و واسیت و تەواوی پارێزگای کەرکووکدا دابەشبوون، جگە لەوەی خاڵێکی سەرەکی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقە، بە ئاستەنگێکی ئەمنیش دەناسرێن، بەوپێیەی ئەو ناوچانە عەرەبێکی زۆری هاوردە لەخۆدەگرن کە بەرپرسانی کورد و ئاوارە ئێزدییەکانی چیای شنگال هەندێک لەو عەرەبانەیان بە هاوکاریکردنی چەکدارانی داعش لە دژی کورد و پێشمەرگە تۆمەتبار کرد.

## 79 ساڵە عەرەب هاوردە دەکرێت بۆ کوردستان

مێژووی نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عەرەب لە ناوچەکانی سنووری ماددەی 140 کە دیارترینیان هۆزەکانی (شەممەر و جبوور و عوبێد و کرێییە) بۆ سەردەمی جیاواز دەگەڕێتەوە. مێژووی نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عوبێد و جبوور لە کەرکووک بەتایبەت لە باشووری رۆژئاوای کەرکووک کە شارۆچکەی حەویجە و دەوروبەری دەگرێتەوە، بۆ ساڵی 1935 دەگەڕێتەوە، بەڵام مێژووی نیشتەجێکردنی هۆزەکانی عەرەب لە ناوچەکانی مەخموور و شنگال و خورماتوو و خانەقین و جەلەولا بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو تا کۆتایی ساڵانی هەشتاکان دەگەڕێتەوە.

هەندێک لەو ناوچانە بە تەواوی تەعریب کراون، بۆیە ئێستا بۆچوونێک هەیە کە کورد لە پێناو گەڕاندنەوەی ناوچە کوردییەکان دەستبەرداری بەشێک لەو خاکە ببێت.

د.محەممەد ئیحسان، سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، شارۆچکەی حەویجە بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "گەڕانەوەی شارۆچکەی حەویجە لە پارێزگای کەرکووک و شارەدێکانی حەویجە بۆ سەر هەرێمی کوردستان کارەساتێکی گەورە دەبێ، بۆیە باشتروایە حەویجە نەبێتە بەشێک لە کوردستان، چونکە بەشێک لە عەرەبە دانیشتووەکانی ناوچەی حەویجە و رەبیعە و بگرە مەندەلی و بەدرەو جەسانیش لە پارێزگای واسیت کە بەشێکن لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لە چواچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە نەهاتوون، ئەوان پێش ساڵی 1968 کە بە دەستپێکی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە عێراق دەستنیشانکراوە، لە ناوچەکەدا نیشتەجێبوون، بۆیە ئێمە وەک هەرێمی کوردستان ناتوانین بەپێی یاسا و دەستوور بەو عەرەبانە بڵێین ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن".

د.محەممەد ئیحسان زیاتر دەڵێ "ئەگەر کورد هاوشێوەی عەرەب دەست بە پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی ئەوان بکات کە پێشتر لە دژی کورد پەیڕەویان دەکرد، دواجار دۆخەکە بە زیانی کورد دەشکێتەوە و مەترسی هەیە لە کۆتاییدا بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستانیش لە دەست بدەین".

دکتۆر محەممەد ئیحسان بەراوردی ژمارەی کورد و عەرەب دەکات لە هەندێک لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و دەڵێت "بە هەژمارکردنی ژمارەی عەرەبەکانی هەندێک ناوچەی کوردستانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان وەک حەویجە و مەندەلی و بەدرەو جەسان، عەرەب لەو ناوچانە زۆرینەن، بۆیە من پێشنیازم کرد کە دابەشکردنی دەسەڵات لەو ناوچانە بە لە بەرچاوگرتنی خودی پێکهاتەکان بێ، نەک قەبارەیان. بەواتایەکی دیکە لەو ناوچانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە کورد کەمینەیە، هەمان دەسەڵات و پۆستیان بدرێتێ کە بە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە دەدرێ کە عەرەب تێیاندا کەمینەن، ئەم پێشنیازەش باشترین رێگایە بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە مەترسی هەیە لەدەستبدرێن".

## "ریفراندۆم لەسەر ئاستی ناحیەکان بکرێت"

سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گوتیشی "دەستەکەمان پێشنیازی کردووە لەسەر ئاستی بچووکترین بازنەی ئیداری ریفراندۆم بکرێ کە ئەویش ناحیەیە، چونکە ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر ئاستی پارێزگا لە کەرکووک نەبێ لە تەواوی ناوچەکانی دیکە بە زیانی کورد دەشکێتەوە، چونکە کورد لە پارێزگاکانی نەینەوا و دیالە و سەلاحەدین و واسیتیش زۆرینە نییە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کورد واقیعیانە بیربکاتەوەو هەوڵی دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بدات، ئەگەر بە دەستبەرداربوونیش بێ لە هەندێک ناوچەی سنووری 140".

## حەنان فەتلاوی درکی سەر رێگای مادەی 140

د.محەممەد ئیحسان سەبارەت بە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی 140 گوتی "تاوەکو ئێستا دوو پرسمان لەگەڵ بەغدا یەکلاکردووەتەوە: یەکەمیان دەستنیشانکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دووەمیان دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە مافی بەشداریکردنیان دەبێ لە ریفراندۆمی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە، ئەوەش لەسەر بنەمای سەرژمێری ساڵی 1957 دەبێ و تەنانەت وەک دەستە کارەکانمان بە رادەیەک پێشخست کە کارتی بەشداریکردنمان لە ریفراندۆمیش ئامادەکردبوو، بەڵام حەنان فەتلاوی کە نوێنەرایەتی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی کاربەرێکەری عێراقی دەکرد لە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140، کارەکانمانی هەڵوەشاندەوە".

## تەنیا ریفراندۆم ماوە

د. محەممەد ئیحسان ئەوەشی خستەڕوو کە "سەرەڕای ئەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوەخت رایگەیاند ماددەی 140ی دەستووری عێراق نەماوە و کۆتایی هاتووە، بەڵام لە راستیدا ماددەی 140 هێشتا ماوە، بگرە ئێمە پێویستە بڵێین کە جێبەجێکردنی ماددەی 140 لە دوا قۆناغیدایە، ئەویش ئەنجامدانی ریفراندۆمە و پێشموایە بارزانی هەر ئەوەی مەبەست بووە، هاوکات پێویستە لەسەر سەرکردە و بەرپرسانی کورد داوای گەڕانەوەی چەمچەماڵ نەکەن بۆ سەر کەرکووک، چونکە چەمچەماڵ و ناوچەکانی هاوشێوەی چەمچەماڵ بەپێی دەستوور بەشێکن لە هەرێمی کوردستان و یەکلابوونەتەوە، بەڵکو دەبێ داوای گەڕانەوەی خورماتوو بکەین بۆ سەر کەرکووک کە هێشتا یەکلانەبووەتەوە، بەڵام پێشبینی ناکەم ئەو عەقڵیەتانەی کە لە بەغدا حکوم دەکەن، هیچ هەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 بنێن".

د.محەممەد ئیحسان رەخنەی لە هەندێک لە بەرپرسانی کورد لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان گرت و گوتی "هەندێک لە بەرپرسانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لەسەر کورسی پۆستەکانیان دانانیشن، بگرە کورسی پۆستەکانیان لەسەر سەری خۆیان داناوە و سەرقاڵی ململانێی وەرگرتنی پۆستن".

ڕووداو
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

# لە گرتنی زوممار چی قەوما؟

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

چەندین لاشەی چەکدارانی داعش لە لا ڕێگاکان کەوتبوون. دووکەڵ لە ئۆتۆمبێلە سەربازی و مەدەنییەکان بەرز دەبووەوە. باعەباعی مەڕ و قوقە قوقی مریشک و کەڵەشێر لەگەڵ دەنگی چەکەکان تێکەڵ بوو بوو. پێشمەرگەکانیش بەدەم بەرزکردنەوەی پەنجەکانیان وەک ئاماژەی سەرکەوتن پێدەکەنین. ئەمە دیمەنی داخڵبوونی هێزەکانی پێشمەرگە بوو بۆ نێو ناحیەی زوممار.

دوای 25 ڕۆژ جارێکی دیکە هێزەکانی پێشمەرگە بە پاڵپشتی هێرشی ئاسمانیی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، گەڕانەوە ناحیەی زوممار و بەشێکی ناحیەکەیان لە دەست چەکدارانی داعش دەرهێنا. هێرشی پێشمەرگە بە ئازادکردنی گوندی عەمەر خالید دەستیپێکرد و نەوەستان تاوەکو گەیشتنە نێو ناحیەی زوممار.

## تەرمێکی زۆر

لەو 30 گوندەی دەکەونە سەر ڕێگای ناحیەی زوممار و پێشمەرگە لە ماوەی 3 ڕۆژدا ئازادی کردن، بە دەیان ئۆتۆمبێلی سووتاو لە جۆری پیکاب، سالۆن، هەمەر و ئۆتۆمبێلی دیکەی سەربازی دەبینرێن. هەروەها چەندین خانوو و فەرمانگە بەرچاو دەکەون کە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکان داڕووخاون و بەشێکیان چەکدارانی داعشیان تێدابووە. بەڵام نازانرێت چەند چەکداری داعش لەو هێرشانەدا کوژراون.

لەو شوێنانەی بۆردومان کراون، کەللە سەر و دەست و قاچی پەڕیو دەبینی، ڕەنگە لاشەی 20 کەس بە یەکەوە بلکێنی تاوەکو لاشەیەکی تەواوت دەستدەکەوێت، هەندێک لە تەرمەکان سووتان و بوونەتە خەڵووز و تەنیا ئیسقانیان ماوە. بۆنی سووتانی لاشەکان ئەو ناوەی پڕکردبوو.

لە زۆربەی گوندەکان ستارەی خانووی ماڵەکان کونکراوە و وەکو سەنگەری بەرگری بەکارهاتووە لەلایەن داعشەوە. جگە لە چەکدارانی داعش ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبەکانی گوندەکانی زوممار کوژراون، بەڵام ژمارەیان نازانرێت. زۆر لە عەرەبەکانی ئەو ناوچانەش گوندەکانیان چۆڵ کردووە و لەگەڵ داعش ڕۆیشتوون، چونکە ئەوان دەزانن چ هەڵەیەکیان کردووە، کاتێک داعش هاتووەتە ناوچەکانیان و ئەوانیش پشتگیرییان کردوون.



## مەڕ و ماڵاتی بێ خاوەن

وەکو زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان، خەڵکی دێهاتەکانی دەڤەری شنگال و زوممارش بە کاری ئاژەڵدارییەوە خەریکن، دوای هاتنی چەکدارانی داعش خەڵک فریای ڕزگارکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیان نەکەوتن و تەنیا توانییان خۆیان و منداڵەکانیان ڕزگار بکەن. زۆر خێزانیش تەنانەت نەیانتوانی خۆیشیان ڕزگار بکەن.

لە نێو ئەو گوندانە و دەوروبەریان ژمارەیەکی زۆر ڕەشە وڵاخ و مانگا و گوێدرێژ و مریشک و کەڵەشێر و قاز و مراوی دەبینی کە خاوەنیان دیار نییە ئالیک و دانەوێڵەیان بداتێ. زۆربەیان لاواز و بێتاقەت دەردەکەون.

لە حەسارێکدا لە گوندێک 10 مانگا بە جارێک مرداربببوونەوە، چونکە ماوەی 25 ڕۆژ بوو کەس نەبوو ئاو و ئالیکیان بداتێ. بە لاوازییاندا دیاربوو کە چەندە بێ تاقەت بوون، هەر لە یەکێک لەو گوندانە مانگایەک ڕۆحی تێدا مابوو. کە هێزکانی پێشمەرگە گەیشتنە ئەو گوندە سەتڵێک ئاویان لەبەردەم دانا، بەڵام کەمێک دوای ئەوەی سەتڵە ئاوەکەی خواردەوە، مردار بووەوە.

## جگە لە پێشمەرگە کێی دیکە شەڕ دەکات؟

لە پاڵ هێزەکانی پێشمەرگە، چەند هێزێکی دیکەش دەبینرێن، ئەوانە خۆبەخشەکانن کە هەندێکیان لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕاونەتەوە، هێزی بەرپرسانی حیزبی و هێزی خەڵکی ناوچەکە. هەروەها هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشیش شانبەشانی ئەو هێزانە لە پێشڕەوی دابوون بەرەو زوممار.

شەڕەکە گەرمە، ناوبەناو قەناس پێشمەرگەیەک یان خۆبەخشێک دەپێکێت، لە ناکاو بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێک یان پێشمەرگەیەکدا دەتەقێتەوە، بەڵام ئەوانە هێرشەکانی پێشمەرگە ناوەستێنن، تەنانەت لە نێو هێزەکانی پێشمەرگە و خۆبەخشەکان خەڵکانێکی تێدابوو کەسانی نزیکیان بریندار دەبوو یان شەهید دەبوو، بەڵام ئەوان بەردەوام دەبوون لە پێشڕەوی.

پێشمەرگەکان و خۆبەخشەکان و هێزە ئەمنییەکان ئەوەندە گەرم بووبوون لە شەڕەکەدا، تەنانەت زۆرجار لە بەرپرسەکانیان تووڕە دەبوون، کاتێک ڕێگەیان پێنەدەدان زیاتر بچنە پێشەوە.

پێشمەرگەکان هەموویان تەلەفۆنیان پێیە، هەر کاتێک گوندێک و ناوچەیەکیان ئازاد کردبا بە تەلەفۆن ئەو مژدەیەیان دەدایە کەسوکاریان یان پێشمەرگە و هاوڕێکانیان لە میحوەرەکانی دیکەی شەڕ. هەندێک لە پێشمەرگەکانیش لەگەڵ ئازادکردنی هەر شوێنێکی تازە، دەستیان دەکرد بە گۆرانی و هەڵپەڕین.

# تەرمەکانیان بۆمبڕێژ دەکەن

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

پێشمەرگەکان دەڵێن هەندێک لەو گوندانەی لە سنووری گەرمیان و نزیک جەلەولا و سەعدیە ئازادیان کردوون، هێشتا داعشیان تێدا ماوە، چونکە چەکدارەکانی داعش هەر جێگایەکیان چۆڵکردبێ، بەمەترسیداری جێیانهێشتووە. ئێستا پێشمەرگە بەدیار تیمەکانی پووچەڵکردنەوەی ئەو تەقەمەنیانەوە دانیشتوون کە داعش دوای خۆی جێیهێشتوون.

فەرماندەیەکی سەربازی کە لە نزیک جەلەولاوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، گوتی ئەو زەوییەی ئێستا ئەو لەسەری ڕاوەستاوە و قسەدەکات "لە زەوییەکی سەلامەت ناچێ و دوور نییە بۆمبڕێژ کرابێ". ئەو فەرماندە سەربازییە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بەو پێیەی ڕێگەپێدراو نییە قسە بکات، دەڵێ "داعش تەنانەت قاپ و قاچاخی ماڵانیشی بۆمبڕێژ کردووە بۆ ئەوەی پێشمەرگە لەوە زیاتر پێشڕەوی نەکات و ناوچەی دیکە کۆنترۆڵ نەکات".

کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە گوندی (نەقشبەندی) نزیک جەلەولایان کۆنترۆڵ کرد، پردەکەیان بۆمبڕێژ کردبوو، لەڕاستیدا بۆمبڕێژ کردنەکە کارێکی ڕەمەکی نەبوو، چونکە ئەوان پێش ئەوەی پردەکە بتەقێننەوە، قەراخی پردەکەشیان بۆمبڕێژ کردبوو بۆ ئەوەی کاتێک ئۆتۆمبیلی پێشمەرگەکان ناچار دەبن بگەڕێنەوە، بێ زیان نەبن. هەر واش دەرچوو، بۆمبە چێندراوەکان بە ئۆتۆمبیلێکی ئەمبولانسدا تەقینەوە.

ئێستا ڕێنمایی دراوەتە هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگدا کە دەست بۆ هیچ شتێک نەبەن تاوەکو بە وردی لێی نەکۆڵرێتەوە، قوربانیەکانی پێشمەرگە دوای ئازادکردنی هەر جێگایەک کە کۆنترۆڵی دەکەنەوە، زیاتر لەچیرۆکی ئەو تینووە دەچێت کە پاش گەیشتن بە کانییەکی سازگار، بەهۆیەکی دیکە گیان لەدەستدەدات.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە سلێمانی، لەوەتای چەکدارانی داعش لە باشووری کوردستان شێوازی شەڕکردنی خۆیان گۆڕیوە، کارمەندەکانی ناچاربوون کێڵگە مینەکان بەرەو بەرەکانی جەنگ جێبهێڵن. سەباح حەمەخان، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە دوایین سەنگەری پێشمەرگە لە بەرەی جەلەولاوە قسەی بۆ (ڕووداو) کردو گوتی "هەرچی جۆری بۆمبیان هەیە، لەزەویدا دەیچێنن، بەشێوازی جۆراوجۆر دەیشارنەوە کە زۆر لە مین مەترسیدارترن". ناوبراو باس لە کەمیی توانا و کەرەستەی تیمەکانی دەکات کاتێک باسی بەرفراوانیی ئەو ناوچانە دەکات کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن بەرەی جەنگ و بۆمبڕێژ کراون.

سەباح حەمەخان، باسی شێوازی بۆمبڕێژکردنی زەوییەکان دەکات لەلایەن چەکدارانی داعشەوە و دەڵێت ئەگەر تیمەکان و شارەزایان دەستوبرد نەکەن، ژیانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە لە مەترسیدایە "هەموو شوێنێک بۆمبڕێژ دەکەن، لەناو تانکی ئاو، سەتڵ، تەنەکە، بلۆک، قاپ و قاچاخ، تەنانەت لەنێو لاشەی تەرمەکانیشدا بۆمب دادەنێن و بەوایەرێکی درێژ رایدەکێشن و پەیوەستی دەکەن بە مۆبایل و دواتر دەیتەقێننەوە".

بەپێی گێڕانەوەی پێشمەرگەکان، لە زۆربەی سەنگەرەکاندا چەکدارانی داعش کەسانی قەناسە بەدەست دادەنێن، کاتێک دەزانن پێشمەرگە تەنگی پێهەڵچنیون، چەند کەسێکی دیکە دێن و چواردەوری سەنگەرەکە بۆمبڕێژ دەکەن و دواتر چۆڵی دەکەن، کاتێک پێشمەرگە سەنگەرەکە کۆنترۆڵ دەکەن، چەندە ڕووبەڕووی چەکدارەکان دەبنەوە، دەبێ هێندەش وریای خۆیان بن "ئەوە دەستی ئێمەی گرتووە"، یەکێک لە پێشمەرگەکان وایگوت.

لیوا نەوشیروان ئەحمەد، جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان دەڵێ تەقەمەنییە چێنراوەکانی داعش چەند کاژێرێک هێرشەکەی دواخستوون "پردەکانیان دەتەقاندەوە و تەنیشتی پردەکانیشیان بۆمبڕێژ دەکرد".


داعش لەناوچەی گەرمیان بەو شێوەیە پلانی شەڕکردنی خۆی گۆڕیوە، ئەوەش دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی ئەو سنوورەیان کۆنترۆڵ کردەوە و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکان بە تەواوی پەرێشانی کردن.

یەکێک لە کارمەندانی هەڵگرتنەوەی مین دەڵێ "لەتەقاندنەوەی بۆمبە چێنراوەکاندا، ڕەنگە چەکدارانی داعش و ئەو عەرەبانەی هاوکارییان دەکەن، نزیکەی 2 هەزار مۆبایلیان بەکارهێناوە".

بەڵام سەباح حەمەخان، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی دەڵێ، جگە لە بۆمب تاوەکو ئێستا مینمان نەبینیوە "لەوانەیە لە دوورەوە چاودێری هەموو ئەو بۆمبە چێندراوانەش بکەن، چونکە هەندێکجار کە بۆ پوچەڵکردنەوەی بۆمبێک دەچین، ئەوان لە دوورەوە بە مۆبایل دەیتەقێننەوە".

بەرپرسانی کاروباری مین دەڵێن هەرچەندە پوچەڵکردنەوەی بۆمب، تایبەتمەندیی کاری ئەوان نییە و تەنیا مامەڵە لەگەڵ مین دەکەن، بەڵام گوتی "لە پێناوی پێشمەرگە لێرە دەمێنینەوە و پێ بەپێ لەگەڵیان دەڕۆین، ئەوان ئێمە دەپارێزن و دەبێ ئێمەش ئەوان بپارێزین".





# کۆڵانێکی پێنجوێن هێشتا مینی تێدایە

جەمال ئەحمەد جەمیل
ڕووداو- پێنجوێن

"لەوسەری ئەو کۆڵانە مین بە گەنجێکدا تەقییەوە و کوشتی". ئەو گەنجە باسی مەترسییەکانی مینی دەکرد، هەر لەنێو کۆڵانی گەڕەکەکەی خۆیانەوە پەنجەی بۆ شوێنی مینەکان رادەکێشا "لەولای دیواری ماڵەکەشمانەوە مین کەسێکی دیکەی کوشت"، هیوا ئەحمەد نیگەران بوو لەوەی هێشتا ناتوانن بە دڵنیایی پێبخەنە سەر زەوییەکە، تەنانەت لەبەردەرگای ماڵەکانی خۆشیاندا.

زۆر کەسی دیکە وەک هیوا دەترسێن لەوەی مینە شاراوەکانی ئەو جەنگەی کە خەریکە دەبێتە رابردوویەکی دوور، کۆتایی بە ژیانیان بهێنێت، بەڵام گلەییەکی زۆریش لە حکومەت و تیمەکانی مین هەڵگرتنەوە دەکەن، بۆچی چەند ساڵە ئەم کۆڵانە پاک ناکەنەوە.

هیوا ئەحمەد، مامۆستایە و دانیشتووی شارۆچکەی پێنجوێنە، ئاماژەی بۆ دەرگای ماڵەکەی دەکرد کە بەبەردەوامی داخراوە بەسەر منداڵەکانیدا، بەهۆی مەترسی ئەو کێڵگە مین ڕێژکراوەی چەند مەترێک بەتەنیشتییەوەیەتی "منداڵەکانم بەبێ چاودێری خۆمان نەبێت ناهێڵین بێنە دەرەوە، چونکە 5 مەترێک لە تەنیشتی ماڵەکەم مین هەیە". هیوا لەکاتێکدا باسی لە مینەکان دەکرد و دەیگوت جێگەی داخە شارۆچکەیەک بەو هەموو دەوڵەمەندییەوە، گەڕەکەکانی مینرێژکراوبێت "مینی جەنگێک خەریکە لەبیرمان دەچێتەوە، بەڵام ئێمە بەردەوام ببینە قوربانی شوێنەوارەکانی".

گەڕەکی ناوشاخان، دەکەوێتە دەروازەی شارۆچکەکە، لەنێو کۆڵانەکانیدا کاتێک هێماکانی ئاگادارکردنەوە لە بوونی مین دەبینیت، ترس داتدەگرێت و ئەو پرسیارە بەمێشکتدا دێت کە ئاخۆ دەبێ لەو گەڕەکەدا و لەماوەی ئەو ساڵانەدا چەند کەس بووبنە قوربانی، بەڵام دانیشتوانی گەڕەکەکە دەڵێن ئەو هێما و تابلۆیانەش نەیانتوانیوە ڕێگە لە زیانی گیانی بگرن".

عەلی رەئوف، قایمقامی قەزای پێنجوێن، ئاشکرای کرد لە سنووری قەزای پێنجوێن، 62 ملیۆن مەتردووجا زەوی مینرێژکراوە، تەنیا 10 ملیۆن مەتر دووجای لێپاککراوەتەوە، سەرجەم مینەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی نێوان عێراق و ئێران "لەسنوری شاره‌وانیدا مین بوونی هەیە، هەندێک شوێنی نیشتەجێبوونمان هەیە مینرێژکراوە کە ژیانی 24 کاتژمێری خەڵکی تێدایە".

هەروەها قەیمقامی قەزاکە گوتیشی "یەکێک لە شوێنەوارە خراپەکانی جەنگی عێراق و ئێران، تاوەکو ئێستا بەجێماوە تەنیا بریتی نییە لەو مینە زۆرەی لە قەزاکەدا دانراوە، بەڵکو تەقەمەنی جۆراوجۆری زۆریشی لێیە و تاوەکو ئێستا دەتەقێتەوە بەخەڵک و ئاژەڵدا".

قەزای پێنجوێن، بەدووری 96 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، بەدرێژایی 147کیلۆمەتر هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، بەگوتەی قایماقامی قەزاکە زۆربەی ئەو سنوورە مینرێژکراوە، 2 ناحیە و 127 گوندی ئاوەدانی لەڕووی کارگێرییەوە سەر بەقەزاکەن. ڕووبەری قەزاکە بەهەردوو ناحیەکەیەوە پێکهاتووە لە 1 هەزار و 127 کلیۆمەتر.

بەگوتەی گەنجێکی دانیشتوی شارۆچکەکە، ئەوان باجی زۆری مین دەدەن و جگە لە تەندروستی و ژیانی خۆیان، نەیانتوانیوە سوود لە شوێنە گەشتیارییەکانی شارۆچکەکەشیان وەربگرن. سەروان ڕەشید دەڵێت بەشێک لەناوچە مینرێژکراوەکانیان شوێنە گەشتیارییەکانی قەزاکەیە "مین کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر بەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتیاریی لە پێنجوێن، خەڵک دەترسن و ناوێرن بچنە ئەو ناوچانە".

شەڕی ئێران و عێرا ق، کە هەشت ساڵی خایاند، ئێران بە شەڕی بەرگری پیرۆز، شەڕی سەپێندراو ناوی دەبرد، عێراقیش بە شەڕی قادسیەی سەدام ناوی دەبرد. لەم شەڕەدا نزیکەی 500 هەزار سەرباز کوژرام. قەزای پێنجوێن یەکێک بوو لەو مەیدانانەی کە چەند جارێک شەڕی خوێناوی تێیدا ڕوویدا.

"پێنجوێن، بەهۆی هاوسنووری لەگەڵ ئێران لەساڵانی هەشتاکان مەیدانی جەنگ بووە، مین، تاوەکو ئێستا وەک ئاسەوارێکی بەجێماوی ئەو جەنگە، زیانی بۆ بەروبوومی کشتوکاڵی هەیە، چەندین کێڵگەی کشتوکاڵی دێم و بەراو لەبەرمەترسی مین ناتوانرێت بکێڵرێت". عەلی رەئوف وایگوت. لەگەڵ ئەوەشدا قایمقام داوا دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەدەر لە بودجەی قەزاکە، بودجەی تایبەت تەرخان بکات بۆ چارەسەری گرفتی مین "پێشنیاز دەکەم دوای تەواوبوونی ئەو باردۆخە سیاسییە حکومەت چارەسەری ئەو کێشەیە بکات".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە(324) دووشەممە 2014/9/1

## هونەرمەندانی سوێد دەبنە پێشمەرگە



**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

چەند هونەرمەندێکی کورد و سوێدی فانیلەیەک دەپۆشن کە لەسەری نووسراوە پێشمەرگە و ئاهەنگێکی خێرخوازیش سازدەکەن، بە مەبەستی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئاوارە و لێقەوماوانی شنگال. ئاهەنگەکە کە لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو، سەرکردەی پارتە سیاسییەکان وتاریان خوێندەوە. نوێنەری حکومەتی هەرێمی کودستان لە سوید لە گوتاری خۆیدا ئەم پشتگیرییەی بە "گرنگ و گەورە" وەسفکرد و جەختی لە پشتگیری دیکەی سوید کرد. ئەستێرەی ئاهەنگەکەش هونەرمەند دارین بوو، کە سوێدییەکی بە ڕەچەڵەک کوردە.



ڕۆژنامەکان باسی دەکەن

# چێشتخانەیەکی کوردی دەبێتە جێی سەرنجی بەریتانییەکان

**ئەیمی گەتمان**
**ڕووداو– لەندەن**

چێشتخانەیەکی کوردی لە لەندەن، لەماوەیەکی زۆر کورتدا بە ڕادەیەک ناسرا کە بووە بابەتی میدیاکانی بەریتانیا.

تۆمەر ئامێدی کە خاوەنی چێشتخانەکەیە، کوردی ئیسرائیلە و بەهاری ئەمساڵ ئەو چێشتخانەیەی لە لەندەنی پایتەخت کردەوە.

ترێسی مەکلۆد، کە ڕەخنەگری خۆراکە، لە دوا بابەتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی ئیندیپێندێنت، باس لە چێشتخانەکەی تۆمەر ئامێدی دەکات کە بەناوی پالۆمار ڕێستورانتە "دەبێ ئەو چێشتانە باسیان بکرێت، شەڕیان لەسەر بکرێت، وێنەیان لێ بڵاوببێتەوە و بە کورتی هەموو کەسێکی لێ ئاگادار بکرێتەوە".

تۆمەر ئامێدی، تەمەن 30 ساڵ، لە بواری ڕێستورانتدا تازەکار نییە و میراتی بەشێک لە چێشتخانە گەورەکانی ئۆرشەلیم و تەلئەبیبی ئیسرائیلی بۆ ماوەتەوە. تۆمەر و هاوکارانی بڕیاریانداوە ریستۆرانتی پالۆمار لە گەڕەکی "چاینا تاون"ی لەندەن بکەنەوە. ئەم ڕێستورانتە بچووکە کە بارێکی بچووک و چێشتگەیەکی (مەتبەخ) کراوەی هەیە، هەر لە ڕۆژی کردنەوەی تاوەکو ئێستا قەرەباڵغ بووە و شوێنی دانیشتنی بە زەحمەت لێ دەستدەکەوێ.

تۆمەر قاپی خواردنی بچووک بەکاردەهێنێت کە بە تێکەڵەیەک لە چێشتی میللەتانی جیاواز ڕازاوەتەوە و بیرهێنەرەوەی دانیشتووانی فرە نەتەوەی ئیسرائیلە. چێشتخانەکەی تۆمەر بە گوێرەی حەزی ئێستای خەڵک بەڕێوەدەچێت، کە تێیدا خۆراکی سادە، سووک و تەندروست بە تام و بەرامەی هەستبزوێنەوە پێشکەشی میوان دەکرێت.

### نۆرەی یەک هەفتەیە

جێین سانلی میوانێکی هەمیشەیی پالۆمارە، یەک هەفتە چاوەڕێ بووە تا مێزێکی لە چێشتخانەکەی تۆمەر دەستکەوت. ئەو دەڵێت "دار و بەرد باسی ئەو خواردنەی ئێرە دەکەن. چێشتەکە لە ڕاستیدا زۆر سادەیە. هەر کە چاوت بە لیستی خواردنەکانیان دەکەوێت حەز دەکەی هەرچی هەیە بیخۆیت، چونکە بەڕاستی خواردنی خۆشیان هەیە."

چێشتەکانی تۆمەر کاریگەریی فەرهەنگی خواردەمەنی کۆمەڵێک نەتەوەی ڕۆژهەڵاتیی لەسەرە وەک یەمەن و شام و مەغریب و تورکیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات، لەگەڵ میراتی بەرەبابی خۆیشی کە دەگەڕێتەوە سەر مەغریب و کوردستان. ئەمانە هەموویان وایانکردووە کە خۆراکەکان نایاب و سەرسوڕهێنەر دەرچن. تۆمەر خۆی دەڵێت بەرەبابە کوردییەکەی ئیلهامێکی زۆری لە چێشتلێنان داوەتێ.

ئەو دەڵێت "ماڵی باوکم بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە بۆ شارۆچکەی ئامێدی لە کوردستان. باپیرم ساڵی 1917 هاتە ئۆرشەلیم و هەر لەوێش خانوویەکی بۆ خۆی دروستکرد".

### چێشتخانەی کرێکاران

باوکی تۆمەر هەر بە گشتی زۆر سەودای چێشتلێنان بووە. تۆمەر دەڵێت "باوکم یەکەم چێشتلێنەری ڕێستورانتێکی کوردی عێراق بووە، خواردنی زۆر سادە، شتی وەک برنج و لەپەی زۆر کوڵاوی لێناوە و هەندێک کوببەشی لەگەڵدا بووە."

تۆمەر دەڵێت "ئەو ڕێستۆرانتە بچووکە خۆماڵیانەی کورد لە تاراوگە، لەڕاستیدا بەشێکن لە چیرۆکی لە مێژینەی کۆچ و کۆچبەران."

ئەو دەگێڕێتەوە کە "دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە هەموو قوژبنێکی ئەم دنیایە خەڵک ڕووی لێرە (ئیسرائیل) کرد و بڕیاریان دا بە یەکەوە بژین، هەر لە ئەورووپا و ئەرجەنتین و کوردستانەوە بگرە تا دەگاتە ئەسیوپیا و تورکیا. خەڵک ناچار بوون خۆیان لەگەڵ خواردنی نەتەوەکانی دیکە بگونجێنن و هەرچی هەیە بۆ چێشت بەکاریبهێنن. دیارە ئەوەش وایکرد کە خواردنەکان سادە دەربچن. ئێستا چێشتخانەیەکی یەکجار زۆری کوردی لە ئۆرشەلیمدا هەن کە بەڕاستی خواردنی خۆش لێدەنێن. ئێمە پێیاندەڵێین چێشتخانەی "کرێکاران"، چونکە ئەوەی دەچێتە ئەو شوێنانە بۆ خواردنی هەرزان دەچێت."

### دنیای نەنکی

لە ڕاستیدا شتێکی زۆر سەیر نییە کە تۆمەر بووەتە چێشتلێنەر، دایکی تۆمەر کە خەڵکی مەراکیشە، شەیدای لێنانی خۆراکی مەراکیشی بووە و باوکیشی کە عاشقی ژەمی کوردی بووە، ئاساییە کوڕێکی وایان لێ هەڵبکەوێت.

ئەو خواردنانەی کە لە ماڵەوە دروستیان کردووە بە دڵنیاییەوە کاریگەریەکی زۆری هەبووە بەسەر چێشتەکانی ئێستای تۆمەرەوە. ئەو دەڵێت زۆرینەی خۆراکە کوردییەکان دەستکردی عەشقن.

تۆمەر دەڵێت "چێشتی کوردی شتی کەمی تێدایە، بەڵام پرۆسەی لێنان دەخایەنێت و پشوودرێژیی دەوێت. گۆشت بە باشی پاک دەکرێتەوە و بە جوانی لێدەنرێت، بۆ نموونە کاتێک کە کوببەی پێ دروستبکەن. هەندێک کەرەستە بۆ ماوەی 4 کاژێر لەسەر ئاگر دەمێنێتەوە، دواتر وشکی دەکەنەوە و بەش بەشی دەکەن. واتە کاتێکی زۆری پێدەچێت بەڵام کەرەستەیەکی کەم بەکاردەهێنن. من بەم خواردنانە دەڵێم "دنیای نەنکم" چونکە ئەم خواردنانە شتێکی زۆر بیری من دەهێننەوە."

یەکێک لە گرنگترین بڕگەکانی چێشتی تۆمەر ئەوەیە کە لێدەگەڕێت خواردن زۆر بە هێواشی لەسەر ئاگر پێبگات. تۆمەر کۆمەڵێک خواردنی جۆراوجۆری لە نەتەوە و وڵاتانی جیاوازەوە وەرگرتووە. بەڵام زیاتر خواردنی مەراکیشی و کوردی تێکەڵ دەکات و خواردنی تازەی لێ دروست دەکات.

ئەو دەڵێت "خواردنی مەراکیشی تۆزێک تامی زیاتر و کەرەستەی زیاتری تێدایە، بەڵام پرۆسەکە زۆر کورتخایەنە. تێکەڵکردنی شتی بچووکی وەک لەپە و بیبەر و سیر. خواردنی کوردی کاتێکی زۆر زیاتری دەوێت."

### ورگی بەراز بە ساواری ئیسرائیلی

یەک لە خواردنە گرنگەکانی ڕێستورانتی پالۆمار، جگە لە نانی یەمەنی کە خێزانی تۆمەر دروستی دەکات، ورگی بەرازە. بەڵێ ورگی بەراز. ئەمە بە تایبەت بۆ خەڵکی بەریتانیا دروست دەکرێت و بەڕوونی کاریگەریی خێزانی تۆمەری بەسەرەوەیە.


ئەو دەڵێت "ورگی بەراز تێکەڵەیەکە لە شێوەی تازە و کۆن. ئێمە ساواری ئیسرائیلیشی لەگەڵدا بەکاردەهێنین. ساوارەکە بە ئاوی تەماتە لێدەنێین، بەڵام تێکەڵی دەکەین لەگەڵ تامی مریشک و پیازی سوورکراوە و دواتر ورگی بەرازەکەی تێدا دەکوڵێنین. بە گشتی بە شەو لەسەر ئاگر دایدەنێین. زۆری پێدەچێت. ئەمە پرۆسەیەکی درێژە کە کاریگەری منداڵی و بەشە کوردی و مەراکیشییەکەی ماڵەوەمانی لەسەرە. تەنانەت کەرەستەی تازەی ئێرەشی تێدا بەکاردەهێنین."

ئائا جیل، کە ڕەخنەگرێکی بواری خۆراکە و لە ڕاستیدا هەم دەتوانێت کەمەری ریستۆرانتێک بشکێنێت و هەم دەتوانێت یارمەتیی ناوبانگی بدات، لە گۆشەکەی ڕۆژنامەی ساندەی تایمزی خۆیدا باسی چێشتخانەکەی تۆمەر دەکات و دەڵێت "لەم چێشتخانەیەدا ئەوەندە ڕێزت لێدەگیرێت کە ناکرێت تێر خواردن نەبیت. ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆئەوەی چێشتێکی خۆشت بۆ دروستبکەن. ئەگەر دەچیتە ژوان و دەتەوێت سەربەرز لێی دەرچیت، من پێشنیاز دەکەم بچیتە ئێرە."

---

# کەرەمێ ئانقۆسی...

# قارەمانێکی کورد لە جۆرجیا



**سالحێ کەڤرپڕی**
**ڕووداو– تبلیسی**

هەر کاتێک باسی فەرهەنگ و وێژە و هونەری کوردی دەکرێت لە جۆرجیا، بە تایبەتی ڕادیۆی کوردی لەو وڵاتە، نابێت ناوی کەرەمێ ئانقۆسێ لەبیر بکرێت کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕادیۆیە. ئەو ئێستا وەکو گەنجینەیەکی زێڕ بۆ ستران و گۆرانی کوردی سەیر دەکرێت.

کەرەمێ ئانقۆسێ، ئێستا تەمەنی 75 ساڵە، نزیکەی نیوەی تەمەنی لە ڕادیۆی کوردی لە جۆرجیا بەسەربردووە، لە ماوەی ساڵانی 1978 — 2004 لە بەشی کوردی ڕادیۆی تبلیسی کاری مەزنی بۆ خزمەتی فەرهەنگ و وێژە و هونەری کوردی کردووە.

ئەو بەشە کە لە ساڵی 2004 بەهۆی تەنگژە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە داخرا، لە ساڵی 2007 بەناوی "ڕادیۆی ڕۆنکایی" کرایەوە. ئانقۆسێ جارێکی دیکە لە ڕێگەی مایکی ئەو ڕادیۆیەوە گوتی "دەما وە خوەش گوهدارێن ئەزیز". ڕادیۆی کوردی لەنێو جڤاکی کوردی جۆرجیا خاوەن ڕێزێکی گەورەیە. لەبەر ئەمە کوردی ئەم وڵاتە ڕێزێکی زۆر لە کەرەمێ ئانقۆسێ دەنێن.

ئانقۆسێ لە ساڵی 1937 لە شاری تبلیسی جۆرجیا لە خێزانێکی کوردی باکووری کوردستان لەدایکبووە. بنەماڵەکەی وەکو هەزاران بنەماڵەی دیکەی کورد، کە زۆربەیان کوردی ئێزدین، لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە زۆر ڕاگوێزراون بۆ وڵاتانی قەفقاسیا.

ئانقۆسێ باسی ڕەچەڵەکی خۆی دەکات و دەڵێت "دایک و باوکم خەڵکی گوندی سەید بەگن لە شاری وانی باکووری کوردستان. عەشیرەتەکەمان بەناچاری وڵاتیان بەجێهێشت و هاتنە قەفقاسیا. ناوچەکە ئەوکات لەژێر دەستی ڕووسیا بوو. دوای ڕاگەیاندنی یەکێتی سۆڤیەت، ئەوکات سنووری نێوان سۆڤیەت و تورکیا داخرا. گەورەکانمان ئیدی نەیانتوانی بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان. بەڵام غەریبی گوند و شاخ و کوێستانەکانی خۆیان دەکرد و ئەو خەم و ئازارەیان لەگەڵ خۆیان بردە گۆڕ".

کەرەمێ ئانقۆسێ لەسەرەتاوە تا کۆتایی خوێندنەکەی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە. لەساڵی 1956 لەتبلیسی خوێندنی ناوەندی بە میدالیای زێڕین تەواو دەکات و دەبێتە جێی سەرنجی هەموو مامۆستاکانی خۆی.

"زۆر حەزم لە خوێندن بوو. باپیرم، باوکم و ئامۆزاکانم هەموویان نەخوێندەواربوون، من بەو دەردە کەوتبووم. زمانی فەرمییان نەدەزانی، نەیاندەزانی دانوستاندن لەگەڵ حکومەت بکەن. منیش گوتم دەبێت بخوێنم. با ناوی میللەتی ئێمەش بەرز بێت".

زیرەکی و لێهاتوویی کەرەمێ ئانقۆسێ، زانکۆ حکومییەکان ناچار دەکات کورسییەکی خوێندنی بدەنێ، لە زانکۆیەکی ئەو وڵاتە بەشی فیزیا تەواو دەکات، دواتر دەچێتە زانکۆیەکی دیکە و بەشی ڕۆژهەڵاتناسی دەخوێنێت. ئانقۆسێ لەساڵی 1963 لە تاقیگەکانی فیزیا لە جۆرجیا دەست بەکارکردن دەکات.

ئەو دەڵێت "دەمویست وەکو فیزیاییەک لەسەر کارەکەم بەردەوام بم. ئەوکات بیرم هەر لەلای زانستی فەلەکی و گەردووناسی بوو. دوای ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ مامەوە، ویستم بچم بۆ مۆسکۆ لەزانکۆی لۆمۆنۆسۆڤ بخوێنم. لەوێ وەرگیرام".

### لە دین وەردەگەڕێت

ڕەنجەکەی کەرەمێ ئانقۆسێ بۆ چوونی بۆ ئەم زانکۆیە بەبا دەچێت. ئەو دەڵێت "بە باوکم گوت کە خەرجی ڕێگام بداتێ، گوتم دەچم بۆ مۆسکۆ دەخوێنم. ئەوان شوێنی خەوتنیشم دەدەنێ، مانگانەش مووچەیەکم پێدەدەن".

درێژەی دەداتێ و دەڵێت "ئاینی ئێمە ئاینی ئێزدیاتی بوو، باوکم لەڕووی ئاینەوە زۆر توند بوو. ترس و دلۆڤانی شێخ و پیرەکان لەلای ئەو زۆر بەهێز بوو. بانگی شێخ و پیرەکانی خانەوادەکەمانی کرد. باوکم گوتی: ئێوە چی دەڵێن؟ کەرەم حەز دەکات بچێتە مۆسکۆ بخوێنێت. ئەوانیش گوتیان: نا موریدە زاهیر، نابێت! خوێندن بۆ ئێمەی ئێزدی گوناحە. مەهێڵە! کەرەم دەچێت لەوێ دەبێتە ڕووس و لە دین وەردەگەڕێت، بۆیە باوکم نەیهێشت بچم".

### دەستی لە هەموو شتێکدا هەیە

لە جۆرجیا هیچ سازیەک و دامەزراوەیەکی کوردی نییە کە کەرەمێ ئانقۆسێ کاری تێدا نەکردبێت! لە یەکێتی مامۆستایانی کوردەوە تاوەکو یەکێتی پەڕلەمانتارانی کوردی جۆرجیا و یەکێتی ئێزدییەکانی جۆرجیا، زۆر چالاکانە کاری کردووە.

پاشان ناوەندی ئاینی ئێزدییەکانی دروستکردووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی ڕوناکبیرانی کورد لە جۆرجیا. ئانقۆسێ کە لەساڵی 1979 دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی جۆرجیا، تاوەکو ساڵی 1991 لەنێو ڕیزەکانی ئەو پارتە کاردەکات.

کەرەمێ ئانقۆسێ لەساڵی 1999 لەتبلیسی بەناوی "گەلاوێژ" یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەجۆرجیا دەردەکات. زۆر گەنجی کورد لە جۆرجیا لەسەر دەستی ئەو فێری خوێندن و نووسینی کوردی بوون.

### ئاوازدانەری گۆرانی "لێخن برانۆ لێخن"

ئانقۆسێ نەک تەنیا ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی کوردە. ئەو هەروەها ئاوازدانەر و گۆرانیبێژێکی بەتواناشە. لەساڵی 1975 گرووپێکی (ڕۆک)ی کوردی دادەنێت. ئاوازدانەری کورد (قادر دیلان) ئەوکات لە پراگ دەژیا، ئاگای لەو مەسەلەیە دەبێت و پەیوەندی بەئانقۆسێوە دەکات. بەمشێوەیە بەسەرهاتی دروستبوونی (ڕۆکی کوردی) گرووپی دیلان و گرووپی وەتەن دەگێڕێتەوە.

"لەبەر خاتری ناوی ئاوازدانەری گەورەی کورد قادر دیلان، ناوی گرووپەکەمان کردە (دیلان). دوای دوو ساڵ کێشە کەوتە نێوان ئەندامانی گرووپ و گرووپەکە پەرتوبڵاو بوو. دواتر کەرەمی گەردەنزەر لەنێو ماڵی خۆی، چەند برادەرێکی کۆکردەوە و گرووپێکی ڕۆکی دروست کرد، لەسەر شێوازی گرووپی دیلان، ناوی ئەو گرووپەی کردە گرووپی وەتەن".

ئەو خاوەنی کۆمەڵێک هۆنراوەیە کە دواتر بوون بە گۆرانی و لەسەرتاسەری دونیادا لەنێو کورددا دەنگیانداوەتەوە. گۆرانی "لێخن برانۆ لێخن" یەکێک لەو بەرهەمە ناوازانەیە کە تاوەکو ئێستاش زۆربەی کورد نازانن ئەو گۆرانیە ئاواز و هۆنراوەکەی لەلایەن کەرەمێ ئانقۆسێ دانراوە.

رووداو هونەری
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

## مستەفا ئالان دێوەرە کلیپ دەکات



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی گەنج مستەفا ئالان یەکەمین گۆرانی خۆی لە ئەورووپا کلیپ کرد و چاوەڕێ دەکات بارودۆخی کوردستان باش بێت ئینجا بڵاوی بکاتەوە.

هونەرمەند دلبەر جزیری خوشــکی مســتەفا بە (رووداو)ی راگەیاند "مســتەفای برام ژەنیارێکی باشــە و دەمێکە خەریکی کاری هونەرییە، بەڵام بۆ یەکەمجارە گۆرانییەک بە دەنگی خۆی بڵاودەکاتەوە".

دەربارەی ناوی گۆرانیەکەش گوتی "ناوی دێوەرەیە و ئاوازەکەی کۆنە، تێکستی گۆرانیەکەش خۆی نووسیویەتی، بەڵام پێموایە کارێکی نوێیە لە نێو مۆزیکی کوردی". گوتیشی "هەموو کارەکانی تەواو بووە، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئێستای کوردستان نامانەوێت جارێ بڵاوی بکەینەوە".

### ڕەزان یەشیلباش.. دەرهێنەرێک ئەستێرەکەی دەدرەوشێتەوە

# حەز دەکەم پاڵەوانی چیرۆکەکانم ژن بن










**کورتە فیلمێکی دەرهێنەری کورد ڕەزان یەشیلباش بەناوی "بێدەنگ" کە پێش دوو ساڵ لە فێستیڤاڵی فیلمی کان خەڵاتی (پاڵمی زێڕین) ی بۆ باشترین کورتە فیلم وەرگرت، سەرەتای مانگی رابردوو لە بەرلین لە هۆڵی (Sprachenatelier) نمایش کرا. دەرهێنەر ڕەزان یەشیلباش کە 30 ساڵ دوای یەڵماز گونەی لە کان دەنگیدایەوە، لە فیلمی "بێدەنگ"دا باسی ژنێکی کورد دەکات کە لە ساڵی 1984 لەگەڵ سێ منداڵی خۆی لە ئامەد دەژیت و مێردەکەشی لە زیندانە. دوای نمایشکردنی فیلمەکەی، (رووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.**

هەڤپەیڤین: یادۆ جوان

**رووداو: چۆن بڕیارت دا ببیتە دەرهێنەر؟**

**ڕەزان یەشیلباش:** لە مێژبوو حەزم دەکرد بۆ ئایندەی خۆم وەکو پیشە شتێک بکەم. بەڵام بڕیارم نەدابوو چ بەشێکی هونەر هەڵبژێرم. ئەوکاتەی سەرباز بووم بڕیارمدا سینەما هەڵبژێرم. گرنگیی سینەما و ئەو کاریگەرییەی هەیەتی بەسەر کۆمەڵگەوە هانیدام ئەو بوارە هەڵبژێرم. مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر دەرهێنەرێکی باش فیلمێکی کاریگەر لەسەر کورد دروستبکات. دەتوانێت زیاتر لە کەسێک کە 30 ساڵ خەباتی کردبێت، کاریگەری دروستبکات. لە نموونەی یەڵماز گونەیدا بینیمان ئەگەر مرۆڤ حەز بکات دەتوانێت هەر شتێک بکات. بۆیە گوتم سینەما دەخوێنم. دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، ناوم لە بەشی سینەما لە زانکۆی مەرمەرە دەرچوو. بکالۆریۆسم وەرگرت و ئێستا ماستەر دەخوێنم.

**رووداو: پەیوەندی تۆ و سینەما چۆن دەستیپێکرد؟**

**ڕەزان یەشیلباش:** هەر لە منداڵییەوە حەزم لە سینەما بوو. یەکەم فیلمم لە سینەمای دیلان لە ئامەد بینی، کە ئەوکات تەمەنم 8 ساڵان بوو. فیلمێکی (رامبۆ) بوو. دوای تەواوبوونی فیلمەکە بە خۆمم گوت من رامبۆم. دواتر فیلمەکانی (ئیمرا) دەرکەوتن. بێگومان لەو نێوەدا چەند فیلمێکی (یەڵماز گونەی و تارق ئاکان)م بینی. بەڵام کە چوومە زانکۆ ئینجا زانیم سینەما چییە. لە زانکۆ بینیم کە تارکۆڤسکی، بەرگمان و کورۆساوا هەن. سەیری سینەمای تورکیاشم کرد. لەوێ ئاشنا بووم بە کارەکانی نوری بلگە جەیلان، زەکی دەمرکوبوز و یەشم ئۆستاوغلو. زۆر سەرسام بووم بە کارەکانی زەکی دەمرکوبوز و نوری بلگە جەیلان. بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ ئەو دوو دەرهێنەرە کار بکەم. بۆ من مەسەلەی وەستا و شاگرد زۆر گرنگ بوو. 6 ساڵ چاوەڕێی ئەوانم کرد، نەمتوانی بگەمە ئەوان. لە کۆتاییدا کاتێک کە فیلمێکم بۆ پرۆژەی دەرچوون لە زانکۆ دروستکرد و لەگەڵ سیناریۆکەی لە رێی برادەرێکەوە گەیێندرایە زەکی دەمرکوبوز، گوتی با بێت و یەکدی بناسین. کاتێک کە یەکدیمان بینی، پێیگوتم فیلمەکەی تۆم بەدڵ بوو، ئەگەر رازیت دەتوانین پێکەوە کار بکەین. پێکەوە دەستمان بە کارکرد و یەکەم کاری پێکەوەمان فیلمی "حەسوودی" بوو. من وەکو یاریدەدەری دەرهێنەر کارم کرد. ئەوە 5 ساڵە پێکەوە کار دەکەین. زۆر شتی لێوە فێربووم.

## فیلمێکی باش هێندەی 30 ساڵ خەبات کاریگەری هەیە

**رووداو: بەڕای تۆ جیاوازی ئەم ناوانە و دەرهێنەرکانی دیکە چییە؟**

**ڕەزان یەشیلباش:** هەندێک کەس فیلم دروست دەکەن. بەڵام هەندێک کەسیش سینەما دروست دەکەن. ئەم کەسانەش سینەما دروست دەکەن. منیش حەزدەکەم سینەما دروست بکەم نەک فیلم. کاتێک فیلمێک دروست دەکەم، حەزدەکەم فەرەنسی، ئیسپانی و ئەرژەنتینی بزانن من چی دەڵێم. من حەزدەکەم ئەوە بەزمانی کوردی دروستبکەم. کوردی زمانی دایکمانە و ئێمە لەلای دایکی خۆمانین. ئەم ناوانەی کە من گوتم، بەڕاستیش ئەوان وەستای ئەم کارەن و دەزانن ئەم کارە چۆن دروست دەبێت. ئەگەر لەلای ئێمە، واتە لە باکووری کوردستان دوو دەرهێنەری کورد دەرکەوتبان و فیلمیان دروست بکردایە، ئەوە مەسەلەی کوردی زۆر پێشدەکەوت.

## ئەگەر دوو دەرهێنەری کورد لە باکوور هەبن دۆزی کورد زۆر پێشدەکەوێت

**رووداو: لە سینەمادا وێنە یان ناوەڕۆک گرنگترە؟**

**ڕەزان یەشیلباش:** کاتێک کە تۆ بتەوێت لەڕێی سینەماوە باسی بابەتێک بکەیت، چیرۆک و ئەکتەر دەردەکەون. لەنێوان بینەر و ئەکتەردا پەیوەندییەک دروست دەبێت. ئەکتەرەکان چەند ریالیست بن، ئەوەندە دەتوانن کاریگەری لەسەر بینەران بەجێبێڵن، زۆر کەس فیلم دروست دەکەن و دەیانەوێت راستەوخۆ باسی مەسەلەیەک بکەن. سینەما بۆ ئەوە نییە. کاتێک کە تۆ راستەوخۆ باسی مەسەلەیەک بکەیت، سینەما لەتەوەرەکەدا کاریگەری خۆی لەدەست دەدات. بۆ نموونە ئەگەر تۆ بتەوێت فیلمێک لەسەر گرتووخانەی ئامەد دروست بکەیت و وێنەی مەیدانی ئەشکەنجەدان تۆمار بکەیت، دوای ماوەیەک ئەو دیمەنانە کاریگەری زۆرتر دروست دەکەن و ئەو بارودۆخە نۆرماڵیزە دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە، بەڕای من لە سینەمادا چیرۆک لە دیمەن گرنگترە. زۆر فیلم هەیە، تێیدا ئەستێرەی بەناوبانگ رۆڵ دەبینن. بەڵام هیچ شتێک بە مرۆڤ نابەخشن. بەڵام فیلمی "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان" کە هیچ ئەستێرەیەکی تێدا نییە، فیلمێکی زۆرباشە، چونکە چیرۆکەکەی بەهێزە.

**رووداو: تۆ تاوەکو ئێستا کاری دەرهێنانت بۆ دوو کورتە فیلم کردووە: حوکم و بێدەنگ. یەکێکی دیکەش بەڕێوەیە. لە هەرسێ چیرۆکەکەدا رۆڵی سەرەکی ژنان دەیگێڕن. بۆچی ژن؟**

**ڕەزان یەشیلباش:** کاتێک کە تەمەنم 5- 6 ساڵان بوو، سێ ژن لە دەوری من هەبوون. دایکم، داپیرم و پوورم. ئەوکات باوکم لە گرتووخانەدا بوو. سەیر بکە، دایکت رەنجێکی دیکەشی کێشاوە. لاسایی و کاریگەری ئەوکات لە فیلمەکانمدا زۆر بەزەقی رەنگ دەداتەوە. جگە لەوەش هەست بە قوربانیدان و ماندووبوون و لاوازییەکانیان دەکەم. بۆیە حەز دەکەم پاڵەوانی چیرۆکەکانم ژن بن.

**رووداو:30 ساڵ دوای یەڵماز گونەی هەمان خەڵاتت وەرگرت، چ هەستێکت لەلا دروستبوو؟**

**ڕەزان یەشیلباش:** بەڕاستی بۆ من شتێکی زۆر گرنگ بوو. گونەی گەورەی سینەمایە. دوای ئەو کەس ئەم خەڵاتەی وەرنەگرتبوو. دوای گونەی من وەرمگرت. لە ماوەی ئەو 30 ساڵەدا دوو خەڵات وەرگیرابوون و هەردووکیشیان بۆ دەرهێنەرانی کورد بوون. ئەوە بەتایبەتی بۆ کورد گرنگە و هەروەها بۆ تورکیش. کوردی باکوور سەری تورکیای زۆر بەرز کردەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا تورک هیچ قسەیەکی لەسەر ئەوە نەکردووە. ئێمە یەشار کەمال، ئەحمەد عارف و جەمال سورەیامان پێشکەش بە ئەوان کردووە. ئەم ناوانە ئەدەبیاتی ئەوانی کردووە بە ئەدەبیات. کورد زۆر پشتیوانی ئەوانی کردووە. ئێرە جێی ئەم باسە نییە، بەڵام ئەمانە کوردن. لەسینەماشدا دوو کورد خەڵاتی پاڵمی زێڕینیان هێنایە تورکیا. دواجار ساڵی رابردووش مامۆستا نوری بلگە جەیلان خەڵاتێکی وەرگرت، ئەویش باش بوو.

# پۆڵۆنییەکان هەولێر دەکەنە کەربەلا



**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**رووداو- بەرشلۆنە**

لە چەند رۆژی داهاتوودا جەنگێکی گریمانەیی لە کوردستان دەستپێدەکات، جەنگەکە لە نێوان ژمارەیەک سەربازی پۆڵۆنی و میلیشیاکانی شیعەیە. شوێنی جەنگەکەش شاری هەولێرە.

هەموو دیمەنەکانی ئەم جەنگە لە فیلمێکدا کۆدەکرێنەوە بەناوی "کەربەلا" کە لەلایەن کۆمپانیایەکی پۆڵۆنی بەرهەم دێت. "کەربەلا" پەردە لەسەر کەموکورییەکانی سوپای پۆڵۆنی لادەدات.

ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لە رووداوەکانی شەڕی عێراق و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا دەکات لە 2003، کە یەکێک لەو هاوپەیمانانەی ئەمریکا لەو جەنگەدا پۆڵەندا بوو. فیلمەکە باسی کۆمەڵێک سەربازی کەم چەک و برسیی پۆڵۆنی دەکات کە لە ناوەڕاستی راپەڕینێکی جەماوەریی شیعەکاندا لە کەربەلا خۆیان دەبیننەوە.

زیاد رەئوف، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا بە (رووداو)ی گوت "فیلمەکە زیاتر دەربارەی خەڵکێکە کە فرێدراونەتە بارودۆخێکی زۆر خراپ و پێشبینیان نەکردووە رووبەڕووی شەڕێکی ئاوها توند ببنەوە، بەڵام بەسەر دۆخەکەدا زاڵ دەبن و تا کۆتایی خۆڕاگر دەبن".

ئەمە گەورەترین شەڕ بووە کە سەربازانی پۆڵۆنی بەشدارییان تێدا کردبێت لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە.

فیلمەکە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە لە رۆژی عاشورای شیعەکاندا لە نیسانی 2004 لە کەربەلا روویداوە، تێیدا شیعەکان لەدژی هێزێکی هاوپەیمانەکان کە زۆربەیان پۆڵۆنی بوون، رادەپەڕن. پێکدادانەکان لە هۆڵێکی شاری کەربەلا کە بنکەی سەربازیی هاوپەیمانەکان بووە دەستپێدەکات.

شەڕەکە چوار رۆژ دەخایەنێ و سەرەڕای کەمیی چەک و خۆراک، پۆڵۆنییەکان دەتوانن کۆتایی بە راپەڕینەکە بهێنن. لەکۆتایی شەڕەکەدا لەلایەن سەربازانی بولگارییەوە هاوکارییان پێدەگات.

زیاد رەئوف گوتی "فیلمەکە باس لە دوو شت دەکات: یەکەم چیرۆکی ئەو سەربازانەی کە توانییان کۆتایی بە راپەڕینەکە بهێنن. دووەمیش چیرۆکی پزیشکێکی فریاگوزاری سەرەتایی کە بە ترسنۆک تاوانبار دەکرێت لەبەرەی شەڕەکەدا".

هەروەها چیرۆکەکە دەربارەی ئەو سەربازانەیە کە لە وەجبەی دووەمدا هاتنە عێراق و پێیانوابوو ئیدی شەڕ کۆتایی هاتووە و ئەوان تەنیا پارە کۆدەکەنەوە و بە سەلامەتی دادەنیشن، بەڵام خۆیان لە دۆخێکی پێچەوانەدا دەبیننەوە کاتێک لە ناوەڕاستی ئاگری راپەڕینێکدا گیردەخۆن، بەڵام دەبێت زاڵ بن بەسەر ترسەکەیاندا و خۆڕاگری و ئازایەتی نیشان بدەن.

فیلمەکە لەلایەن کریستۆف لوکازێوسیزەوە دەرهێنراوە، سیناریۆی فیلمەکە لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی کتێبێک نووسراوە کە لەلایەن دوو رۆژنامەنووسی پۆڵەندی بە ناوەکانی مارسین گۆرکا و ئادەم زادۆرنیەوە نووسراوە.

پۆڵەندا بە ناردنی 2500 سەرباز بەشداری لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا کرد، کاری سەربازانی پۆڵەندی بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە و بەرگریکردن لە شوێنەکان و مەشقکردن بە سوپای عێراق بوو.

بەشداریکردنی پۆڵەندا لە جەنگی عێراق کاردانەوەی جیاوازی هەبوو لەو وڵاتەدا. 23 سەربازی ئەو وڵاتە لە عێراق کوژران و 160ی دیکەش بریندار بوون.

حکومەتی پۆڵەندا هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەربازەکانی لە عێراق پڕچەک بوون و هەموو پێداویستییەکیان هەبووە. بەڵام گۆرکا و زادۆرنی رۆژنامەنووس کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەیان سەرچاوە کردووە و چەندینجار هاتوونەتە عێراق، ئاشکرایان کرد کە پێداویستی ئەو سەربازانە هێندەی پەیماننامەکەی وارشۆی ساڵی 1955 کۆن بووە: ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانیان لە بری ئەوەی گوللەنەبڕ بن، خێمەیان بەسەرەوە بووە، لمی بیابان چەکەکانیانی لەکارخستووە و پۆستاڵی سەربازەکان بەرگەی گەرمای بیابانیان نەگرتووە.

هەرچەندە گۆرکاو زادۆرنی لە کتێبەکەیاندا باس لە شەڕێکی لەوشێوەیە دەکەن و جەخت دەکەنەوە کە سەربازانی پۆڵۆنی و بولگاری توانیویانە بەسەدان چەکداری گرووپەکان بکوژن، بەڵام لە راستیدا شەڕێکی لەو جۆرە روویندەداوە: سوپای پۆڵەندا تێوەگلانی لەشەڕدا لە عێراق بەنهێنی هێشتووەتەوە. دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە نایانەوێ خەڵکی وڵاتەکەیان لە راستییەکانی جەنگی عێراق و تێوەگلانی ئەوان ئاگاداربن.

ساڵی 2008 کە تەنیا 900 سەربازی پۆڵەندی مابوونەوە، ئەوانیش بە تەواوی لە عێراق کشانەوە.

زیاد گوتی، هەندێک لە دیمەنەکانی فیلمەکە وەک دیمەنی هەلیکۆپتەر و شەقامەکانی کەربەلا لە چەندین شوێنی جیاوازی پۆڵەندا وێنەگیراون کە ستۆدیۆکەیان گۆڕیوە بۆ شێوەی شەقامەکانی کەربەلا. چەند بەشێکی دیکەی فیلمەکە لە ناو هەولێر و دەوروبەری وێنە دەگیرێ. گوتیشی "بارودۆخی مەترسیداری ئێستای عێراق وادەکات نەتوانرێ وێنەکانی فیلمەکە لە کەربەلا بگیرێ".

بەپێی گوتەی زیاد رەئوف "کەربەلا" یەکەمین فیلمی پۆڵەندی نابێت لە کوردستان وێنەی بگیرێ. فیلمێکی دیکە دەربارەی ئەفغانستان کە لەلایەن پاتریک ڤێگا دەرهێنراوە، بەم دواییە لە هەولێر وێنەی گیراوە.


رووداوی ئەمڕۆ
بە سپۆنسەری
KOREK
Telecom
بەردەوام دەبێت
RÛDAW
Rûdawa îro
رووداوی ئەمڕۆ

رووداو
ژنان
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

## دوو پارک بۆ ژنان دروستدەکرێن



**رووداو- ورمێ**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی شاری ورمێ رایگەیاند دوو پارکی تایبەت بە ژنان دروست دەکرێن. لەتیفە مۆبین باسی کەمیی شوێنی سەوزایی گونجاو و تایبەت بە ژنان دەکات و دەڵێت "لەم ساڵانەی دواییدا ژنانی شاری ورمێ شوێنێکیان بۆ حەوانەوە و وەرزش نەبووە، بۆیە شارەوانی ورمێ بە هاوکاری ئەنجوومەنی شار لە هەوڵی دروستکردنی دوو پارک دایە". سابارەت بە گوژمەی دروستکردنی ئەو دوو پارک مۆبین دەڵێت "3 ملیار و 500 ملیۆن تمەن بۆ دوو پارکەکە تەرخانکراوە و تا کۆتایی ئەمساڵیش دەست بە دروستکردنیان دەکرێت".

# ژنانی دهۆک دەبنە پێشمەرگە

**یودیت نیورینک**
**رووداو- دهۆک**

شەڕی پێشمەرگە لە دژی گرووپی توندڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە "داعش"، سەدان کەسی لە کەمینەکان و لە ژنان هاندا بۆئەوەی خۆیان ناونووس بکەن بۆ شەڕ کە ژمارەیەکیان لەلایەن یەکەیەکی سەربازیی دهۆکەوە مەشق و راهێنانیان پێدەکرێ.

ساشیدا سدیق، کە فەرماندەیەکی پۆلیسە لە دهۆک، دەڵێت "ئەرکی سەرشانمە پارێزگاری لە وڵاتەکەم بکەم". ئەو خاتوونە تەمەن 27 ساڵە یەکێکە لەو 20 ژنەی کە دەستنیشانکراون بۆ خزمەتی سەربازی لەنێو ئەو 280 کەسەی لە دهۆک خۆیان ناونووس کردووە.

هەرچەندە رۆڵی سەرەکی ساشیدا ئیداری و لۆجستییە، بەڵام ئەو ئامادەیە بۆ شەڕکردن لە دژی داعش و دەوروبەرەکەی بەهۆی ئەو هەڵوێستەیەوە شانازی پێوە دەکەن. ساشیدا شووی نەکردووە، بەڵام دەڵێت تەنانەت ئەگەر مێرد و منداڵیشی هەبووایە شەڕی دەکرد، چونکە وەک خۆی گوتی "بارودۆخەکە زۆر خراپە".

"من لەشەڕکردن ناترسم لە دژی داعش"، ئەو گوتیشی "ژنبوونم هیچ جیاوازییەک دروست ناکات. پێشمەرگە پاش ئەوەی چەکی پێویستی پێگەیشت لە داعش بەهێزتر دەبێت. بەپەرۆشم ئەو چەکە نوێیانە لە دژیان بەکاربهێنم".

لە سلێمانی پێشمەرگە پێنج بەتالیۆنی یەدەگی ژنانی هەیە کە زۆر لە ژنەکان مێرد و منداڵیشیان هەیە. لە مانگی حوزەیران و لەپاش شەڕی پێشمەرگە لەدژی داعش، ئەوان بانگکراون بۆ خزمەتی سەربازی.

لەگەڵ ئەوەشدا، ژنانی جەنگاوەری پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل بەشدارییان لە شەڕی داعشدا کردووە. ژنان نزیکەی 30%ی هێزەکانی PKK و YPG پێکدەهێنن. بەپێی یاسای گەریلا نابێت ئەو کچانە هاوسەرگیری بکەن. سەردار دۆسکی کە سەرپەرشتی هێزێکی 500 خۆبەخشی لە دهۆک دەکات، شانازی بە رۆڵی ژنانی هێزەکەیەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا شانازی دەکات بەو کەسانەی سەر بە کەمینە ئاینیەکانن و بەخۆبەخش خۆیان ناونووس کردووە.

"نزیکەی 120 کوردی ئێزدیمان لەلایە کە لێرە لە دهۆک کاری کرێکارییان دەکرد، بەڵام کاتێک بیستیان چی بەسەر خەڵکەکەیان لە شنگال هاتووە، هاتن و پێیانگوتین کە دەتوانن شەڕی داعش بکەن".

کەمینەکانی عێراق خاوەنی هیچ هێزێکی تایبەت بە خۆیان نین کە بەبڕوای هەندێکیان ئەوە وای کردووە بەئاسانی ببنە ئامانجی گرووپە تیرۆریستەکان لە پارێزگای نەینەوا. زۆر لە کەمینەکانی وڵات لە دەشتەکانی پارێزگای نەینەوا لە رۆژهەڵاتی پارێزگاکە بۆ ماوەی هەزاران ساڵە دەژین. دەیان هەزار ئێزدی بەزۆر لە ماڵ و حاڵیان دەربەڕێندراون و بەسەدانیان لێکوژراوە لە مانگی حوزەیرانەوە.

دۆسکی نزیکەی 10 ساڵی تەمەنی لە هۆڵەندا بەسەربردووەو لەپاش گەڕانەوەی ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. دۆسکی مەشق و راهێنانی بە خۆبەخشەکان کردووە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی چەک و ستراتیژی سەربازی.

ئەو دەڵێت "مەشقەکە پێکهاتووە لە چۆنیەتی بەرزڕاگرتنی ورە و ترساندنی دوژمن و هێمنکردنەوەی هاووڵاتیانی مەدەنی".

ئەو خۆبەخشانە لەناو خەڵک رێزیان لێدەگیرێ و خاوەن دووکانەکان بە هەرزانتر شتیان پێدەفرۆشن و خواردن و ئاو دەهێننە فەرماندەییەکەیان، زۆر لە خاوەن تاکسیەکان پارە لە خۆبەخشەکان وەرناگرن.

دۆسکی گوتی زۆر لە خۆبەخشەکان ئەزموونی شەڕیان هەیە و چەند دەیە لەمەوبەر بەشداری شەڕیان کردووە لە ریزی پارتە سیاسیەکان لەدژی رژێمی بەعس "ئەزموونی ئەوان ترسی جەماوەر کەم دەکاتەوە و پشتگیری زیاتر بە پێشمەرگە دەدات".

ئێستا فەرماندەکەی دۆسکی کە چەند ژنێکیشی تێدایە، وەک هێزێکی یەدەگ لە ئامادەباشیدایە و خۆبەخشەکان دەبێت دانیشن و چاوەڕێ بکەن. زۆر شەو لە حاڵەتی ئامادەباشیدان لەکاتێکدا پێشمەرگە لە شەڕدایە لەوبەری بەنداوی موسڵ کە تەنیا چەند میلێک لە بارەگاکەیانەوە دوورە. لەهەمانکاتدا بەشداری دەکەن لە دابەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان لەسەر دەیان هەزار ئاوارەی ئێزدی کە لە ترسی داعش چوونەتە دهۆک.

جگە لە دۆسکی، فەرماندەییەکە کوردێکی دیکەی هۆڵەندی تێدایە کە ژن برای دۆسکییە و لەگەڵ کەسێکی دیکە کە لە ئەڵمانیاوە هاتووە. دۆسکی گوتی بەڵام هەندێک کورد کە لە دەرەوە هاتوون بۆ شەڕکردن لەدژی داعش، لەدەرەوەی سیستمەکە چالاکی دەکەن.

"هاتنی ئەوان لە دەرەوەی وڵاتەوە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ورە، بەڵام ناویان تۆمارنەکردووە، رێکخراو نین و هەندێکجار لە چوارچێوەی گرووپی بچووکدا چالاکی دەکەن. هیچ کۆنترۆڵمان بەسەریانەوە نییە، بەڵام دەبێت چاودێرییان بکەین کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی وزە".

ئەو خۆبەخشانەی خۆیان بۆ ئەرکی سەربازی ناونووس کردووە، دەبێت داوای مۆڵەت لە بەڕێوەبەرەکانیان بکەن بۆ کارکردن.

رانی ئیشۆی تەمەن 35 ساڵیش مەسیحییەو خێزانەکەی لە زاخۆ و دهۆک دەژین. زۆربەی پیاوەکانیان لەشەڕدان.

رانی کرێکاری دەکرد و وازی لەکارەکەی هێنا بۆ خۆناونووسکردن سەرەڕای ئەوەی ژن و چوار منداڵی هەیە. "ئەمە بۆ وڵاتەکەمە، بەردەوام دەبم بۆ سەد ساڵی دیکەش ئەگەر پێویست بکات". ئەو گوتیشی "لە کوردستان جیاوازی نییە لە نێوان خەڵکانی ئاین جیاواز، داعش موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی هەمووی دەکوژێت".



# هەوڵی خۆکوشتنی کچێک و ژنێک سەری نەگرت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا، کچێک و ژنێک لە سنووری راپەڕین بە بیانووی جیاواز هەوڵی خۆکوشتنیان دا، بەڵام سەرکەوتو نەبوون و ئێستا پەشیمانن لەوەی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.

رۆژی 27/8/2014 لە گەڕەکی قەڵاتی شارۆچکەی رانیە، ژنێکی تەمەن 33 ساڵ بە ناوی (فاتیمە.ح.م) کە لە مێردەکەی تۆرابوو، لە ماڵی باوکی بڕێک نەوتی خواردەوە، هەر بەوەش نەوەستا و چەند چەقۆیەکیشی لە جەستەی خۆی دا، بەڵام هەردوو هەوڵەکەی شکستیان هێنا و لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بە زوویی گەیەنرایە نەخۆشخانەی سلێمانی و لە مردن رزگارکرا.

فاتمە، کە ژنێکی رەنگ سپی باڵا مامناوەندە، دوو منداڵی لە تەنیشت دانیشتبوون، شوێنەواری چەقۆیەکان بەسەر دەستیەوە دیار بوون. ئەو سەرەتا باسی ژیانی خۆی کرد و گوتی بەرێکەوت هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی کچ و کوڕێکە. بەهۆی ئەوەی باری ئابوورییان باش نییە، چەند جارێک کێشە لە نێوان خۆی و مێردەکەی دروستبووە.

ئەو رۆژەی کە فاتمە نەوتی خواردەوە، دەیویست بمرێت، بەڵام دواتر لە نەخۆشخانە بەهۆش خۆی هاتەوە. ئەو گوتی "لە خۆم بێزار بووم، لەگەڵ ئەو هەموو کێشەیەی کە لەگەڵ هاوسەرەکەم هەمبوو حەزم بە مردن کرد، زۆر پاڕامەوە کە خودا بمکوژێت، بەڵام نەمردم، چونکە خوا پێی خۆش نەبوو".

فاتیمە نزیکەی ساڵێکە لە مێردەکەی تۆراوە و لە ماڵی باوکیەتی، بەڵام مێردەکەی هێشتا وازی لێناهێنێ "بەردەوام بە تەلەفۆن هەڕەشەی لێدەکردم و بێزاری دەکردم، بۆیە سکاڵام لەسەر تۆمارکرد و ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە".

فاتیمە زۆر پەشیمانە لە هەوڵەکانی بۆ خۆکوشتن "کاتێک چاوم بە منداڵەکانم و باوکە پیرەکەم دەکەوێت، بیر لەوە دەکەمەوە کە من چ هەڵەیەکی گەورەم کردووە". بۆیە ئامۆژگاری ئەو ژنانە دەکات کە کێشەیان هەیە، بەهیچ جۆرێک پەنا بۆ خۆلەناوبردن نەبەن، چونکە ئەمە چارەسەری کێشەکانیان ناکات و بگرە کێشەی دیکەشی بەدوادا دێت بە تایبەتی ئەوانەی خاوەن منداڵن و دەبێتە هۆی هەتیوبوونی منداڵەکانیان. فاتیمە گوتی "دەبێت مرۆڤ زۆر گەورەتر و بەهێزتر بێت لە کێشەکانی".

موقەدەم حەسەن حاجی رەشید، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە رانیە دەڵێت، ئەوان ئاگاداری کێشەی ئەو ژنەن و دۆسیەیان بۆ کردووەتەوە و بەدواداچوونیان بۆ کردووە.

موقەدەم حەسەن گوتی "لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەرکەوت کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە و داوای لەسەر هاوسەرەکەی تۆمارکردووە، ئێستا هاوسەرەکەی بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە".

ناوبراو گوتیشی لە کاتی رووداوەکەدا نەتوانرا وتە لە بریندارەکە وەربگرن لەبەر سەختیی برینەکانی جەستەی، چاوەڕێی باشبوونی باری تەندروستی ژنەکە دەکەن بۆ ئەوەی بە وردی لە کێشەکەی بکۆڵنەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا شەش ژن خۆیان کوشتووە (6 ژن لە هەولێر، 2 لە دهۆک، 3 لە سلێمانی و دوو ژنیش لە گەرمیان".



لەلایەکی دیکەوە هەر لەو ماوەیەدا کچێکی دانیشتووی گوندی کلاوسوورانی سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە بە ناوی (ئەڤین.ش.ب) لە ماڵەکەی خۆیاندا هەوڵی دا بە پەت خۆی بخنکێنێ، بەڵام دایکی زوو فریای کەوت و پەتەکەی لە مل کردەوە.

ئەڤین کە کچێکی باڵابەرزی رەنگ سوور و سپییە، هێشتا شوێنەواری پەتەکە بە ملیەوە دیارە. ئەڤین باسی رووداوەکەی کرد و گوتی "ئەو رۆژە میوانمان هەبوو، کاتێکی خۆشمان لەگەڵ میوانەکان بەسەر برد، بەڵام دواتر لەگەڵ میوانەکان بوو بەشەڕمان، منیش زۆرم خەفەت خوارد و نەمتوانی ئەم شەڕە لەبیری خۆم ببەمەوە لە مێشکم پەنگی خواردەوە".

ئەڤین بیرۆکەیەکی خراپ بە مێشکیدا دێت "دایکم لە حەمام بوو، منیش دەرفەتم وەرگرت و چوومە ژوورەوەو پشتێنی باوکمم هێنا و هەڵمواسی، دواتر ملم کرد بە پەتەکەدا، هەر ئەوکات خۆشەویستی باوکم و دایکم و براکانم بیرکەوتەوە و پەشیمان بوومەوە، بەڵام پەشۆکام و نەمزانی چی بکەم، دواتر دایکم فریامکەوت و رزگاری کردم، سوپاس بۆ خودا هەوڵەکەم سەری نەگرت".

باوکی ئەڤین لەبارەی ئەو رووداوە گوتی "ئەڤین لە مەکتەب زۆر زیرەکە و دەرچووە بۆ نۆی بنەڕەتی، کچێکی زۆر هێمنە و لە ماڵەوە تاقانە خۆشەویستەکەی ئێمەیە، لامان سەیر بوو ئەوەی بەسەر خۆی هێنا، بەڵام لە نەخۆشخانە بە هۆشی خۆی هاتەوە و پەشیمانی دەربڕی".

باوکی رەتیکردەوە کچەکەی هیچ کێشەیەکی هەبێت و گوتی "تاوەکو ئێستا کێشەی خێزانیمان نەبووە و رووداوەکەش هیچ پەیوەندی بە سۆزداری و شووکردن و باری ئابووری و کاری دیکەوە نییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کچەکەم هەرزەکارە نەیتوانیوە بەسەر هەستی خۆیدا زاڵ ببێت و ئەو بەڵایەی بەسەر خۆی هێنا".

هەرچەندە ئەڤین زۆر پەشیمانە لەو کارە، بەڵام باوکی دەڵێت دوای ئەو رووداوە بەردەوام چاوی لەسەریەتی و شەوانە لەلای خۆی دەیخەوێنێ.

موقەدەم حەسەن حاجی رەشید، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە رانیە هەوڵی ئەو کچەی بۆ خۆکوشتن پشتڕاستکردەوە و گوتی "رۆژی 22/8/2014 کچێکی تەمەن 15 ساڵ، کە قوتابییە، گەیەندرایە نەخۆشخانەی گشتی رانیە و شوێنەواری پەت بە ملیەوە دیار بوو کە هەوڵی دابوو خۆی بخنکێنێ، بەڵام لەلایەن دایکییەوە رزگار کرابوو".

گوتیشی "بۆ پۆلیس دەرکەوت هۆکاری ئەم رووداوە دەگەڕێتەوە بۆ بێزاربوونی لە خۆی و داوای لەسەر کەس نەبوو، بۆیە کەس دەستگیرنەکرا لەسەر رووداوەکە".

## پیاوێکی بەساڵاچوو دەکوژن



**ڕووداو- ڕانیە**

پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت بە تۆمەتی کوشتنی پیاوێکی بە ساڵاچوو کە هەفتەی ڕابردوو تەرمەکەی دۆزرایەوە، دوو کەسیان دەستگیر کردوە. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو تەرمی پیاوێکی تەمەن 84 ساڵ لە نزیک گوندێکی سنووری شارۆچکەی حاجیاوا دۆزرایەوە. دوای بەدواداچوونی پۆلیس دەرکەوت پیرەپیاوەکە لەلایەن دوو گەنجی تەمەن 21 ساڵ و 23 ساڵ کوژراون و دانیشتووی ڕانیەن. ئەو دوو تۆمەتبارە لەبەردەم دادوەر دانیان بە کوشتنی ئەو پیاوە داناوە. یەکێکیان پیاوەکەی بە ئۆتۆمبێل بردووەتە دەرەوەی شار و دواتر لەگەڵ گەنجەکەی دیکە بە پەت خنکاندوویانە. هەروەها گوتویانە بۆ پارە ئەو پیاوەیان کوشتووە.

# کەسوکارەکەی دەڵێن مردووە و پۆلیس دەڵێ خۆی خنکاندووە



**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

"کچێکی باش و بێدەنگ بوو، هەرگیز ڕۆژێک نەمبینیوە هەڵەیەکی هەبێت، بەڵام هەستم دەکرد بڕێک قەلەق و بێتاقەت بوو، چونکە لە هەندێک لە وانەکانی باش نەبوو". ئەمە قسەی یەکێک لە مامۆستاکانی کچێکی تەمەن 20 ساڵە کە هەفتەی ڕابردوو خۆی خنکاند.

لە یەکێک لە کۆڵانەکانی گەڕەکی سەروەرانی سلێمانی، خێمەیەک هەڵدراوە کە کۆمەڵێک ژنی ڕەشپۆش لە ژێر خێمە ڕەنگە بۆرەکە دانیشتوون و هەندێکیان لە گریان ناکەون و ناوبەناویش یەکێکیان دەست دەکات بە لاواندنەوەی مردووەکە و لە لاواندنەوەکەدا ناوی کچێک دەهێنێت.

ڕۆژی 2014/8/24 کچێکی تەمەن 20 ساڵ، بە ناوی (ژ.م) کە خوێندکاری ئامادەیی بوو، لە ڕووداوێکدا گیانی لەدەستدا، هەرچەندە کەسوکارەکەی دەڵێن مردنەکە ئاسایی بووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت لە لێکۆڵینەوەکان بۆیان دەرکەوتووە ئەو کچە خۆی خنکاندووە.

(ژ.م) چەند ساڵێکە خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، بەڵام نمرەکانی بەپێی حەزی ئەو نەبوون، بۆیە سەرجەم ئەو فۆرمانەی بۆ وەرگرتن لە زانکۆ پڕیدەکردنەوە، نمرەکانی بەشی ئەوەی نەدەکرد لە زانکۆ وەربگیرێت.

یەکێک لە مامۆستاکانی کە لەبەر خێزانی ئەو کچە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "(ژ.م) کچێکی بێدەنگ و ئارام بوو، بەڵام کاتێک چووە فۆڕمی وەرگرتنی زانکۆ وەربگرێت و پڕی بکاتەوە، بەهۆی ئەوەی نمرەکانی کەم بوون، بەنائومێدی گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە و پاڵەپەستۆیەکی دەروونی زۆری لەسەر بووە".

لە نێو پرسەکەیدا، کەسوکارەکەی کە هەموویان دڵتەنگ دەردەکەون، ڕەتیانکردەوە لە بارەی کچەکەیانەوە قسە بکەن. هەندێکیان لەبەر ئەوە وایاندەگوت، کە خەم و ئازاری زۆری لەدەستدانی کچەکەیان هەیە. بەڵام براکەی ڕەتیدەکاتەوە (ژ.م)ی خوشکی خۆی خنکاندبێت، وەک پۆلیس بە (ڕووداو)ی گوت.

(عیماد.م) دەڵێ کات سەر لەئێوارە بووە و چووەتە ئەو ژوورەی (ژ)ی لێبووە لە بارەی تەندروستییەوە پرسیاری لێبکات "چەند جارێک بانگم کرد و وەڵامی نەدامەوە، دواتر کە چووم بینیم بێجووڵەیە، ئیدی بە پەلە خێزانەکەم ئاگادار کردەوە و بەپەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە، بەڵام مردبوو".

ئەو برایەی ڕەتیدەکاتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان کێشەیەکی بچووکیشیان هەبووبێت کە (ژ) بێزار و بێتاقەت بکات، تاوەکو بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە "خوشکەکەم نەخۆشی شەکرەی هەبوو، کەمی نمرەکانی لە خوێندن تەواو پەرێشان و بێزاری کردبوو، کە تەواو بێهیوا بووبوو دەمبینی زۆر خەمی لەوە دەخوارد و بە ڕوونی ئازاری کەمی نمرەکانی پێیەوە دیار بوو، ئا ئەوەیە هۆکاری مردنی ئەو خووشکەم".

بەڵام بەرپرسێکی پۆلیسی سلێمانی دەڵێ "ئەو کچە لە نێو ژێرزەمینی ماڵەکەی خۆیاندا خۆی خنکاندووە". عەمید سامان مەحمود، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت پۆلیس لەگەڵ کەسوکارەکەی قسەی کردووە، بۆیان دەرکەوتووە کە خۆی خنکاندووە و دواتریش تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کرابوو بۆ پشکنین، ئێستاش ڕێکارە یاساییەکان لەو ڕووداوە بەردەوامە". بەڵام براکەی دەڵێت "خوشکەکەم خۆی مردووە و هەر کەسێک بڵێ خۆی خنکاندووە، سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار دەکەین، چونکە ئێمە بەڵگەی پزیشکیشمان هەیە لەوبارەیەوە".

بەرپرسێک لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، ڕەخنە لە سیستمی پەروەردەی باشووری کوردستان دەگرێت و داوا دەکات ئەو سیستمە بگۆڕێت بۆ ئەوەی کەسایەتی خوێندکاران تێکنەشکێنێت و نائومێدی نەکات.

ئەو بەرپرسەی پەروەردە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە و گوتی "تاوەکو ئێستا چەند خوێندکار بەهۆی نزمی نمرەکانیانەوە خۆیان کوشتووە، دەکرێ پرۆسەی هەڵبژاردنی بەشەکان و کۆلێژەکان ئارەزوومەندانە بێت، نەک بە ڕەهایی پەیوەست بێت بە نمرەوە، ئەوکات کێشە دەروونییەکانی خوێندکاریش کەم دەکاتەوە".

# مامەڵەچییەک دوو هاوڕێی خۆی دەکوژێت



**شادیە ڕەسوڵ**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەبەر سێبەری دارەکانی بەردەم بەندیخانەکەدا دانیشتبوو، بە ڕووخسارێکی خەمبارەوە چاوەڕێی شووبراکەی و کەسوکارەکەی دەکرد تاوەکو ئەوانیش بێن و پێکەوە بچنە سەردانی مێردەکەی کە ماوەی 11 ساڵە لە زینداندایە. سێ منداڵەکەی بە پێچەوانەی دایکیان دڵخۆش و بە پەرۆشبوون بۆ بینینی باوکیان.

(ر.م) تەمەن 25 ساڵ، کە زۆر بە خەمبارییەوە قسەی دەکرد، پۆشاکەکەی سەرتاپا ڕەش بوو، ئەو گوتی "من ئەوەندە بێزارم لەم دنیایە تاقەتی جلی ڕەنگاو ڕەنگم نییە، من وا هەست دەکەم بێوەژنم، بە من چی مێرد هەیە، وەک نەبوو وایە".

مێردی (ر.م) بە تاوانی کوشتنی 2 کەس کە هاوڕێی خۆی بوون، کەوتووەتە زیندان. ئەو لەگەڵ 3 کەسی دیکە بۆ ماوەی زیاتر لە 14 ساڵ پێکەوە بازرگانییان کردووە و لە ئێرانەوە کەلوپەلیان هێناوە بۆ سلێمانی "ئەو کاتەی ڕووداوەکە ڕوویدا لێرە نەبوون و لەسەر سنوور بوون، مێردەکەم هەمیشە دەڵێت من دەستم لە کوشتنی ئەواندا نەبووە و بێتاوانم".

بەڵام ئەو ژنە گومانی لەو قسانەی هاوسەرەکەی هەیە "من تاوەکو ئێستاش نەمتوانیوە بڕوا بە مێردەکەم بکەم". چونکە وەک خۆی دەڵێ، ئەوەی بۆی دەگێڕێتەوە ئەوەیە کە گوایە "ماوەی 8 مانگ بوو زەرەریان دەکرد لە ئیشەکەیان و بەردەوام ئەو 4 کەسە شەڕیان بووە، بڕیاریان دا پێکەوە کار نەکەنەوە، بەڵام ئەمە تەنیا 2 مانگی خایاند و جارێکی دیکە دانیشتوون".

(ر.م) وەک باسیدەکات، دوای ئەوەی جارێکی دیکە دانیشتوون، بە مێردەکەی گوتووە تۆ ئیش مەکە لەگەڵ ئەوان، ئێوە ئەم ماوەیە بەردەوام شەڕتان بووە "بەڵام گوێی لێنەگرتم، ماوەی مانگێکیان پێچوو لە ئێران بەیانییەکی زوو بوو شوو براکەم پێیگوتم کە مێردەکەم گیراوە".

گوایە لە کاتی گەڕانەوەیان هەر چواریان دەبێتە دەمەقاڵێیان لەسەر قازانج و بەشی خۆیان، ئیدی پەلاماری یەکدی دەدەن و بە دەمانچە تەقەیان لێدەکات "ئەو کاتەی کە بینیمەوە پێمگوت بۆ ئەو کارەت کرد؟ ئەو هەمیشە ئەو وەڵامەم دەداتەوە: مەبەستم کوشتنی کەسیان نەبوو، تەنیا دەمویست بیانترسێنم، بەڵام ئەوانم کوشت و ئێستا پەشیمانم".

ئەوە ماوەی 10 ساڵە چاوەڕوانم، سزای مێردەکەم هەتا هەتاییە، هەر ساڵێک کە لێبووردنی گشتی دەردەچێت من دڵخۆش دەبم بەڵکو مێردەکەی منیشی تێدا بێت.

لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 5 هەزار کەس بە تۆمەت و تاوانی جۆراوجۆر لە زیندانەکاندان، 2500 کەس لەوانە تاوانەکانیان قورسە و زیاتر لە 137 کەسیش چاوەڕوانی لە سێدارەدانن.

(ر،م ) کاتێ باسی خەمەکانی دوای زیندانی مێردەکەی دەکرد، فرمێسکەکانی جۆگەیان دەبەست، چونکە کاتێ ئەو هاوسەرگیری کردووە تەمەنی 16 ساڵان بووە، بەڵام ئێستا 25 ساڵە "مێردەکەم چەندینجار داوای لێکردووم کە وازی لێبهێنم و شوو بکەمەوە، بەڵام ناتوانم چونکە مێردەکەم و منداڵەکانم خۆشدەوێت، بڕیارم داوە هەر چاوەڕوانی بکەم و منداڵەکانیش گەورە دەکەم".

سەبارەت بە دابینکردنی بژێوی ژیانیان، ئەو ژنە دەڵێت "بێجگە لەوەی کەسوکار و براکانی مێردەکەم یارمەتیم دەدەم، ئەو کاتانەی ئیشم نەبێت درووومانی دەکەم و بەوەش شتێک پارەم دەست دەکەوێت".

ساڵانە لەگەڵ هاتنی جەژنەکاندا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێبووردنێکی گشتی دەردەکات. (ر.م) و زۆر ژنی دیکەش هەموو جەژنێک چاوەڕێی هەواڵێکی خۆش دەکەن، بەڵکو لێبووردنێک دەربچێ و مێردەکانی ئەوانیش بەر ئەو لێبووردنە بکەون.



**ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## مارەیی بە قیست

ئافرەتێک تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی خاوەنی دوو منداڵە کە هەردووکیان لە قۆناغی ئامادەیی دەخوێنن. ماوەی چوار ساڵیشە لە مێردەکەی جیابووەتەوە. ئەو ژنە دەیگوت دۆسیەکەی لە دادگا چوار ساڵی خایاندووە، تاوەکو دەستی لە دەستی مێردەکەی بووەتەوە و تەڵاقی لێوەرگرتووە. لەو ماوەیەدا هەموو موڵک و ماڵێکی خستووەتە سەر ناوی پیاوەکەی، مارەییەکەشی کە بڕێکی زۆر بووە، بە یەکجار لە مێردەکەی وەرنەگرتووە، بەڵکو دادوەر بڕیاری داوە کە پیاوەکە بە شێوەی قیست مارەییەکە بدات، هەروەها نەفەقەی منداڵەکانیش بدات.

ئەو ژنە وەک لە تەلەفۆنەکەدا باسی کرد، ماوەی مانگێکە منداڵەکانی ناردووەتەوە لای باوکیان، چونکە ماڵی باوکی خۆی قەرەباڵغن و توانای بەخێوکردنی منداڵەکانی ئەویان نییە، هەروەها مارەییەکەی کە بە قیست مانگە لە مێردەکەی وەردەگرێت، لەگەڵ نەفەقەی منداڵەکان بەشی ئەوە ناکات خانوویەکی پێ بەکرێ بگرێت، جگە لەوەش ماڵی باوکی ڕازی نابن بە تەنیا بژیت.

ژنەکە باسی هەڵسوکەوتی مێردەکەی کرد، دوای ئەوەی منداڵەکانی بۆ ناردووەتەوە و گوتی زۆر لەگەڵیان خراپە. بەردەوام سەرزەنشتیان دەکات بۆ ئەوەی لێی توورە ببن و بگەڕێنەوە لای من. ئەو ڕۆژە کوڕەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی باوکم سێ شەو لەسەر یەک لە ماڵەوە دەریکردووم، کاتژێر دووی شەو داپیرم دەرگای لێکردوومەتەوە و چوومەتە ماڵەوە. هەروەها پێیگوتم باوکم زۆر ئیهانەمان دەکات بۆ ئەوەی بێزار بین و بڕۆین، یان لە ژوورێکمان دەکات و کارەبامان لەسەر دەکوژێنێتەوە.

داواکاریی ئەو ژنە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەوە بوو کە بەڵێننامەیەک لەو پیاوە وەربگیرێت بۆئەوەی چیدی منداڵەکانی ئازار نەدات، هەروەها دەیگوت ناوێرم سکاڵا تۆمار بکەم، نەوەک هەڵسوکەوتی پیاوەکە خراپتر بێت لەگەڵ منداڵەکان.

ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ڕێوشوێنە یاساییەکانمان بۆ ڕوونکردەوە و پێمانگوت لە بڕگەی 13 لە ماددەی 2ی یاسای ژمارە 8 ی ساڵی 2008 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیدا هاتووە لێدانی تاکەکانی خێزان بەهەر بیانوویەک بێت بە توندوتیژی ئەژمار دەکرێت. ئەنجامدەرانی سزا دەدرێن بەپێی ماددە 7 لە هەمان یاسا، ئەویش بە زیندانیکردن کە ماوەکەی کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ. یان غەرامە دەکرێت کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە 5 ملیۆن دینار. یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

هەروەها پێمانگوت منداڵەکان دەتوانن بێن داوا تۆمار بکەن و داوای مافی پاراستن بکەن کە سەرەتا بەڵێننامە لە باوکیان وەردەگیرێت بۆئەوەی توندوتیژی بەرامبەر منداڵەکانی ئەنجام نەدات.

بۆیە پاش ئەم ڕاوێژە، ژنەکە گوتی "ئەگەر بزانم باوکیان بەردەوام دەبێت لە ئازاردان و سەرزەنشتکردنیان، ئەوا بە منداڵەکانم دەڵێم سکاڵا تۆمار بکەن".

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

## پێویستیان بە 20 ملیۆن دۆلارە

# قوتابیانی تواناسازی هەڕەشەی فەسڵکردنیان لەسەرە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕایگەیاند بەهۆی قەیرانی دارایی تاوەکو ئێستا حکومەت نەیتوانیوە بودجەی پێویست بۆ وەرزی تازەی خوێندنی قوتابیانی تواناسازی دابین بکات. هەروەها دەڵێت "ئەگەر لەم مانگەدا پارە بۆ قوتابیان دابین نەکرێت، ڕەنگە لە زانکۆکانیان دەربکرێن".

بەرنامەی تواناسازی لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەم لەساڵی 2009 دەستپێیکرد، تاوەکو ئێستاش بە سێ قوناغ 4435 کاندید ناویان بۆ تواناسازی دەرچووە، لەم ژمارەیەشدا 3248 کاندید سەفەریان کردووە و 1178 کەس لەچاوەڕوانی سەفەردان.

فوئاد عەلی، گوتەبێژی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕایگەیاند ئێستا 2444 قوتابیی کورد لە 400 زانکۆی نێودەوڵەتی لە 21 وڵاتدا، لە چوارچێوەی بەرنامەی تواناسازی، ماستەر و دکتۆرا دەخوێنن. گوتیشی "800 قوتابی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و 4 قوتابی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا گەڕاونەتەوە".

بەپێی ئەو پلانەی بۆ بەرنامەی تواناسازی دانرا، دەبووایە ساڵانە 100 ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەی تواناسازی دابینبکرێت، دوای هەڵسانگاندنیش ساڵانە زیاتر لە هەزار قوتابی بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا ڕەوانەی زانکۆکانی جیهان بکرێن بۆ خوێندن، بەڵام دووساڵە هیچ قوتابییەک نەنێردراوە.

فوئاد عەلی دەڵێت بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەفەرکردنی بەشێک لەقوتابیانی خولی سێیەم و ئامادەکاری سەفەر بۆ کاندیدانی خولی چوارەم ڕاگیراوە، ئەویش بەهۆی دروستبوونی کێشەی زمان لەنێو هەندێ لەو کاندیدانەی کە لەخولەکانی پێشووتر ڕەوانە کرابوون. گوتیشی "لێژنەی باڵای تواناسازی لەساڵی ڕابردوو بڕیاریدا پێشوەختە خولی شەش مانگی توانستی زمان بۆ قوتابییەکان بکرێتەوە، ئینجا ئامادەکاری بۆ ڕەوانەکردنیان بکرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە ئەو 1178 کاندیدەی لە خولی سێیەم مابوونەوە ڕەوانەیان بکەین".

بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ وەرزی تازەی خوێندن بەلانیکەم پێویستیان بە 20 ملیۆن دۆلارە بۆ ئەو قوتابیانەی ئێستا لە دەرەوەن. هەروەها دەڵێت "ئەگەر ئەو پارەیە لەکاتی خۆی دابین نەکرێت، ئێمە و قوتابیان تووشی گرفتێکی گەورە دەبین، چونکە زۆربەی زانکۆکان بەستاندارد کاردەکەن و ئەگەر قوتابیان پێشوەختە پارەی خوێندن نەدەن، ئەگەری ئەوە هەیە لە زانکۆکانیان دەریانبکەن".

جوان ئیسماعیل، جێگری سەرۆکی لێژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، دەڵێت لەم بارودۆخە ئابوورییەی ئێستادا دابینکردنی ئەو بڕە پارەیە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە لەگفتوگۆدان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان تا چارەسەرێک بۆ ئەم گرفتە بدۆزنەوە.

بۆ چارەنووسی ئەو 1178 قوتابییەی کە ناویان لە لیستی تواناسازیدایە و لەخولی توانستی زمان دەرچوون، بەڵام وەزارەت سەفەرکردنی ڕاگرتوون، ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت "بەشێکی زۆر لەم قوتابیانە سکاڵایان گەیاندووەتە لای ئێمە. ئێمەش لە کۆبوونەوەی 8/21 ڕووبەڕووی وەزیری خوێندنی باڵامان کردەوە، وەزیر پێیگوتین ئەگەر ئەم قەیرانە ئابوورییە بەردەوام بوو ناچارین دیراسەی ئەوە بکەین، ئەو قوتابیانە لە زانکۆکانی ناوخۆ بەگوێرەی پسپۆڕییان بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا وەربگرین".

بەڵام فوئاد عەلی ڕەتیکردەوە تائێستا بەفەرمی هیچ بڕیارێکی لەم شێوەیە درابێت، گوتیشی "زانکۆکانی ناوخۆ پلانی وەرگرتنی نزیکەی 1000 قوتابی ماستەر و دکتۆرایان داناوە، بۆیە ئاسان نییە بتوانن کورسی خوێندن بۆ 1000 قوتابی دیکەش دابین بکەن".

ئیدریس ڕەمەزان، کاندیدی خولی سێیەمی تواناسازییە بۆ خوێندنی دکتۆرا و یەکێکە لەو 1178 قوتابییە دەڵێت "من ئاگادارم لەبودجەی ساڵانی ڕابردوو بودجەی تەواو بۆ پارەی خوێندنی هەر سێ خولی کاندیداکانی تواناسازی دابین کرابوو، بۆیە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەپرسم ئەو پارەیە چی بەسەر هات؟ لە چی خەرج کرا؟ بۆ ئێستا بەبیانووی نەبوونی پارە سەفەرەکانمان دوا دەخەن؟".

ئەو مامۆستایەی زانکۆ دەڵێت، بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەراورد بکرێ، بۆیە پێمولیە سەرجەم ئەو قوتابیانەی کە بەشداری بەرنامەی تواناسازییان کردووە، ئامادەنین لە ناوخۆ بخوێنن.

ئیدریس ڕەمەزان کە ماستەری لە ئابووری هەیە، دەڵێت بۆ جاری سێیەمە ئۆفەری خوێندنی لەزانکۆیەکی مالیزیا بەهۆی دابیننەکردنی پارەی خوێندن دوادەخات، بۆیە داوا لەوەزارەتی خوێندنی باڵا دەکات بەرچاوڕوونی پێبدەن "چونکە ئەم هەموو دواخستنە خەریکە بێ متمانەیی ئەو زانکۆیەش بەداوای ئێمە و کاندیدانی دیکە دروست دەکات".

شاخەوان سارمەمی، قوتابی دکتۆرا، یەکێکی دیکەیە لەکاندیدانی خولی سێیەم، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەهۆی دابیننەکردنی پارەی خوێندن لەکاتی خۆی بەشێکی زۆری قوتابیانی توانسازی لەگەڵ زانکۆکانیان تووشی گرفت بوون و بەشێکیان نامەی ئاگاداری دوورخستنەوەیان بۆ هاتووە، گوتیشی "من وەک قوتابییەکی دکتۆرا ماوەی دووساڵە هەمیشە پێشوەختە پارەی خوێندن قەرز دەکەم، بۆ ئەمساڵ کە لە 15ی ئابەوە دەستم بەخوێندن کردووە، 16 هەزار دۆلارم قەرز کردووە بۆ کرێی خوێندن، دیاریش نییە کەی وەزارەت پارەکەم بۆ دەگەڕێنێتەوە، بەڵام هەموو قوتابییەک لەوانەیە نەتوانێ قەرز بکات، بۆیە تووشی گرفتی گەورە بوونەتەوە".

ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆکی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، لەبارەی چارەسەری کێشەی ئەو قوتابیانە گوتی، بەر لەدوو مانگ لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نووسراوێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کردووەو گوتوومانە ئەو پارانەی لەئەستۆی ئێوەدایە بۆ کاندیدانی تواناسازی بدرێن، ئەگەر نیازیشتان نییە یارمەتیان بدەن بڕیارێک دەربکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکیان دەستنەکەوتووە.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

# شۆفێرانی هێڵی سلێمانی - بەغدا بە "ڕێگەی مەرگ"دا دەڕۆن




(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەدیب کەریم، دەیەوێ هەندێک کەلوپەلی پێچراوەی دەستی بگەیێنێتە خزمەکانی لە بەغدا، بەڵام ئەوە ئێستا بۆ ئەو وەک خەون وایە، چونکە دوو ڕۆژە دەچێتە گەراجەکە و دوای چەند کاژێر چاوەڕوانی، بە کەلوپەلەکانەوە دەگەڕێتەوە "ئێستا نەک هەر ناتوانی پۆست و نامە بنێری بۆ شارەکانی عێراق، بەڵکو هاتوچۆکەش بە تەواوی مەترسیدار بووە، ئەوەتا هیچ تاکسییەک نابینی هاتوچۆی بەغدا بکات".

ئەدیب عەرەبە و پێش ڕووداوەکانی نەینەوا هاتووەتە سلێمانی. پێشتر کە شەڕی چەکدارانی داعش و سوپای عێراق و پێشمەرگە دەستی پێنەکردبوو، لەڕێگەی پۆستەوە کەلوپەل و پێداویستی ڕەوانەی بەغدا دەکردەوە، هەر کارێکیش پێویستی بە فەرمانگەی پۆستە و گەیاندن نەبووایە دەچووە گەراجی تاکسییەکان و بەکرێ بۆیان دەگەیاند "بەڵام ئێستا شۆفێری تاکسییەکان دەڵێن ژیانی خۆیان ناخەنە مەترسی، نارۆن و پۆستە و گەیاندنیش هەروا کێشەیان هەیە".

ئێستا ڕێگاکانی گەیشتن بە بەغدا کەوتوونەتە دەست ئەو گرووپە توندڕەوانەی شەڕێکی گەورەی نێودەوڵەتییان ڕاکێشاوەتە عێراقەوە.

غەریبە محەممەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستە و گەیاندنی سلێمانی دەڵێ کارەکانی ئەوان بەهۆی ئەو شەڕەوە بەتەواوی دژوار بووە و کاتێکی درێژتریان پێویست دەبێت بۆ ئەوەی ئەو پۆست و نامە و کەلوپەلانەی هاووڵاتیان بگەیێننە جێ کە بەدەستیان دەگات "لە ڕێگای زەمینییەوە ناردنی پۆستەکانمان زۆر دواکەوتووە، بەتایبەتی بۆ شارەکانی باشووری عێراق، پۆستێکی زۆرمان لەبەغدا هەبوو، بەڵام نەتوانرا بگەیەنرێت پێمان، وەزارەتی گواستنەوە لەگەڵ بەغدا پەیوەندی کردووە، دواتر لە ڕێگەی فڕۆکەوە پۆستەکانی بەغدایان هێنایە هەولێر".

شەڕ تادێ زیاتر درێژە دەکێشێ و بە درێژەکێشانی شەڕیش پۆستەی نێوخۆیی لە عێراقدا کەڵەکە دەبن. بەقسەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستە و گەیاندنی سلێمانی "لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دۆخەی عێراق تاوەکو 2014/8/17 هیچ پۆستێک لە بەغداوە نەهاتووە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە پۆستە و گەیاندن لە ناوخۆ بۆ ناوچەکانی هەرێم لەڕێگەی زەوییەوە دەبێت".


بەڕێوەبەری پۆستەو گەیاندن گوتیشی ئاڵوگۆڕی پۆست بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپی بەشێوەیەکی ئاساییە، چونکە لێرەوە دەچێتە هەولێر و دواتر بۆ عەممان بە فڕۆکە دەڕوات و گرفتێکی نییە.

عوسمان فەیزوڵڵا، شۆفێری تاکسییە لە هێڵی بەغدا- سلێمانی، بەڵام ماوەیەکی زۆرە بێکار ماوەتەوە و چاوەڕوانی ئەو شەڕە دەکات بزانێ بە کوێ دەگات، چونکە وەک دەڵێ، گەڕانەوە سەر کاری ئەو، ئەو ڕۆژەیە کە شەڕ دەوەستێ. ئەو شۆفێرە دەڵێ "کاتێک کارمان دەکرد، جگە لە گەشتیار و سەرنشینان، پۆست و کەلوپەلیشمان دەگواستەوە بۆ بەغدا، بەڵام بەهۆی ئەم بارە نائارامەوە ژیانمان لە مەترسیدایە، بۆیە ئێستا کار ناکەم".

"کاتێک لە ماڵەوە دێمە دەرەوە، چاوەڕێی گەڕانەوەم ناکەن. چەندین شۆفێرمان لەو ڕێگەیەدا بوونە قوربانی". شەماڵ ئەحمەد، هێشتا لەسەر کارەکەی بەردەوامە و لە سلێمانییەوە نەفەر بۆ بەغدا دەگوازێتەوە، بەڵام بەرێگایەکدا کە مردن لە هەموو شتێک نزیکترە لێیەوە.

ئەو شۆفێرە دەڵێ "لە ڕێگەی (خانەقین – نەفتخانە – شارەبان- مەندەلی)، دەتوانین هەر چۆن بووە هاتوچۆ بکەین بەرەو بەغدا، بەڵام هاتنی چەکدارنی داعش بۆ چەند شارێکی عێراق مەترسی هاتوچۆی بۆ سەر ژیانمان دروستکردووە". گوتیشی "نرخی ئەو شتانەی بۆ هاووڵاتیانی دەگوازمەوە، هەمان نرخی پێش ئەم بارودۆخەیە و گۆڕانکاریمان لە نرخەکاندا نەکردووە".

بەپێی قسەی شەماڵ، لە گەراجی سلێمانی- بەغدا، تاوەکو پێش ڕووداوەکانی ئەم دواییە، 310 شۆفێر کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا کەم کەس ژیانی خۆیان دەخەنە ئەو مەترسییەوە "پێشتر 310 شۆفێر بووین هاتوچۆی شاری بەغدا و شارەکانی دیکەمان دەکرد، بەڵام ئێستا ڕۆژی 7 شۆفێر دەڕۆین. بەهۆی داخستنی ڕێگای سلێمان بەگ، کارکردن بۆ ئێمە قورستر بووە".



**کرمانج عوسمان** *

# بە جیهانیکردنی جینۆسایدی تاوانەکانی داعش

تاوان کردەوەیەکە کە دەبێت بکەرەکەی لەسەری سزا بدرێت دوای ساغبوونەوە و تەواوبوونی ڕێکارە یاساییەکان. ئامانج و فەلسەفە لە سزادان بریتییە لە چاکسازی و لەهەمانکاتدا ڕێگەگرتنە لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکە. بەڵام لە یاساکانی عێراق و کوردستاندا، بە تایبەتی لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969، هیچ دەقێک نییە باس لە تاوانی جیاکاری ڕەگەزی، یان جینۆساید بکات. ئەوەش بەشێکە لەو ئەرکەی کە تاوەکو ئێستا عێراق ئەنجامی نەداوە لە ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی بۆ هەمووارکردن و گونجاندنی یاساکانی عێراق لەگەڵ ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەی ئیمزا و پەسەندی کردوون. بۆیە دەبێت هەمواری ئەو یاسا عێراقیانە بکرێتەوە یاخود لاببرێن، یان یاسای تازە دەربچن. بۆ نموونە تاوەکو ئێستا عێراق ئیمزای لەسەر پەیماننامەی ڕۆمای ساڵی 1998 نەکردووە کە گەرەنتی دووبارەنەبوونەوەی جینۆساید دەدات و عێراق دەکاتە بەشێک لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

ئەو تاوانانەی کە بەم دواییە گرووپی تیرۆریستی داعش کردوونی دژ بە کوردی ئێزدی و کاکەیی و شەبەک و پێکهاتەکانی دیکە، بەدڵنیاییەوە دەچێتە ژێر پێناسەی تاوانی جینۆساید، ئەویش بەگوێرەی پەیماننامەی دژە جینۆسایدی ساڵی 1948ی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە بە گوێرەی پێناسەکە، ئەو جۆرە تاوانانە ئەوانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای جیاکاری ئاینی، ڕەگەزی، زمان، نەتەوە یان ڕەنگ ئەنجام دەدرێن. واتە مەرج نییە بۆ بە جینۆسایدناساندنی تاوانێک ژمارەیەکی زۆر قوربانی هەبن، بەڵکو تەنانەت کوشتنی یەک تاکە کەس لەبەر ئەوەی لە ئاینێک، ڕەگەزێک، نەتەوە و زمانێکی دیکەیە، دەچێتە ژێر باری تاوانەکانی جینۆساید.

لێرەدا لە تاوانەکانی داعش دژ بە کوردی ئێزدی دوو تاوان ساغ دەبێتەوە لەسەریان، بۆ نموونە ئەگەر یەکێکی ئێزدی ناچار بکەن ئاینی خۆی بگۆڕێت و دواتر بیکوژن، تاوانی کوشتنەکە بە گوێرەی یاساکانی بەرکاری عێراق، دەبێت بکوژ سزا بدرێت، لە هەمانکاتدا لەبەر ئەوەی پێش کوشتنەکە ئەو کەسە ناچار بە گۆڕینی ئاینەکەی کراوە، بۆیە تاوانی جینۆسایدیش ئەنجامدراوە ئەو کەسە دەبێت لەسەر جینۆسایدش سزا بدرێت.

بەڵام زۆر گرنگە کار لەسەر بە جینۆسایدکردنی ئەو تاوانانە بکرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەگەر بەتەنیا لەسەر ئاستی عێراق بە تایبەتی لە پەرلەماندا، ئەو تاوانە بە جینۆساید ناسێنرا، ڕەنگە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت. چونکە لە عێراق کێشەی سیاسی و سەروەریی یاسا هەیە، بۆیە دەبینین تارق هاشمی داوای گواستنەوەی کەیسی دادگاییەکەی کرد بۆ کوردستان، یان داوای گواستنەوەی کەیسی ئەو ئەفسەرە کوردە کرا کە ڕۆژنامەنووسە عێراقییەکەی کوشت. بۆیە ئەگەر ئەو تاوانە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقیش بە جینۆساید دابنرێت، ئەوا لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە عێراق کەمتەرخەم دەبێت و قەرەبووی ئەو خەڵکە خاوەن مافە ناکاتەوە، هەروەک دەبینین چۆن قەرەبووی تاوانەکانی دژ بە خەڵکی هەڵەبجە و ئەنفالی بارزانییەکان و کوردی فەیلی نەکراوە، لە کاتێکدا دۆسیەکەیان لە دادگای تاوانەکانی عێراق بە جینۆساید ناسێندرا و حکومەتیش پابەند کرا بەوەی قەرەبووی قوربانیان بکاتەوە.

بۆیە بە جینۆسایدناساندنی ئەو تاوانانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گرنگترە، چونکە گەرەنتی قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکە دەکات. ئەگەر ئیرادەی نێودەوڵەتی لەسەری کۆک بن و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش ڤیتۆ بەکارنەهێنن، دەکرێت ڕەشنووسی بڕیارێک ئامادە بکرێت بۆ دانانی دادگایەکی کاتی، هاوشێوەی ئەوەی بۆ دۆسیەی ڕەفیق حەریری، میلۆسۆڤیچ و کۆمەڵکوژیی ڕواندا کرا، بۆ دادگاییکردنی سەرانی داعش لەسەر ئەو جینۆسایدەی لە شنگال و ناوچەکانی دیکە کردوویانە. دواتر ناچارکردنی ئەو وڵات و کۆمپانیایانەی هاوکاریی داعشیان کردووە کە قەرەبووی قوربانیان بکەنەوە.

لەلایەکی دیکەوە بە جینۆسایدناساندنی دۆسیەی شنگال، تارادەیەکی زۆر سوودی دەبێت بۆ پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. بۆ ئەو بە جیهانیکردنە پێویستە هەموو ئەو تاوانانە دۆکیۆمێنت بکرێن، بۆ ئەوەی لە دادگا وەکو بەڵگە پێشان بدرێن. جگە لەوە دەکرێت عێراق خۆی لە ڕێگای نوێنەرایەتی هەمیشەیی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک ئەو داوایە بەرزبکاتەوە بۆ بە جینۆسایدناساندنی لەسەر ئاستی جیهان. یان یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو داوایە بەرزربکاتەوە، دواتر ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیار دەدات کە جینۆسایدە یان نا. ڕەنگە دادگایەکی تایبەتیشی بۆ دروست بکات. لەگەڵ ئەوەشدا قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکرێتەوە.

*** ڕاوێژکار لە دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی کوردستان**

هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1

## هۆزان کاوە دەبێتە پەنابەر



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی باکووری کوردستان هۆزان کاوە گۆرانیەک بۆ ئاوارەکانی شنگال تۆمار دەکات و بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوی دەکاتەوە.

لە پەیجی تایبەتی خۆیدا لە فەیسبووک، کاوە کلیپەکەی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی "ئەم گۆرانییە بەناوی پەنابەرە کە لە ئاواز و هۆنراوەی هونەرمەندی کۆچکردوو ئارام تیگرانە و من بەشێوازێکی دیکە دووبارەم کردووەتەوە".

بەهۆی شەڕی پێشمەرگە لە دژی داعش، بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان لە هەرچوار پارچەی کوردستان گۆرانی و سروودی نیشتیمانییان بۆ پاڵپشتی و هاندانی پێشمەرگە تۆمار کردووە.

## عەرەبێک گۆرانی بۆ کورد دەڵێت



**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی عەرەب، شانیا، کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە، گۆرانییەکی نیشتیمانی بە زمانی کوردی تۆمار دەکات.

ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر کە ئەو کارەی بۆ شانیا کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "نوێترین کاری هونەری من لەگەڵ کچە گۆرانیبێژی دەنگخۆش شانیا دەبێت کە گۆرانییەکی نیشتیمانیە و لە میلۆدی من و تێکستی دکتۆر ئاراسە، ئێستا خەریکی تۆمارکردنین".

گوتیشی "چەند بەرهەمێکی دیکەشم لەبەردەستە بۆ چەند هونەرمەندێکی تازە کە بەشێوازێکی مۆدێرن و پرۆفیشناڵ کارمان لەسەر کردووە و بە زووترین کات خەڵکی بەم کارانە ئاشنا دەبن".

شانیا کە ساڵی 1985 لە بەغدا لەدایکبووە، پێشتریش بە هاوکاری هەڵکەوت زاهیر ئەلبوومێکی گۆرانی بەناوی "جوانترین چاو" بڵاوکردووەتەوە.

## مژدین گۆرانی بۆ ئەمریکا دەڵێت

**ڕووداو- هەولێر**

بە پێچەوانەی هەموو گۆرانیبێژەکانی کوردستان کە گۆرانییان بۆ کوردستان و پێشمەرگە گوتووە، مژدین گۆرانییەک بۆ ئەمریکا تۆمار دەکات.

مژدین لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت "وەک سوپاسگوزارییەک بۆ ئەمریکا، گۆرانییەکم ئامادە کردووە کە لە ئاواز و هۆنراوەی خۆمە". هەروەها گوتی "ئەمریکا دۆستێکی نزیکی کوردە و توانی سەدام بڕووخێنێ و ئێستا لە دژی داعش بەرگری لە گەلی کورد دەکات، منیش وەک ئەرکێکی سەرشانم بە خۆشحاڵییەوە گۆرانی بۆ هێزەکانی ئەمریکا و گەلی ئەمریکا دەڵێم".





## چەنگەکەی تارا بۆ شنگال لێدەدا

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کچە ژەنیاری ناسراوی کورد تارا جاف بە موزیک ئازارەکانی منداڵانی شنگال دەنووسێتەوە.

تارا کە ژەنیاری ئامێری چەنگە، بە (ڕووداو)ی گوت "وەک دەربڕینی هاوخەمییەک بۆ لێقەوماوانی شنگال، پارچە میوزیکێکم بە ئامێری چەنگ بەناوی تەماشای چاوم بکەن داناوە و لە ڕێگای چەند وێنەیەکەوە کە فەرهاد چۆمانی لە کەمپی پەنابەران گرتبوونی، ئاوێتەی موزیکم کردووە، وێنەکان هی منداڵە ئاوارەکانن کە بە چاوێکی خەمبارەوە سەیری هاوێنەی کامێرا دەکەن، خۆگرتن لە ئاستیاندا ئەستەمە".

هاوکات ئەم موزیکە بووەتە سەرچاوە بۆ کەمپینێک بەناوی کەمپینی پیرۆزە کە بۆ هاوکاری و کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئاوارەکان سازکراوە.

## دەرمانی قەڵەوی لەلای عەلەوییە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگی میسری لەیلا عەلەوی دەڵێت بۆ ئەوەی ڕێکیی لەشولاری خۆی بپارێزێت بەردەوام سەما دەکات.

لەیلا عەلەوی لە دیمانەیەکی کەناڵی حەیاتی میسری ڕایگەیاند کە ئەو زۆر لە خەمی کێشی لەشیدایە و بەردەوام چاودێریی وردی لەشولاری دەکات، بۆیە ڕۆژانە مەلە دەکات و مەودایەکی زۆر بەپێ و بە پایسکل دەبڕێ.

عەلەوی وەک ئامۆژگارییەک بۆ ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان لاواز بکەن دەڵێت "باشترین وەرزش بۆ خۆ لاوازکردن، سەما و دانسکردنە کە پێویستە هەفتانە زیاتر لە سێ کاژێر بەردەوام سەما بکەن".



## ئیشا گوپتا دەڵێت ببڕن

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری هیندی ئیشا گوپتا هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە، بینیویەتی سەگێک لەلایەن پیاوێکەوە سزا دەدرێت، ئەمەش زۆر نیگەرانی کردووە.

دوای ئەوە ئیشا گوپتا بانگەوازێکی بڵاوکردەوە کە دەڵێت هەرکەسێک ئەم پیاوەم بۆ بدۆزێتەوە 10 هەزار ڕوپیەی پێشکەش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا داوا دەکات ئەندامی نێرینەی ئەو پیاوانە ببڕن کە کاری لەوجۆرە دەکەن.


ئیشا گوپتا ئەندامی ڕێکخراوی بیتای ئەمریکییە کە ڕێکخراوێکی تایبەتە بە پاراستنی ئاژەڵان.

## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com




### کاور



لەگەڵ ئەوەی ئاڵۆزیەکان بەرەو هێوربوونەوە دەچن، بەڵام خۆتان هەنگاوی جددیتان نییە. کاتێکی باشە بۆ پەیوەندی و سەفەر و بەرەوپێشچوونی کارەکانتان. دیداری گرنگ لەگەڵ کەسانی گرنگ دەکەن. ئاسوودەیی بۆ دەروونتان دەگەڕێتەوە و خۆتان بۆ کاری نوێ ئامادە دەکەن.

### گا




پەیوەندیتان لەگەڵ هاوکارەکانتان لەکارکردن باش دەبێت و سەرکەوتنێک بەدەستدێنن. ئەوانەتان کە دەخوازن کارێکی کۆمەڵایەتی بکەن سەرکەوتوو دەبن. لەلایەن بەرامبەرەکانتانەوە گرنگییەکی زیاترتان پێدەدرێ، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاوکاریتان دەکەن.

### جمک




پێویستتان بەهەنگاوی بوێرانە هەیە بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانتان، بەتایبەت لەباری کارکردن و پەیوەندیتان لەگەڵ هاوکارەکانی کارکردن. هەست و سۆزتان بەهێز دەبێت و بەچاوی سۆزەوە تەماشاتان دەکەن. کاتەکەی بۆ هەموو کار و هەنگاوێک باشە و بەخت هاوکاریتان دەکات.

### قرژاڵ



دەتوانن پەیوەندیتان بەهێز بکەن لەگەڵ خۆشەویست و هاوسۆزەکانتان. ئەوانەی بەنیازی هەنگاوێکی گرنگن ئەم هەفتەیە بۆتان باشە. بەڵام ئاگاداربن کارێک نەکەن لەتوانای خۆتان گەورەتر بێت. تەندروستیتان باش دەبێت. پلەوپایەیەکی بەرزتر لەکۆمەڵدا بەدەستدێنن.

### شێر



کار و سەرقاڵیتان بەرفراوان دەبێت و ناتوانن وەکو پێویست کارەکان بەڕێوەبەرن. پارەیەک بەڕێوەیە و بەدەستتان دەگات. ئەم هەفتەیە بۆ ئەو کارانە باشە کە پێشتر پێیانەوە خەریک بوویت و بەئاکام نەگەیشتوون.

### گوڵەگەنم



لەئاڵۆزی و ڕەشبینییەکانی دوو هەفتەی ڕابردوو دەرباز دەبن و دەگەنە ئاستێکی باش لەئاسوودەیی دەروونی. ئەم ماوەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سوود وەردەگرن. کاروبارەکانتان بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت و لە هەندێکیاندا لایەنی یارمەتیدەرتان بۆ دروست دەبێت.

### تەرازوو




لەگەڵ هاوڕێکانتان دەتوانن بیرۆکەیەکی نوێ دابهێنن. کاتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی کارەکان و بەرەوپێشبردنیان. لەدڵتەنگی ڕزگارتان دەبێت و هەست بەخۆشی و ئاسوودەییەکی زیاتر دەکەن. هەواڵی ئازیزێکتان پێدەگات.

### دووپشک




لە ترس و ڕاڕایی ڕزگارتان بووە و ئێستا کارەکان کەوتوونەتە سەر ڕەوتی ئاسایی خۆیان. لەم هەفتەیەدا گەڕان و پەیوەندیتان زۆر دەبێت. هەندێکتان کەسانی تازە دەناسن. کارەکانی دیکە هەندێکیان بەوەستاوی دەمێننەوە هەتا وادەی ئەنجامدانیان دێت.

### کەوان




دەتوانن داوای هاوکاری لە هاوبەشەکانتان بکەن یان کارێک بە پشتیوانی ئەوان بکەن. یان بگەنە چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی لەنێوان ئێوە و ئەندامانی خێزانتان هەیە. ئەگەر ئاگاداری خەرجی نەبن، پارەیەکی زۆرتان بەهەدەر دەڕوات و پاشان تووشی قەیران دەبن.

### کارژۆلە



لەم کاتەدا توانایەکی بەهێزت هەیە بۆ کۆنترۆڵی هەستەکانت و دەتوانی خۆت گەشبین بکەیت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەڕێوەچوونی باشتری هەنگاوەکان و ڕادەی سەرکەوتنت. فرسەتێکتان بۆ دێتەوە پێش کە لە ڕابردوودا جارێک لەدەستتان چووە.

### سەتڵ



لەنێو کۆمەڵگەدا بەچاوی ڕێزەوە تەماشاتان دەکرێ. دیدارێکی نوێ لەگەڵ خۆی ئاسوودەییتان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو کاتانەی هەست بە ڕەشبینی دەکەیت بۆ ئەنجامدانی هیچ کارێک باش نییە. پێویستت بەپلانی سەرکەوتووە بۆ ڕۆژانی داهاتوو.

### نەهەنگ



زۆربەی ناخۆشییەکانی ئێستات دەگۆڕێت بۆ خۆشی. قۆناغێکی نوێ لە ژیانت دەستپێدەکات کە پێویستی بەهەوڵ و ماندووبوونی زیاترە. ئەرکە سەرەکییە گرنگەکان بخە سەرەوەی لیستی کارەکانت. نیشانەی سەرەتایی گۆڕانکارییەکان دەرکەوتووە.

## هادی عامری.. پیاوە مغاویرییەکەی شیعە

# سەردەمی قاعیدەی شیعە بە ڕێگەوەیە



**فازڵ هۆرامی**
**رووداو- هەولێر**

"لە شەڕی دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە پارێزگای دیالە، هادی ئەلعامری وەزیری گواستنەوەی عێراق کە هاوکات بەرپرسی یەکەمی سوپای بەدرە، بووە سەرچاوەی سەرەکی بۆ دابەشکردنی یارمەتی دارایی و سەربازی کە لە ڕێگەی ئێرانەوە دەگاتە خۆبەخشە شیعەکان". ئەمەش بەگوێرەی راپۆرتێکی مەیدانیی رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی.

چەکدارکردنی ئەو ژمارە زۆرەی گەنجانی شیعە، بووەتە مایەی نیگەرانی لای ژمارەیەک سیاسەتمەداری شیعە کە هۆشداری دەدەن لە سەرهەڵدانی "قاعیدەی شیعە". بە گوتەی رۆژنامەی گاردیان، کەسی سەرەکی ئەم چەکدارە توندڕەوە شیعانە هادی عامرییە.

عامری دۆستی نزیکی قاسم سولەیمانی، بەرپرسی سوپای قودسی ئێرانە. لە راپۆرتێکی گۆڤاری بەناوبانگی نیویۆرکەری ئەمریکیدا کە لە 30/9/2013 بڵاوکراوەتەوە، رۆژنامەنووسی بەناوبانگ دێکستێر فیڵکینس دەڵێت هادی عامری و قاسم سولەیمانی رۆڵی باڵایان هەبووە لە گەیاندنی چەک بە رژێمی سووریا لە ڕێگەی ئاسمانی عێراقەوە.

هەرچەندە عامری زانیارییەکانی ئەو راپۆرتەی رۆژنامە ئەمریکییەکەی رەتکردووەتەوە، بەڵام کاتێک کە فیڵکینس پرسیاری لەبارەی قاسم سولەیمانی لێدەکات، عامری دەڵێت "من بە قاسم سولەیمانی سەرسامم و ئەو دۆستێکی زۆر ئازیزی منە".

موجتەبا، یەکێک لەو چەکدارە شیعانە کە دژی داعش لە دیالە شەڕ دەکات، بە رۆژنامەی گاردیانی گوتووە "ئێمە جاران یارمەتی زۆرمان وەردەگرت لە ئێران، بەڵام ئێستا دیالە لە ژێر کۆنترۆڵی هادی عامری-دایە. هەموو کۆمەکە سەربازییەکانی عێراق و کۆماری ئێران لە ڕێگەی ئەوەوەیە. ئێران پێماندەڵێت دەبێت بەشی خۆتان لە هادی عامری وەربگرن".

عامری ساڵی 1954 لە دیالە لەدایکبووە، بە کەسێکی زۆر نزیک لە ئێران دادەنرێت و لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا، هاوشانی سوپای پاسدارانی ئێران دژی سەدام شەڕی کردووە. عامری لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا دەردەکەوێت کە دەستی عەلی خامنەیی، رێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ماچ دەکات.

عامری، کە ئێستا وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی کاربەڕێکەری عێراقە، لەوەتەی شەڕی داعش دژی سوپای عێراق هەڵگیرساوە، بە جلی سەربازیی مغاویری دەوامی وەزارەتەکەی دەکات و ئامادەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەبێت.

رۆژنامەی گاردیان لە زاری سیاسەتمەدارێکی باڵای شیعەوە هۆشداری دەدات کە لە پرۆسەی شەڕکردن دژی داعش، ئەو شیعە چەکدارانە زۆر رادیکاڵتر دەبن و لە داهاتوودا دەبنە هۆی ناسەقامگیری لە عێراق "ئێمە خەریکین گرووپی رادیکاڵی شیعەی قاعیدە دروستدەکەین کە لە رادیکاڵبوونیاندا بەرامبەرن بە رادیکاڵە سوننەکان. من ترسم هەیە کە بە چەکدارکردنی ئەو هەموو میلیشیایە، گەلەکەمان و کۆمەڵگاکەمان بسووتێ".

ئەمە یەکەمجار نییە کە ئەو شەڕە لە عێراق روودەدات. لە شەڕی تایفی 2006 بۆ 2008 فەیلەقی بەدر و هادی ئەلعامری رۆڵی سەرەکییان هەبوو لە هەڵگیرسانی ئەو شەڕە و پەرەپێدانی کە هەزاران کەسی تێدا بوونە قوربانی لە هەردوو لایەنی شیعە و سوننە.

لە کۆبوونەوەیەکی زەڵمای خەلیزاد باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕشی ئیسلامی عەمار حەکیم و هادی ئەلعامری لە 8/2/2014، خەلیزاد دەڵێت کە هێزە هاوپەیمانەکان لە عێراق بەڵگەیان لەبەر دەستە کەسانێک لە هێزی بەدر چەکی سووک و ئار پی جییان بە هاوکاری سوپای قودسی ئێران هێناوەتە ناو عێراق و سەربازە ئەمریکییەکانیان کردووەتە ئامانج.

عەلی خدەیری کە راوێژکاری پێنج باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە عێراق، لە گۆڤاری فۆرێن پۆلیسی دەنووسێت: فەیلەقی بەدر لە شەڕی عێراق و ئێراندا لە لایەن ئێرانەوە راهێنانی پێکراوە، لە رووی چەک و پارەوە یارمەتی دەدرا. لە دوای شەڕی 2003 ئەو هێزە بەناوی باڵی سەربازی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی گەڕایەوە عێراق. یەکەم ئەرک کە لەلایەن ئێرانەوە بەم هێزە سپێردرا، دۆزینەوە و کوشتنی ئەو فڕۆکەوانە عێراقیانە بوو کە بەشدار بوون لە شەڕی عێراق و ئێراندا. لەم دواییەش فەیلەقی بەدر بەشداربوون لە هێرشکردنە سەر رێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران لە نزیک بەغدا.

هادی عامری بە کەسێکی بەدەسەڵات دادەنرێت لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا و زۆر جاریش ئەو دەسەڵاتەی بۆ بەرژەوەندی خۆی و خێزانەکەی بەکارهێناوە. رۆژی 6/3/2014 ئاژانسی رۆیتەرز بڵاوی کردەوە، فڕۆکەیەکی لوبنانی کە بەرەو بەغدا رۆیشتووە، بەر لەوەی بنیشێتەوە ناچار کراوە بگەڕێتەوە لوبنان، چونکە فڕۆکەکە کوڕەکەی عامری بەجێهێشتووە کە ناوی مەهدییە.

بەپێی بەڵگەنامەکانی سایتی ویکیلیکس، هادی ئەلعامری مانگی 10ی ساڵی 2006 جۆن هەنا راوێژکاری ئاسایشی جێگری سەرۆکی ئەمریکا دەبینێت و سوپاسی ئەمریکا دەکات بۆ ئەوەی کە عێراقی رزگار کرد و دیموکراسی لە عێراق هێنایە کایەوە. ئەو ساڵە ئەلعامری سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری بوو لە پەرلەمانی عێراق.

ئەگەرچی بە یەکێک لە نزیکترین کەسەکان لە ئێران دادەنرێت، بەڵام هەوڵیشی داوە لە ئەمریکییەکان نزیک ببێتەوە و بارودۆخی ناسەقامگیری عێراقی لەو ساڵەدا خستووەتە پاڵ تەکفیرییەکان و قاعیدە و سەدامییەکان.

لە کاتێکدا کە هادی عامری دەڵێت گرووپەکەی بەشداری لە توندوتیژی نەکردووە، بەرپرسێکی ئەمریکی لە کۆبوونەوەیەکی 24ی نیسانی 2006 لەگەڵ عامری، بەڵگە دەخاتە بەردەم ناوبراو کە بەرپرسێکی فەیلەقی بەدر بە تەقەمەنییەوە لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستگیرکراوە.

لە راپۆرتێکی دیکەی باڵیۆزخانەی ئەمریکادا لە 2/11/2008، پارێزگاری بەسرە، هادی ئەلعامری تۆمەتبار دەکات بەوەی کە یارمەتی دەزگای هەواڵگریی ئێران دەدات بۆ ئەوەی ئەو لایەنانەی لە ئێرانەوە نزیکن دەنگی پێویست لەو شارە بهێنن و ئەو شارە هەر لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندا بمێنێتەوە.

ئێستا هادی عامری بەرپرسی هەزاران میلیشیای شیعەیە لە دژی داعش، کە زۆربەیان لەسایەی ئەم شەڕەدا خەریکە رادیکاڵ دەکرێن و هەمان رێچکەی چەکدارانی داعش دەگرن. بۆ نموونە تەرمی کوژراوە سوننەکان لە شوێنە گشتییەکان هەڵدەواسن. رۆژنامەنووسەکەی گاردیان دەنووسێت کە بە چاوی خۆی بینیویەتی تەرمی دوو کەس لە شەقامێکدا هەڵواسراوە، لە کاتێکدا خەڵک بەو شەقامەدا هاتوچۆیان کردووە.

هەر بەپێی ئەو راپۆرتەی گاردیان، میلیشیاکانی شیعە تەنانەت دەیانەوێت مزگەوتی ئەو گوندە سوننانە کە گوایە یارمەتی داعشیان داوە بڕووخێنن و دانیشتووانی ئەو گوندانە لەناوببەن. یەکێک لەو میلیشیا شیعانە لە گوندێکی سوننەنشین بە رۆژنامەنووسەکە دەڵێت "جوتیارانی ئەم گوندە کە دەوڵەمەندن، خۆیان بوونە هۆی وێرانبوونی گوندەکەیان، لەبەرئەوەی کە رقیان لە شیعە بوو، پاڵپشتی داعشیان کرد. خۆزگە مزگەوتەکەی ناو گوندەکەشمان دەسووتاند". هەرچەندە دیار نییە کۆتایی ئەم شەڕە چی دەبێت، بەڵام بە وتەی سیاسەتمەدارێکی باڵای شیعە، میلیشیاکان دەبنە قوتابخانەی دروستکردنی چەکداری دەمارگیر و روودەکەنە وڵاتانی دیکە و شەڕی تایفی زۆرتر هەڵدەگیرسێنن. ئەو سیاسەتمەدارە دەڵێت "چەکدارە شیعەکانیش چەکەکانیان هەڵدەگرن و دەچن بۆ سعودیە و یەمەن بۆ شەڕ، هەروەک چەکدارە سوننەکان کە دەچن بۆ جیهاد".



# ئیمارات و میسر بە F16 شەڕی ئیخوان موسلیمین دەکەن

**مەجید نیزامەدین گلی**
**رووداو- هەولێر**

لە دوو هەفتەی رابردوودا دووجار چەند فڕۆکەیەکی جەنگیی ئیماراتی بۆردومانی چەکدارە ئیسلامیەکانیان کرد لە نزیک شاری تەرابلوسی پایتەختی لیبیا. چەند بەرپرسێکی ئەمریکی بە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیان گوت کە فڕۆکە جەنگییەکانی ئیمارات بنکەیەکی سەربازیی میسریان بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە. چەند دیپلۆماتکارێکی میسری ئەو هەواڵەی نیویۆرک تایمزیان بە تەواوی رەتکردەوە، بەڵام ئیمارات تاوەکو ئێستا قسەی لەسەر هەواڵەکە نەکردووە.

ئامانجی فڕۆکە ئیماراتییەکان چەکدارانی میلیشیایەکی ئیسلامی بووە کە زۆربەیان خەڵکی شاری مسراتەی لیبیان. چەکدارە ئیسلامییەکان و چەکدارانی سەر بە میلیشیای جەنەراڵ حەفتەر، شەڕ لەسەر کۆنترۆڵکردنی پایتەختی لیبیا دەکەن. میدیای ئیماراتی و میسری دەڵێن چەکدارە ئیسلامییەکان سەر بە ئیخوان موسلیمینن کە حکومەتەکانی میسر و ئیمارات بە "تیرۆرست" ناویان دەبەن. هێرشە ئاسمانییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە وەستاندنی پێشڕەویی چەکدارە ئیسلامییەکان و هەفتەی رابردوو فڕۆکەخانەی تەرابلوسیان کەوتە دەست.




### ئەمریکا تووشی شۆک بووە

چەند بەرپرسێکی ئەمریکی کە نەیانویست ناویان ئاشکرا بکرێت، بە نیویۆرک تایمزیان گوت کە ئەوان تووشی شۆک بوون. ئیمارات و میسر بە چەکی ئەمریکی و بێ پرسی ئیدارەی ئۆباما بۆردومانی لیبیایان کردووە. ئیمارات و میسر دوو هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکان، ئەم هەنگاوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ واشنتن ئاڵۆزتر دەکات. بەرپرسێکی ئەمریکی دیکە بە نیویۆرک تایمزی گوت "ئەم ئۆپەراسیۆنە هیچ بنیاتنەر نییە و زۆر خراپە".

هەندێک لە بەرپرسانی ئیدارەی ئۆباما، ئەم هەنگاوەی میسر و ئیمارات بە کاردانەوەی ناکۆکیی ئیقلیمی لە نێوان بەرەی تورکیا و قەتەری پشتیوانی ئیخوان موسلیمین و بەرەی سعودیە و میسر و ئیمارات دەبینن.

### هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە دوو بەرەدا

رۆژنامەی نیویۆرک تایمز ناهاوئاهەنگیی ئیمارات و میسر لەگەڵ ئەمریکا وەکو رەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە دەبینێ لەگەڵ ئیدارەی ئۆباما. سعودیە و میسر و ئیمارات رەخنە لە سیاسەتی ئۆباما دەگرن لە ناوچەکە بەتایبەتی لە سووریا، سعودیە هاوڕایە لەگەڵ ئیسرائیل کە ئیدارەی ئۆباما نەرمی دەنوێنێ بەرامبەر بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و گوێ لە رای هاوپەیمانەکانی ناگرێت دەربارەی عێراق و بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان.

شەڕی غەززەی ئەم دواییە ناکۆکییەکەی قووڵتر کردووە. لە جیاتی میسر و سعودیە و ئیمارات، ئیدارەی ئۆباما یەکەمجار پەیوەندی بە بەرپرسانی قەتەرییەوە کرد بۆ ئەوەی ببنە نێوبژیوان لە نێوان حەماس و ئیسرائیل. سعودیە و ئیمارات رای جیاوازیان لەگەڵ قەتەر هەیە دەربارەی کێشەکانی ناوچەکە. سعودیە و ئیمارات و میسر ئیخوان موسلیمین بە گەورەترین هەڕەشە دەزانن. مانگی ئاداری 2014 ئیمارات و سعودیە ئیخوان موسلیمینیان خستە لیستی رێکخراوە تیرۆریستەکان. لە سعودیە، 5 تاوەکو 30 ساڵ زیندانی سزای هەر کەسێکە کە ئەندام بێت لە ئیخوان موسلیمین. ئیمارات لەسەرەتای ساڵی 2012ەوە دەیان کەسی خستووەتە زیندان و دادگایی کردوون بە تۆمەتی "ئەندامبوون لە ئیخوان موسلیمین".

بە پێچەوانەوە، قەتەر هاوڕایە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا کە ئیخوان موسلیمین بەشێکە لە چارەسەر لە شەڕەکانی سووریا. کەناڵی جەزیرەی قەتەری زۆربەی جار رەخنە لە سیاسەتەکانی عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسری هاوپەیمانی سعودیە و ئیمارات دەگرێت. خراپیی پەیوەندییەکان گەیشتە ئەو رادەیەی کە لە سەرەتای ساڵی 2014 بەحرەین و سعودیە و ئیمارات باڵیۆزخانەکانیان لە قەتەر دابخەن. بە گوێرەی گۆڤاری فرۆن ئەفایەرسی ئەمریکی، ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی کە قەتەر لە ناردنی پارە و چەک بۆ چەکدارە ئیسلامیەکانی لیبیا بوەستێ.

هەرچەندە هەریەک لە قەتەر، تورکیا، ئیمارات، سعودیە و میسر هاوپەیمانی ئەمریکان، بەڵام بەگوێرەی سەنتەری واشنتن ئینستتیوتی ئەمریکی، ئیدارەی ئۆباما تا رادەیەک ناچارە موجامەلەی قەتەر زیاتر بکات و هەوڵبدات پێگەی دیپلۆماسی بداتێ لە گفتوگۆکانی ئیسرائیل و حەماسدا. ئەمریکا پێویستی بە بنکەی فڕۆکەوانی عودەیدەی قەتەر هەیە بۆ ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانییەکانی عێراق و ئەفغانستان. هەروەها قەتەر پەیوەندی باشی لەگەڵ بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی هەیە و بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەتوانێت یارمەتی مرۆیی بە بەنداوی عەسقەلانی ئیسرائیلیدا بگەیەنێتە غەززە.

### ئیمارات هەنگاوێک لە پێش ئەمریکایە

ئەنجامدانی ئەو جۆرە هێرشە ئاسمانیانە لە لیبیا، توانای سەربازی ئەو دەوڵەتە بچووکەی کەنداو پێشان دەدات. لیبیا زیاتر لە 3500 کیلۆمەتر لە ئیماراتەوە دوورە. فڕۆکە سەربازییەکانی ناتوانن ئەو ڕێگە درێژە ببڕن. بۆیە ئیمارات پێویستی بە بنکەی سەربازیی نزیکتر بووە. بەڵام نزیکترین بنکەی سەربازی 1300 کیلۆمەتر لە تەرابلوسی پایتەختی لیبیاوە دوورە. وا دیارە بۆ ئیمارات ئەمە کێشە نییە کە خاوەنی پێشکەوتووترین هێزی ئاسمانییە لە ناوچەکەدا.

بە گوێرەی ئاژانسی برنز ئینسایدەری ئەمریکی، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییە، ئیمارات فڕۆکەی ئەمریکی جۆری F16cی بەکارهێناوە کە پێشکەوتووترین جۆری فڕۆکەی سەربازییە و تاوەکو ئێستا هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بەکاریان نەهێناوە. فڕۆکە جەنگیەکانی ئیمارات دەتوانن لە بەرزیی 3500 مەترەوە ئامانجەکانیان بپێکن. ئەمەش لە هەڕەشەی هەر چەکێکی دژە فڕۆکەی دەست میلیشیا لیبیەکان دەیانپارێزێ. ئەمە یەکەمجار نییە کە ئیمارات هێرشی ئاسمانی لەوجۆرە لە لیبیا ئەنجام بدات. لە ساڵی 2011شدا 12 فڕۆکەی جەنگیی ئیماراتی بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنەکانی ناتۆ کرد لە دژی هێزەکانی موعەمەر قەزافی سەرکردەی پێشووی لیبیا.

ئەمریکاییەکان 42 ملیۆن دۆلاریان پێ کۆکردووەتەوە

# کورد تەنیا بەفراوەکەی بەخۆیدا کرد



**سەروەر سالار و تەرزە عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**

دیاردەی ڕشتنی سەتڵێک بەفراو بەسەرتدا، تەنیا بەشێکی ئەو چالاکییە کە ماوەیەکە لە سەرانسەری جیهاندا کەسانی ناسراو دوای تاقیکرنەوەی، وێنەی ڤیدیۆیی چالاکیەکەیان دەگرن و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکەنەوە. بەشەکەی دیکەی ئەو چالاکیە کۆکردنەوەی کۆمەکە بۆ نەخۆشانی ALS، بەڵام لە کوردستان چالاکیەکە تەنیا بەسەرخۆداکردنی بەفراوەکەیە و بەشداربوو دوای ڕشتنی ئاوەکە، وا دەزانێت ئەرکە مرۆییەکەی بەجێهێناوە.

ئایس بەکێت چاڵنج، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە دوو مانگی ڕابردوودا بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەوە و لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا بووە سەرچاوەی داهاتێکی باش بۆ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە توێژینەوە و چارەسەری ALS، بەڵام لە کوردستان کاریگەرییە داراییەکانی دەرنەکەوتن و چالاکیەکە گۆڕا بۆ نمایشێکی بەسەربردنی کات و تەنانەت خۆدەرخستن، هەندێکیش هەر بەتەواوی لە پەیامی پشت چالاکیەکە دوورکەوتنەوەو سەتڵە بەفراوەکەیان گۆڕی بۆ قوڕاو و ڕەهەندێکی نارەزایی سیاسییان دایە چالاکیەکە.

ALS نەخۆشییەکە کە تێیدا هەستەدەمارەکانی کەسی تووشبوو تووشی داخوران و لەکارکەوتن دەبن و تووشبووەکە لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا تووشی تێکچوونی جووڵە و لەکارکەوتنی قوتدان و هەناسەدان دەبێت. زۆربەی تووشبووان لەماوەی 3- 5 ساڵدا دەمرن، زیاتریش بەهۆی وەستانی هەناسەوە.

یاسای چاڵنجەکە وەهایە کە کەسێک ناوزەد دەکرێ بۆ ئەوەی بەفراو بەسەری خۆیدا بکات، ئەویش قەبوڵی دەکات و بەفراو بەخۆداکردنەکە لەپێش چاوی کامێرا ئەنجامدەدات، دواتر ئەویش چەند کەسێک ناوزەد دەکات تا ئەوانیش هەمان کار بکەن. لە حاڵەتی ئەنجامدانیدا کەسەکە 10 دۆلار لە بەرژەوەندی تووشبووان دەبەخشێت، بەڵام ئەگەر لە 24 کاژێردا نەیکرد، دەبێت 100 دۆلار ببەخشێت.

## نەخۆشیەکە لە کوردستان

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت لە کوردستانیش ئەم نەخۆشیە هەیە و چەندین حاڵەت دەستنیشانکراون و هەفتەی ڕابردووش لە سلێمانی کەسێک بەو نەخۆشیە گیانی سپارد.

د.زانا عەبدولڕەحمان پزیشکی پسپۆڕی مێشک و دەمار بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "لەم نەخۆشییەدا ئەو خانانەی مێشک و دڕکەپەتک لەکاردەکەون کە بەرپرسن لە جووڵەی ماسولکەکان، بەمەش کەسەکە تووشی سنووردارییەکی زۆر دەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا".

د.زانا دەڵێت وەک زۆر لە دیاردەکانی جیهانی نوێ، ئایس بەکێت چەڵنجیش ڕەنگە بە "خواروخێچی" گەیشتبێتە کوردستان "دەنا بەگشتی چالاکیەکی جوانە و هەم کۆمەکێکی داراییە بۆ تووشبووان، هەم هۆکارێکی گرنگیشە بۆ ئەوەی خەڵک لە ئازارەکانی ئەو نەخۆشییە تێبگەن".

## لە کوردستان کاریگەری ئەوتۆی نییە

ئایس بەکێت چاڵنج ئەوەندە بڵاوە کە لە سەرەتای حوزەیران تا ناوەڕاستی ئاب 1،2 ملیۆن ڤیدیۆی تایبەت بەم حاڵەتە لەسەر فەیسبووک دانراون، لە تویتەریش لە 29ی تەمموز تا 17ی ئاب 2،2 ملیۆن پۆستی تایبەت بەو دیاردەیە پۆستکراون.

چالاکیەکە دەستکەوتێکی ماددیی بەرچاوی پێشکەش کردووە بە تووشبووان لە وڵاتانی دیکە. بەپێی زانیاریەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، لەڕۆژی 29ی تەممووزەوە تا 21ی ئاب نزیکەی 42 ملیۆن دۆلار بەخشراوەتە کەمپەینی پشتیوانی لە نەخۆشانی ALS لە ئەمریکا. هەر لە ئەمریکا لەوەتەی ئایس بەکێت چاڵنج پەیدا بووە، 739 هەزار بەخشەری نوێ بۆ پشتیوانی ئەو نەخۆشانە ناوی خۆیان تۆمار کردووە.

بەڵام لە کوردستاندا تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی بەخشینی پارە لەنێو ئەو کەسانەدا تێبینی نەکراوە کە سەتڵە ئاوەکە بەسەریاندا دەڕێژن.

## کەمپەینی ژیانەوە چاوی لە دەستی بەخشەرانە

لە سەرەتای حوزەیرانی ئەمساڵەوە لە سلێمانی کەمپەینێک دەستپێکرد بۆ کڕینی دوو ئامێری چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک بۆ تووشبووانی شێرپەنجە، نرخی ئەو دوو ئامێرە و پێداویستییە مرۆیی و لۆجستییەکانیان 12 ملیۆن دۆلارە.

سەرەتا هەفتەیەکی بەخشین ڕاگەیەنرا و بە گوتەی ژیار ڕەئوف یەکێک لە سەرپەرشتیارانی کەمپەینەکە، تەنیا 3،5 ملیۆن دۆلار کۆکراوەتەوە. خولێکی نوێی چالاکییەکان ناردنی پارە بوو بۆ کەمپەینەکە لەڕێگەی کورتەنامەیەکی بەتاڵەوە بۆ ژمارە 2220ی ئاسیاسێل یان کۆڕەک و ئێستاش بەردەوامە.

ژیار باس لە هەنگاوی سێیەمیان دەکات "داوا دەکەین هەر کەسە و سێڵفییەک بگرێت کە وێنەی ئەو نامەیە دەربچێت بۆ 2220ی ناردووە". بەبڕوای ئەو، بەشدارکردنی کەسانی بەنێوبانگ لە کوردستاندا، کاریگەری دەبێت بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەمان کار بکەن.

سەبارەت بەوەی بۆچی ئایس بەکێت چاڵنج لە کوردستان ناکرێتە هۆکارێک بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری دارایی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە، ژیار گوتی "ئەو کەسانەی تووشی ALS دەبن هەست بە سڕبوونی گیانیان دەکەن، ئەو کەسەش کە ئاوی سارد بەخۆیدا دەڕێژێت گیانی سڕ دەبێت، واتە ئەو چالاکیە تایبەتە بە ALS و ناکرێت بۆ شێرپەنجەش هەمان شت بکرێت".

# گەنجێتیت بەم 5 خۆراکە بپارێزە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

نیشانەکانی پیری وەکو چرچ و لۆچی دەموچاو و بیرچوونەوە و سپی بوونی مووی سەر زۆر بێزارت دەکەن و لەڕووی دەروونییەوە هەست بە نائاسوودەیی دەکەیت، جا بۆ ئەوەی لە دەردی پیری ڕزگارت بێت و هەمیشە بە گەنجی بمێنیتەوە، ئەو پێنج خۆراک و خواردنەوانە لەبیر مەکە.

### 1 - ڕووەکی ڕەنگا و ڕەنگ بخۆن:

ئەو ڕەنگە سوورە ئاڵەی تەماتە و ئەو سەوزە درەوشاوەیەی برۆکلی و بیبەر و ئەو زەردییە سەرنجڕاکێشەی لیمۆ و ڕەنگە جوانە سروشتییەکانی دیکەی میوەکان بەهۆی بوونی ماددە دژە ئۆکسانەکانەوەیە. ئەو ماددانە نەرمی و تەندروستیی بۆڕییەکانی خوێنتان دەپارێزن، جوانی و درەوشاوەیی پێستتان و تەندروستی گشتیتان پتەو دەکەن و بەرگری لەشتان بەهێز دەکەن. بۆیە هەوڵ بدەن لە هەموو ڕەنگەکانی میوە بخۆن، چونکە هەر ڕەنگە و نیشانەی بوونی جۆرێکی جیاوازە لەو ماددە سوودبەخشانە.

### 2 - سەرچاوەی چەورییەکەت بگۆڕە:

ئەو چەورییەی لە زەیتون و ماسی و بادەم و ناوکەکانی دیکەدا هەیە، سوودێکی ئێجگار زۆری بۆ دوورکەوتنەوە لە نەخۆشیی ئەڵزایمەر و تووشبون بە نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە هەیە.

### 3 - ڕۆژانە پەرداخێک شەربەتی مێوژ بخۆرەوە:

مێوژ دەوڵەمەندییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە ماددەی دژە ئۆکسیدی فلاڤۆنۆیددا، کە ڕێگا دەگرێ لە تووشبوون بە نەخۆشییە مۆدێرنەکانی وەک بەرزیی فشاری خوێن و شەکرە.

### 4 - ڕۆژانە کوپێک چای سەوز بخۆرەوە:

چای سەوز ماددەی کەیتچینی تێدایە کە ڕێگرە لە تووشبوون بە بەرزیی فشاری خوێن و بە گوتەی پسپۆڕان باشترین ڕێگرە لە پیربوونی مرۆڤ. ئەگەر ڕۆژانە کوپێک چای سەوز بخۆیتەوە، ئەگەری تووشبوونت بە بەرزیی فشاری خوێن 46% کەم دەکات و ئەگەر لە کوپێک زیاتر بخۆیتەوە 65% ئەگەری تووشبوونت کەم دەکات.

### 5 - کەم بخۆ

ئەگەر کێشت هەروەک تەمەنی 18 ساڵیت بهێڵیتەوە، ئەوا ئەگەری تووشبوونت بە نەخۆشیی دڵ و بەرزیی فشاری خوێن و شەکرەی جۆری 2 و بەردی زراو 66% کەمدەکات.



# ئەم نیشانانەی شەکرە لەبیر مەکە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

چەند نیشانە و ئاماژەیەک هەن، ڕەنگە هەموو کەسێک هەستیان پێنەکات کە نیشانەکانی تووشبوونن بە نەخۆشیی شەکرە، بۆیە لە حاڵەتی دەرکەوتنی ئەو نیشانانە پێویستە ڕێوشوێنی پێویست بگریتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکە. گرنگترین نیشانەکانیش بریتین لە:

### 1 - زۆر میزکردن، تینوێتی زۆر، لێڵبوونی بینین:

ئەم سێ خاڵە نیشانەی ئەوەن کە شەکرەت وەک پێویست کۆنترۆڵ نییە. ئەگەر هەستت بەم سێ نیشانەیە کرد، دەبێ بە زوویی ڕێژەی شەکرەی خوێنت پێوانە بکەیت تا پزیشک ڕێوشوێنی زانستیت پیشان بدات بۆ کۆنترۆڵکردنی.

### 2 - گێژبوون:

کاڵبوونەوەی هەستی هۆشیاری نیشانەی ئەوەیە شەکرەکەت لە ئاستی ئاسایی نزمترە و دەرمانەکەت زیاد لەپێویست کاری کردووە بۆ دابەزاندنی ڕێژەی شەکری خوێنت. خواردنەوەی پەرداخێک شەربەت شەکرەکەت دەگێڕێتەوە بۆ باری ئاسایی. زۆرجار نەخۆش هەست ناکات هەڵسوکەوت و هۆشی گۆڕابن، بۆیە ئەو کەسانەی لە دەوروبەرن ئەگەر هەستیان بە گۆڕانی هەڵسوکەوتی کەسێکی تووشبووی شەکرە کرد، دەبێ خێرا شەربەت یان هەر ماددەیەکی شیرین بدەنە تووشبوو، بەر لەوەی هۆشی لەدەست بدات. ئەگەر ئەندامێکی تەندروستی خێزان تووشی ئەم حاڵەتە هات، دەبێ بکۆڵرێتەوە کە ئایا بە هەڵە حەبی ئەندامە تووشبووەکەی خێزانی نەخواردووە؟ ئەگەر خواردبووی دەبێ بگەیەنرێتە یەکەی فریاکەوتنی خێرا.

### 3 - هەوکردن، ئاوسان یان بەربوونی خوێنی پووک، یان برینی پێ:


ئەگەر پووکت وەهای بەسەرهات، دەبێ پزیشک پشکنینی بۆ بکات و لە هۆکارە تووشکەرەکە بکۆڵێتەوە، چونکە برینی کەسی تووشبووی شەکرە ئاسان چاک نابێتەوە و دەکرێ تەشەنە بکات. دەربارەی پێ، کەسی تووشبوو دەبێ ڕۆژانە پێیەکانی بە ئاوی شلەتێن بشوات و بە کرێمی شێدارکەرەوە چەوری بکات، چونکە وشکبوونەوە و قڵیشانی پێست ڕێگە خۆش دەکەن بۆ هەوکردنی پێ لە تووشبووانی شەکرەدا. دەبێ کەسی تووشبوو ڕۆژانە چێکی پێیەکانی بکات و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بچووکترین برینیش بکات. جگە لەمە، دەبێ ناوبەناو پزیشک چێکی قاچی تووشبووانی شەکرە بکات بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە ڕێکوپێک کارکردنی دەمار و بۆڕییەکانی خوێنی پێ.

### 4 - کێشە لە چاو و بیناییدا:

هەر هەستکردنێک بە گۆڕانی کتوپڕ لە توانای بینیندا، یان هەستکردن بە ئازاری چاو، یاخود هەستکردن بە پەڵەی سپی لەسەر دیمەنی بینراو، دەبێ وات لێبکات پزیشکی پسپۆڕی چاو ئاگادار بکەیت، چونکە تووشبووانی شەکرە زیاتر لە کەسانی ئاسایی تووشی کێشەکانی تۆڕی چاو و دەماری بینین و کێشەکانی دیکەی چاو دەبن، ئەگەر بە وریایی و زانستییەوە مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ دەکرێ ببنە هۆی لەدەستدانی توانای بینین.

### 4 - هەمیشە وریابە لە نیشانەکانی نەخۆشیی دڵ:

کەسی تووشبووی شەکرە دوو هێندەی کەسێکی ئاسایی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵی هەیە. مەرج نییە نەخۆشیی دڵ هەر بە سنگ ئێشە و دڵەکوتێ خۆی بنوێنێ، بەڵکو دەکرێ بە نیشانەگەلێکی سەیری وەک شان ئێشە، ئێڵنج و ئازاری شەویلگە خۆی نیشان بدات. جگە لەمانە ماوە ماوە سەردانی پزیشک بکە تا زانستیانە چێکی دڵ و بۆڕییەکانی خوێنت بکات، چونکە هەندێجار نەخۆشیی دڵت هەیە و هیچ نیشانەیەک هەست پێناکەی.




# بۆڕی تۆوەکانتان مەپچڕێنن

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی پرۆستات بەڕێژەی 10% لەو پیاوانەدا زیاترە کە دەچنە ژێرباری نەشتەرگەریی پچڕاندنی بۆڕی تۆو بە مەبەستی ڕێگرتن لە سکپڕبوون لە ئەنجامی سێکسکردن.

ژمارەی ئەو کەسانەی ئەو نەشتەرگەرییەیان کردووە لە جیهاندا، نزیکە 60 ملیۆن کەسە، ئەمریکییەکانیش زۆرتر لە خەڵکی وڵاتانی دیکە ئەو جۆرە نەشتەرگەرییە دەکەن، ئەوەش بە مەبەستی ڕێگرتنە لە دروستکردنی منداڵ لە ئەنجامی سێکس.

تیمێکی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایەتی لۆرلای مۆکێفی لە زانکۆی هارڤارد لە ئەمریکا، کە ئەمساڵ بە باشترین زانکۆی جیهان دەستنیشان کرا، لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر زیانەکانی پچڕاندنی بۆڕیی تۆو ئەنجامدا.

لە ساڵی 1986ەوە دەست بەو لێکۆڵینەوەیە کراوە و ماوەی 24 ساڵ بەردەوام بووە. لەو ماوەیەدا پشکنینیان بۆ 50 هەزار پیاو کردووە. ئەو تیمەی زانکۆی هارڤارد بۆیان ئاشکرابووە کە مەترسیی مردن بە هۆی وەرەمەوە لەو پیاوانەدا کە نەشتەرگەرییەکەیان کردووە، بەرزبووەتەوە بۆ 19 — 22%.

لێکۆڵەران ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان بە هۆکارێکی بایۆلۆژییەوە دەبەستنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ڕێژەی هەندێک پرۆتین دادەبەزێت لە شلەی پرۆستاتدا دوای پچڕاندنی بۆڕی گواستنەوەی تۆوی پیاو، ئەوەش مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی پرۆستات زیاد دەکات، چونکە پرۆتینەکان بەرگری دەکەن لە دژی دروستبوونی وەرەمە شێرپەنجەییەکان.

ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەش لەگەڵ ئەو ئەنجامەدا یەکدەگرێتەوە کە ئەو پیاوانەی نەزۆکن، ڕێژەی دروستبوونی شێرپەنجەی پرۆستات تێیاندا 2.6% زیاترە بە بەراورد لەگەڵ پیاوێکدا کە توانای دروستکردنی منداڵی هەیە. ئەوەش بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی گۆڤاری فرانکفۆرتەری ئەڵمانی بڵاوی کردووەتەوە.



# نرخی بەنزین و سیاسەتی پۆپۆلیستی




**عومەر ئەحمەد**

چەند هەفتەیەکە لیژنەی نەوت و گازی پەرلەمانی کوردستان گوشاری بۆ حکومەت هێناوە کە نرخی بەنزین دابەزێنێ و وادەنوێنن کە ئەوان زۆر لە خەمی هاووڵاتیدان و تەنانەت بە گوتەی یەکێک لەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە ئەگەر بە دەستی ئەوان بایە بەنزینیان بەخۆڕایی دەدایە خەڵک.

زۆر جێی داخە کە دەبینین پەرلەمانی وڵاتان وەک هەنگاوی ستراتیژیی درێژخایەن هەوڵی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و سووتەمەنی لە وڵاتانی خۆیان دەدەن و پەرلەمانی ئێمەش یاری و موزایەدەی سیاسی بە پرسێکەوە دەکات کە دەتوانێت تا چەندین دەیە سیمای ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی بگۆڕێت.

هەوڵەکانی پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکدایە کە باشووری کوردستان لە شەڕێکی دژواردایە دژی تیرۆر و بۆ پاراستنی خاکی کوردستان پێویستی بە پارەیەکی زۆرە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی لۆجیستیکی.

سەرەڕای ئەوەش، ئەوە بۆ زیاتر لە هەشت مانگ دەڕوات هەرێمی کوردستان گیرۆدەی گەمارۆیەکی ئابووری بووە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە لە مێژووی وڵاتانی فیدراڵیدا بێ وێنەیە و ئەو گەمارۆیە ئاماژەیەکە بۆ ئەو شەڕە یاساییەی بەرۆکی حکومەتی کوردستان بەرنادات.

چ هاووڵاتیەکی نیشتمانپەروەر پێی ڕەوایە کە حکومەت لەم کاتەدا بە نرخێکی زۆر بەرزتر بەنزین لە دەرەوە بکڕێت یان بەرهەمبهێنێ و لەولاشەوە بە نرخێکی زۆر کەمتر بیداتەوە هاووڵاتیان تەنیا بۆ ئەوەی بەنزینی هەرزان لە ئۆتۆمبیلەکانیاندا هەبێ؟ ئەوەش لە کاتێکدا کە بەشی هەرەزۆری خێزانەکان لە کوردستان ئۆتۆمبیلێک و دوانیان لە پێش ماڵەکانیاندا ڕاگرتووە و ئەگەر نرخی بەنزین بەرزیش بکرێتەوە کێشەیەکی جددیی ئابوورییان بۆ دروست ناکات.

ئەوە فاشیلترین سیاسەتە لەسەر گۆی زەوی کە پارلەمانتارێک لەم کاتەدا بیەوێ لە وڵاتێکی وەک هەرێمی کوردستان بیگرێتەبەر. ئەو جۆرە سیاسەتە لە جیهاندا بە سیاسەتی پۆپۆلیستی ناودەبرێت کە واتاکەی ڕازیکردنی خەڵکە بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەیروسەمەرەی بەدەر لە عەقڵ و لۆژیک. ئەوە ڕێک سیاسەتی گەوجاندنی خەڵکە.

ساڵانە زیاتر لە پێنج ملیار دۆلار پارە لە خەزێنەی حکومەت دەڕوات بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بە نرخێکی کەم سووتەمەنی و کارەبا و ئاوی خواردنەوەیان دەستبکەوێ!

بۆچی ئەو پارە زۆرە وەک ستراتیژییەکی درێژخایەن لە ژێرخانی ئەم وڵاتەدا خەرج نەکرێت؟ بۆچی ئەو پارەیە لە پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و پەروەردە و گواستنەوەی گشتیدا خەرج نەکرێت. خۆ ئەگەر لە دوو سێ ساڵدا ئەو پارەیە لە پرۆژەی ستراتیژیی درێژخایەنی وەک گواستنەوەی گشتیدا خەرج بکرێت کە لە قازانجی هاووڵاتیانی کەم داهاتە، ئەوا دەتوانرێت لە پارێزگاکانی کوردستان پێشکەوتووترین سیستەمی گواستنەوە بە هێڵی مێترۆ و تراموا دابمەزرێت. ئەگەر پەرلەمانتاران خەمی خەڵکیانە بۆ جەخت ناکەنە سەر کۆکردنەوەی ئەو پارەیە و دامەزراندنی سیستەمێکی گواستنەوەی گشتی.

ئەو بڕە پارە زۆرە ئەگەر لە هەر کەرتێکی ئەم وڵاتەدا خەرج بکرێت ئەوا دەتوانرێت شۆڕشێکی گەورەی تێدا بکرێ، خۆ ئەگەر لە کەرتی کشتوکاڵ خەرج بکرایە ئەوا هەرێمی کوردستان دەیتوانی ببێتە یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی هەناردەکاری بەروبوومی کشتوکاڵی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یاخود ئەگەر لە کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا خەرج بکرێت دەکرێت شۆڕشێکی زانستی لە ماوەی 10 ساڵدا ڕوویدات و هەرێمی کوردستان دەتوانێ ببێتە پێشەنگ لە ناوچەکەدا لەڕووی بەرهەمهێنانی زانست.

هەڵەی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سامانی نەوت و گاز تەنیا لەم خولەی پەرلەمان نییە، لە خولی پێشووی پەرلەمانیشدا هەندێ پەرلەمانتار داوایان دەکرد داهاتی نەوت تێکەڵی بودجەی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەو کارەی کە زۆر مەترسیدارە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە کوردستان وەک وڵاتێکی نەوتیی بێکەڵک و بەرهەم تەنیا پارەی نەوتەکەی بخوات و پاڵی لێبداتەوەو ئەگەر قەیرانێکیش بە هۆی گۆڕانکارییەکانی دەرەوە ڕوویدا، لە ئاسمانەوە دەکەوێتە خوارەوە. ئەوە لە کاتێکدا تەنانەت وڵاتە نەوتییەکانی ناوچەکەش داهاتی نەوت ناهێننە ناو بودجەکەیان و لە سندووقێکدا ڕایدەگرن کە ناوی سندووقی یەدەکی ستراتیژییە و لە کاتی قەیراندا کەڵکی لێوەردەگرن.

بگەڕێینەوە بۆ نرخی بەنزین و چاو لە ئەزموونی دوو وڵاتی ئێران و ڤەنزوێلا بکەین. ڤەنزوێلا وڵاتێکی نەوتییە و کەمترین نرخی بەنزینی لە جیهاندا هەیە، بەهۆی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی کە هەرزانیی سووتەمەنی لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە دایناوە، ڕووبەڕووی قەیرانێکی هەمەلایەنی ئابووری و سیاسی بووەتەوە. بەهۆی هەرزانیی سووتەمەنی لە ڤەنزوێلا، ڕێژەی هەڵاوسان لەو وڵاتە بۆ 60% بەرز بووەتەوە کە پشتی هەر ئابوورییەک دەشکێنێ. ئابووریی ڤەنزوێلا هەروەها بەڕێژەیەکی بەرچاو پاشەکشە دەکات و بەهای دراوی ئەو وڵاتە بەرامبەر بە دراوەکانی دیکەی جیهان ڕووی لە دابەزین کردووە، ئەوانەش بەسن بۆ ئەوەی هەر وڵاتێک بەچۆکدا بهێنن. لەبەر ئەوەیە سەرۆکی ڤەنزوێلا نیکۆلاس مادۆرۆ هەر لە ئێستاوە هاواری لێ بەرزبووەتەوە و داوای کردووە کۆتایی بێت بە بەنزینی هەرزان و نرخی بەنزین بەرزبکرێتەوە. مەرج نییە ئەگەر وڵات سامانێکی زۆری نەوت و گازی هەبێت، ئەوا هاووڵاتیان بەختەوەر بن جا با بەنزین و سووتەمەنی هەرزانیش پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات. ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەڕوات ڕێژەی هەژاری لە ڤەنزوێلا بەپێی داتاکانی بانکی جیهانی 27%ە، ئەوەش بەو مانایە دێت کە لە هەرسێ هاووڵاتی ڤەنزوێلا یەکێکیان لە ژێر هێڵی هەژاریدایە. ئەو ڕاستییە تاڵە لە کاتێکدایە کە یەدەگی نەوتی ڤەنزوێلا لە هی سعودیەش زیاترە و دوو بەرابەری عێراقە و ڕۆژانە لە نێوان 2.5 تا 3 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دێنێ.

ئێرانیش بە هەمان شێوەی ڤەنزوێلا ماوەی چەند دەیەیەک بەنزینی هەرزانی دەدایە هاووڵاتیان، بەڵام ئەو وڵاتە لە 10 ساڵی ڕابردوودا هەوڵی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و سووتەمەنی داوە و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان چ سەر بە پارێزگاراکان و چ ئەوانەشی کە ریفۆرمخواز بوون، بەرزکردنەوەی نرخی بەنزینیان بە یەکێک لە بەرنامە سەرەکییەکانی ئابووری زانیوە، سەرئەنجامیش پاش نزیکەی 12 ساڵ نرخی بەنزینیان بەرزکردەوە. سەرکەوتنی حکومەتی ئێران لە بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لەکاتێکدا بوو کە ئەو وڵاتە هیچ چارەیەکی نەمابوو بەهۆی گەمارۆکانی ڕۆژئاوا و پاشەکشەی ئابووری و چیدی نەیدەتوانی بەنزینی هەرزان بداتە هاووڵاتیان.

هەرچەندە بە بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین لە ئێران هەندێ لە هاووڵاتیان نارەزاییان دەربڕی و لە ڤەنزوێلاش هەر لە ئێستاوە هاووڵاتیان لە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین نیگەرانن، بەڵام لەبەرئەوەی کە هیچ چارەسەرێک بۆ حکومەتی ئەو وڵاتانە نەماوەتەوە، لە کۆتاییدا هاووڵاتیان ناچارن خۆیان لەگەڵ بەنزینی گران بگونجێنن.

لەڕووی ئابوورییەوە خۆ ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوشی لەو دوو وڵاتە خراپترە و ئێستا لە قەیرانێکی داراییدا دەژیت کە سەدان جار لەلایەن بەرپرسانەوە ڕاگەیەندراوە، سەرەڕای ئەو شەڕە مەترسیدارەی کە تووشی هاتووە. زۆر هەڵەیە کارێک بکرێت ئابووریی هەرێمی کوردستان بەهەمان دەردی ئێران و ڤەنزوێلا بڕوات و ئەزموونە ناسەرکەوتووەکانی ئەوان لە پێشکەشکردنی سووتەمەنیی هەرزان لە پێناو پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی پۆپۆلیستی دووپاتبکرێتەوە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە پلانی ستراتیژی درێژخایەنی ئابوورییە نەک هەڵچوون و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی دەنگی خەڵک و ڕاکێشانی سەرنجی هاووڵاتیان وەک هەوڵێک بۆ فراوانکردنی جەماوەری حیزبی.

---



**د.هاوڕێ مەنسور بەگ***

# نرخی بەنزین و گەمەی مەترسیداری سیاسەتکاران

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی ڕووداو، شاهۆ ئەمین لێی پرسیم: "بۆچی نرخی بەنزین گرانە؟". ئەودەم هێشتا بەنزین نەببوو بە 500 دینار بۆ هەر لیترێک. من دانم بەخۆمدا گرت و نەمویست بڵێم نرخی بەنزین لە کوردستان هەرزانە و کەم وڵاتیش هەیە هێندەی کوردستان بەنزین و ئاو تێیدا ئەوەندە بێ ئەرزش و بێ نرخ بێت. بەڵام چونکە من بە سروشتی خۆم ناتوانم بچمە بەرەی دژ بە هاووڵاتی و شتێک بدرکێنم کە هاونیشتیمانیان بە هەڵە لە تێڕوانینەکانم تێبگەن، ئەوکات هەر ئەوەندەم بە کاک شاهۆ گوت کە: "نرخی بەنزین تا ڕاددەیەکی زۆر پەیوەندی بە سیاسەتی وڵاتانەوە هەیە نەک تەنیا نرخی نەوتی خام لە بازاڕەکانی جیهان و خەرجی و تێچوونەکانی پاڵاوتن و گواستنەوە و هتد". ئایا نرخی بەنزین گرانە یان ئێمە ئاڵوودەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بووین و لەبەر هەرزانیی بەنزین، نیوەی تەمەنمان لە پشت سوکانەوە بەفیڕۆ دەدەین؟

بەراوردکردنی ناوشیارانەی نێوان وڵاتان بەبێ ڕەچاوکردنی واقیعی سیاسی و ئابووری و کەلتووری، کارێکی ڕەوا نییە، بەڵام لە جێی خۆیەتی هەندێک بەرچاوڕوونی لەو وڵاتانە وەربگرین کە لەشکرێک لە ئابووریناس و سیاسەتمەدار و زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی و دامەزراوە تێکهەڵکێشەکان لە پشت سیاسەت و بڕیارەکانیانەوەن.

وڵاتانی ئەورووپا سیاسەتێک پەیڕەو دەکەن کە هەتا پێیان بکرێت بەکارهێنانی بەنزین سنووردار دەکەن. بە تایبەت وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا شێوازی جۆراوجۆر بۆ سنووردارکردنی بەکارهێنانی بەنزین دەگرنە بەر. لە هەموو ئەو شێوازانەش کاریگەرتر، باجی سەر هەر لیترێکی بەنزینە، بە شێوەیەک دڵنیاین خوێنەر تووشی سەرسامی دەبێت ئەگەر هەندێک لەو فاکت و ژمارانەی بخرێتە بەردەست کە لەپشت گرانیی نرخی بەنزینن لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا. بەداخەوە ئەو هۆکارانەی لەپشت بڕیاری نرخ بەرزکردنەوەی بەنزینن، بۆ ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاروویەکی ئاسان نییە بەگەروماندا بچێتە خوارێ. ئەورووپاییەکان لە خۆشگوزەرانترین هاووڵاتیانی سەر ڕووی زەوین و دەوڵەتیش زۆر ئاسانکاری پێشکەش بە دانیشتووانی خۆی کردووە. بەڵام کە دێتە سەر باسی وزە و نرخی بەنزین، دەوڵەت تۆزقاڵێکیش سازش ناکات. سووتەمەنی و سەرچاوەکانی وزە لە بەر خاتری خودی مرۆڤایەتی، دەبێت نرخێکی گونجاوی هەبێت و نابێت هەڕاج بکرێت. لە پێناو بەرز ڕاگرتنی بەها بەنرخەکانی ژینگەپارێزی و دابینکردنی ئاسایشی وزەی وڵاتان، ئاسایشێک کە هەمیشە لە مەترسیدایە دوور لە خواست و ئیرادەی مرۆڤ، پشت بە سەرچاوە دەگمەنەکان دەبەستێ کە لە زەمەنی جیۆلۆجی ئێستاماندا، نوێ نابنەوە و کاتێک لە بن دێن، ئیدی مرۆڤ بۆ هەتا هەتایە نایانبینێتەوە.

ئەگەر دەڵێن وڵاتانی ئەورووپا پێویستە باج بخەنە سەر بەنزین، چونکە لە بنەڕەتدا نەوتی خام لە دەرەوەی وڵاتەکانیان هاوردە دەکەن و پێویستیان بەوە هەیە قەرەبووی خەرجیەکانیان بکەنەوە، من سەرنجی خوێنەر بۆ وڵاتێکی وەکو نەرویج ڕادەکێشم کە نیوەی نەوتی خاوی ئەورووپا دابین دەکات، کەچی نرخی یەک لیتر بەنزین لە دەوروبەری دوو دۆلار و نیوە کە دەکاتە نزیکەی سێ هەزار دیناری عێراقی و بە گرانترین نرخی بەنزینی جیهان دادەنرێت. لە زۆربەی زۆری وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، نرخی بەنزین لەو دەوروبەرە دەخولێتەوە. بەشی شێری ئەو نرخە، باجی حکومەتە و حکومەتیش بە چاوقایمی ئەو نرخەی بەسەر هاووڵاتیاندا سەپاندووە. لە وڵاتێکی وەکو فەڕەنسا، باجە جۆراوجۆر و شاراوە و دیارەکانی سەر سووتەمەنی دەگەنە 90%ی نرخی گشتیی بەنزین. واتە حکومەت دەتوانێت لە بڕی دوو دۆلار بۆ هەر لیترێک، تەنها 10 سەنت وەربگرێت، ئەگەر دەوڵەت باجە جۆراوجۆرەکانی خۆی نەخاتە سەر. 70%ی ئەو نەوتە زەبەلاحەی کە هاوردەی ئەمریکا دەکرێت، بۆ هۆیەکانی گواستنەوە دەڕوات، لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ ئۆتۆمۆبیلی هاووڵاتیان تەرخان دەکرێت. هەرچەندە ئۆتۆمۆبیل لە ڕووکەشدا بووەتە سیمبولی شارستانیەت و خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتی کۆمەڵایەتی لە سەرجەم وڵاتانی جیهان بە کوردستانیشەوە، بەڵام ڕاستیەکەی، ئۆتۆمبیل یەکێکە لە دوژمنە سەرسەختەکانی مرۆڤایەتی ئەگەر بەشێوەیەکی هاوسەنگ مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت. بوونی پەیوەندی بەهێز لە نێوان کوشندەترین ئەو نەخۆشیانەی کە دووچاری مرۆڤایەتی بوونەتەوە لەگەڵ زیادەڕۆیی لە بەرهەمهێنانی گازە ژەهراوییەکانی دەرهاویشتەی پیشەسازی و هۆیەکانی گواستنەوە، لە نێویشیان ئۆتۆمبێلی سیمبولی شارستانی، ڕاستیەکی زانستیی سەلمێندراوی حاشا هەڵنەگرە.

زۆر لە وڵاتان بۆ پەردەپۆشکردنی سیاسەتی باجی سەر سووتەمەنی، ئۆباڵەکەی دەخەنە ئەستۆی وڵاتانی بەرهەمهێن. دەیانەوێت ئەگەر بەنزین کەمێکیش هەرزان بکرێت، ئەوا لەسەر حسابی وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت بێت و سازش لەسەر باجی سەر بەنزین ناکەن، چونکە بەنزین بە بەشێک لە ئاسایشی وزە و پاراستنی مرۆڤ لە کارەساتەکانی ژینگە و نەخۆشییە کوشندەکان دەزانن.

لە کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی وڵاتانی ئۆپێکدا، جارێکیان وەزیری نەوتی سعوودی ڕووبەڕووی کاربەدەستانی بەریتانیا بووەوە، کاتێک بەریتانییەکان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە نرخی نەوتی خاو گرانە و دادپەروەرانە نییە و پێویستە ئۆپێک نرخی نەوت دابەزێنێ. وەزیری نەوتی سعودیە پێشنیازێکی خستە بەردەست سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کە سەرنجی سەرجەم ئامادەبووانی ڕاکێشا و گوتی: "ئێوە نیوەی ئەو باجەی کە دەیخەنە سەر بەنزین بدەنە ئێمە، ئێمەش نەوتی خاوتان بە خۆڕایی بۆ دابین دەکەین و بێ هیچ بەرامبەرێک نەوت دەگەیەنینە بەریتانیا". ئەم پێشنیازە ئاماژەیەک بوو بۆئەوەی کە بەرزیی نرخی سووتەمەنی، لە سەرووی هەموشیانەوە بەنزین، بۆ سیستەمی باجی وڵاتانی بەکارهێنەر دەگەڕێتەوە نەوەک نرخی نەوتی خاو لە جیهان.

پێویستە واقیعی ئابووری و سیاسی کوردستان لە بەرچاو بگیرێت کاتێک باسی نرخی بەنزین دەکەین. لێرە حکومەت هێشتان هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی فەراهەم نەکردووە. هێشتان بەشێکی زۆری خەڵک بە دەست هەژاری و نەبوونییەوە دەناڵێنن. دەیان هەزار هاووڵاتی لە ڕێگای شۆفێرییەوە بژێوی ژیان بە سەختی بۆ ماڵ و منداڵەکانیان دابین دەکەن. بۆیە ئەگەر حکومەت لە بەرنامەیەتی قەڵاچۆی زیادەڕۆیی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بکات و ژینگەی کوردستان بە سەوزی ڕابگرێت، پێویستە نرخی بەنزین بۆ ئەو کەسانەی داران و لە هیچ و خۆڕایی دێنە سەر شەقامەکان و ڕێگاکانیان قەرەباڵخ کردووە و لەناو یەک خانەوادە خاوەنی چەند ئۆتۆمبێلێکن، گران بکات. زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل، چەندین کارەساتی جەرگبڕی بۆ کۆمەڵگەی ئێمە خولقاندووە. ڕاستە پەرلەمانتار دەبێت لە خەمی کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگەدا بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، پەرلەمانتار دەبێت لەو هەموو جەنجاڵییە ترسناکەی بەهۆی قەرەبالخی و زۆریی ئۆتۆمبێل لە شارەکانمان دروست بوون و ژیانیان لە هەموو تاکێکی کورد حەرام کردووە، بێتە دەنگ. پەرلەمانتاران کەی لە دژی دیاردەی هاوردەکردنی سەدان هەزار ئۆتۆمبێل بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و نا هاوسەنگ و دیاردەی قەتلوعامی هاووڵاتیان لە ڕێگای نێوان شارەکانمان بەهۆی ڕووداوە جیاجیاکانی ئۆتۆمبێلەوە دێنە دەنگ؟

ناکرێت سیاسەتمەدار بۆ مسۆگەرکردنی دەنگی هاووڵاتیان، بە سادەیی مامەڵە لەگەڵ نرخی بەنزین بکات. ناکرێت ئەو کاڵا ستراتیجیەی ئاسایش و ژیانمانی پێوە بەندە، بۆ موزایەدەی سیاسی بەکاربهێنرێت. پێویستە وەزارەت و پەرلەمان و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نیشتیمانیی هەمەلایەنە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە ستراتیجییە بکەن. وتەیەکی بە نرخ هەیە زۆر کارم تێدەکات و لە کوردستانیش پێچەوانەکەی پەیڕەو دەکەین کە دەڵێت: "زەوی لە باوک و باپیرانمانەوە بۆمان نەماوەتەوە، بەڵکو لە نەوەکانی دوا ڕۆژ بە ئەمانەت وەرمانگرتووە".

ئەگەر بەنزین نرخێکی ئاوهای هەبێت کە پڕکردنەوەی تانکیی ئۆتۆمبیل کەمێک تەزووی ئازار بە لەشماندا بهێنێت، ئەودەم تا زۆر مەجبوور نەبین، ناچین بۆ سەر شەقامەکان و کەمتریش ئۆتۆمبێلەکانمان بەڕێ دەکەوین و کەمتر جەرگی دایکان دەسووتێنن. ئەودەم بە ئەمانەتەوە کوردستانێکی سەوز و دوور لە نەخۆشیی کوشندە، بە منداڵ و نەوەکانی دواڕۆژمان دەدەین.

ڕووداو
ژمارە (324) دووشەممە 2014/9/1



سەلام سەعدی

# کوردستانی گەورە خەیاڵە

کاتی ئەوە نەهاتووە پێداچوونەوەیەکی جددی و واقیعی بە دروشمەکانی کوردایەتی و بەو خەیاڵانەدا بکەین کە زیاتر لە نیو سەدەیە خەڵکی خۆمانی پێ سەرمەست دەکەین؟

ساڵانێک لەمەوبەر، مام جەلال، کە من وەک بەئەزموونترین سیاسەتمەداری کورد دەیبینم، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا گوتی: "دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە". ئەوکات دەستەبژێری کورد تا ماوەیەکی درێژ بەرپەرچی ئەو قسەیەیان دایەوە، وەک ئەوەی مام جەلال کوفری کردبێت، بەڵام ئەو دەستەبژێرە تاوەکو ئێستاش بەرچاویان ڕوون نییە کە مەبەستیان لە "دەوڵەتی کوردی" چییە؟ ئایا چوارچێوەی دەوڵەتەکە ئەو نەخشە ناواقیعییەیە کە لە کەنداوی فارسەوە دەستپێدەکات و بۆ دەریای سپیی نێوەڕاست درێژ دەبێتەوە؟ ئەمە مامەڵەیەکی عاقڵانەیە لەگەڵ سیاسەت؟

من ئەو دەوڵەتە بەو نەخشەیەوە، بە خەونی شاعیر نا، بەڵکو بە خەونێک دەزانم کە تازە مەحاڵە وەدیبێت. پێشموایە نابێ سیاسەتکاری تێگەیشتوو وزەی میللەتێکی تێدا بەفیڕۆ بدات و جیهانی دەرەوەش لە هیچ و خۆڕایی لەخۆی بتۆقێنێ.

پێش هەر شتێک لە هیچ شوێنێکی دنیادا نموونەی دەوڵەتێکی وا نییە کە سنوورە سیاسییەکەی هاوتەریبی سنوورە نەتەوەییەکەی بێت. بەکردەوەش هیچ هێزێکی سەرەکیی کورد، لە 100 ساڵی ڕابردوودا، بەگوێرەی ئەو سنوورە ناواقیعییە سیاسەتی نەکردووە. ئەوەی کە هەبووە تەنیا ئایدیای کۆمەڵێک ناسیۆنالیست بووە کە دوای سۆز و عاتیفەیەکی پێنەگەیشتوو کەوتبوون. ئەو کەسانەش ئەمڕۆ بەکردەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا نەماون.

### بەڵام بۆچی گرنگە دەست لەم ناواقیعیبوونە هەڵگرین؟

ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانەکە دوو هێزی سەرەکی، واتە پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ململانێی دەسەڵات و نفوزدان. ئەو ململانێیە خەریکە بەرەو شوێنێکی مەترسیدار ملدەنێت کە دیسان چارەنووسی ئەم خەڵکە ماندووە، خێر لەخۆنەدیوە، هەمیشە ئاوارەیە بەرەو هەڵدێر دەبات. پارتی و PKK لە دوو پێگەی جیاوازدان. پارتی بەرپرسیارێتییەکی گەورەتری لەئەستۆیە. بەپێچەوانەی جەمیل بایک و گەریلاکانی کە هەر خۆیان و چەکەکانیانن و لە هەر چیایەک زۆریان بۆ هات دەچنە چیایەکەی ئەولاتر، پارتی خەریکی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵاتێکە کە پڕە لە کۆمپانیا و بەرژەوەندی و کۆنسوڵخانە و نوێنەرایەتیی بیانی و خەڵکێک لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنی ئاسایش و ئارامییەی کە پێیدراوە، سەرمایەی خۆی هێناوەتە نێوی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ گرێداوە، بەڵام PKK وەکو هێزێک کە هێشتا لە شاخە ڕەفتار دەکات و ئەوەیش کە مافی دەستێوەردان و خۆهەڵقورتاندنی لە کاروباری هەرێمی کوردستاندا داوەتێ، هەمان ئەو بیرۆکە کرچ و کاڵەی "کوردستانی گەورە"یە کە خۆیان هەر زوو ڕاست و چەپێکیان بەسەردا هێناو دەستیان لێ هەڵگرت، پاش ئەوەی لە دروشمی ڕزگارکردنی چوار پارچەوە دابەزین بۆ "خۆسەریی دیموکراتی" و سەرکردەکانیشی چەندینجار گوتیان ئەوان دژی دامەزراندنی دەوڵەتن.

کەواتە ئێستا کاتی هاتووە ئەو تێنەگەیشتن و پێنەگەیشتنە سیاسییە کۆتایی بێت.

پێش هەر شتێک پارتی دیموکراتی کوردستان هێزێکی خاوەن بەرپرسیارێتییە لە هەرێمی کوردستان و دەبێ دەست لە کاروباری کوردی دەرەوەی ئەم بەشەی کوردستان بکێشێتەوە. دەستوەردانی ئەم چەند ساڵەی دوایی پارتی و تاڕادەیەک یەکێتیش لە کاروباری کوردی بندەستی سووریا بەرهەمەکەی تەنیا ئاڵۆزترکردنی ڕەوشی ئەو بەشەی کوردستان بووە، لەولاشەوە PKK بە سەرقاڵکردنیان بە ئاپۆچێتی، خەریکە هەلێکی مێژوویان لەدەست دەدات کە بنیاتنانی کیانێکە بۆ خۆیان. من لەو بڕوایەدام ئەگەر PKK ئەو بەشەی نەکردبایە قەڵا و زۆنی خۆی، لەوانە بوو خۆیان ڕێگایەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تورکیای تاکە دەروازەیان بۆ دنیای دەرەوە بدۆزنەوە.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەرچەندە دروشمی ناواقیعیی دروستکردنی کوردستانی گەورە دروشمێکی جوانە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا بۆ مەرامی حیزبی بەکارهاتووە و لە کردەوەدا کەس بەگوێرەی ئەو ئایدیایە کاری نەکردووە. خۆ ئەگەر بکەوینە نموونە هێنانەوە بۆ سەلماندنی ئەم فاکتە، ئەوە دەبێ ئەم وتارە زۆر درێژ بکەینەوە. PKK کە ڕژاکی لە کوردی بندەستی ئێران ڕاستکردەوە، حیزبەکانی ئەوێ، سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانیان، هاوڕابوون لەسەرئەوەی کە وەک هێزێکی ڕەسەن مامەڵەی لەگەڵ نەکەن. سەرئەنجامیش هەر ناڕەسەن دەرچوو. بۆیە کاتێک PKK لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گەیشتە ڕێککەوتن، ڕژاکی لە ڕەئیسییەوە کوژاندەوە.

مێژووی حیزبەکانی کوردستان لە 50 ساڵی ڕابردوودا هیچ نەبووە جگە لە گەمەکردن لەسەر پەتی وڵاتانی داگیرکەر و لەسەر حیسابی کوردی پارچەکانی دیکە. ناڵێم ئەمە هەمووی خیانەت بووە، من ئاوا ئایدیالیست نیم و کەسێکی پراگماتیم. دەشزانم سیاسەت هونەری مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو شتانەی کە مومکینن. کاتێک هەرێمی کوردستان جگە لە تورکیا هیچ دەروازەیەکی دیکەی نەبێ، ناچارە مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئیتر گرنگ نییە PKK پێیخۆشە یان نا. ڕێگەی دروستیش بۆ ئەوان کارلێککردنێکی باشترە لەگەڵ ئەو پرۆسەی چارەسەرییەی کە لە تورکیا دەستپێکردووە، نەک گەرادانان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە مەعلومە نیازێکی نەتەوەیی لەپشتەوە نییە.

لێکدانەوەی دروست ئەوەیە کە دەبێ هەریەکە لە بەشەکانی کوردستان خۆیان بەتەنیا ڕێگەی چارەسەری کێشەی خۆیان، بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسیی نێوخۆیی و ئیقلیمی بدۆزنەوە. چونکە تازە پارچەکانی کوردستان بۆ هەتا هەتایە بەتەنیشت یەکەوە دەژین نەک پێکەوە. کوردستان هەرگیز بەم نەخشە سیاسییە باوەی ئێستاوە دەوڵەت نەبووە تاوەکو یەکبگرێتەوە. ئەم مێژووە درێژە لە پەرتەوازەیی، دنیایەک جیاوازیی کولتووریی دروستکردووە کە تازە هەرگیز لە بۆتەی چوارچێوەیەکی سیاسیدا ناتوێنەوە. ئێمە لەمێژوودا، جگە لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا، هیچ نموونەیەکی سەرکەوتووی یەکگرتنەوەمان نەبینیوە. ئەوە هەردوو یەمەن و ئەوە میسر و سووریا و تەنانەت ئەوە بەریتانیاش کە پاش 300 ساڵ لە پێکهێنانی شانشینی یەکگرتوو، وا خەریکە سکۆتلاندی لێ جیادەبێتەوە. خۆ ئەگەر یەکگرتن ئاوا ئاسان بایە، ئەوە 22 وڵاتی عەرەبی با بەو هەموو شتە هاوبەشەوە یەکبگرنەوە، یان با هەردوو کۆریا هێڵی ئاگربڕەکەی ساڵی 1953ی نێوانیان هەڵگرن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا، دەبێ کورد لە هەر کوێیەک هەن پێشانی دنیای بدەن کە سیاسەتکاری واقیعبینن و دوای بیرۆکەی کرچ و کاڵ نەکەوتوون کە ڕەنگە بەرەو ماڵوێرانی زیاترمان ببات. هێز و پارتە کوردییەکانی پارچەکانی دیکە دەبێ لەوە حاڵی بن کە لەم بەشەی کوردستاندا تەنیا حکومەتی کوردستان خاوەن ماڵە. بۆیەش نابێ ئەم چیا و ئەو ناوچەی لێ بگرن و دابڕن و خەڵکەکەی لە خانەخوێ هانبدەن.

---

عەلی ئیسماعیل نژاد

# قاسم سولێمانی.. باشوور و داعش

ماڵپەڕی ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژیی ئەتۆمیی ئێران لە هەواڵێکدا لادانی قاسم سولێمانی لە سەرۆکایەتی دۆسیەی عێراق ڕەتکردەوە و هەر لەو هەواڵەشدا ئەوەی درکاند کە سولێمانی بوو، کوردی لەشەڕی داعشەوە گلاند.

ڕەنگە خوێنەرانی ئەو هەواڵە ئەوەیان لا سەیر بێت کە ئەوە چەندی بەچەند لەلایەک قاسم سولێمانی کورد لە شەڕەوە دەگلێنێ و لەلایەکی دیکەش ئێران یەکەم دەوڵەت دەبێت کە چەک دەداتە پێشمەرگە بۆ شەڕ لەگەڵ داعش؟

بۆ لێکدانەوەی ئەو دۆخە وا باشە هێندێ بگەڕێینەوە دواوە. ساڵی 2012 کۆماری ئیسلامی پاش ئەوەی کە ڕاگرتنی دەسەڵاتی ئەسەد دەکەوێتە مەترسییەوە، گەڵاڵەیەکی سەیر و توناوتون لە سووریا دادەبەزێنێ "گەڵاڵەی بە تیرۆریست ناساندنی بەرهەڵستکارانی ئەسەد". لەو گەڵاڵەیەدا سێ ئامانج دیاری کراوە :

1-کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە دەستی لە پشتی ئەسەد بەرداوە، شۆڕشگێڕانی سووریا بە تیرۆریست لە قەڵەم بدات، ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی لە ترسی تیرۆریستان کۆمەڵگای جیهانی ڕووبکاتەوە ئەسەد.

2-ئەو وڵاتانەی کە پشتی بەرهەڵستکارانی ئەسەد دەگرن، مەترسی ئیسلامی ڕادیکاڵ ساردیان بکاتەوە و تووشی سەرلێشێواوییان بکات.

3-ئیسرائیل لە دراوسێتی دەسەڵاتێکی دەمارگرژی ئیسلامی بترسێنێ.

هەموو ئەو ئامانجانە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ئەسەد لە سووریا بوو، گەڵاڵەکەی سولێمانی سەری گرت و بۆ ئەو ئامانجە دەبوو دەزگای ئەمنییەتی ئەسەد و ئێران بتوانن ڕکێفی ڕەوتە تیرۆریستەکانی دژی ئەسەدیان لە سووریا لەدەستدا بێت. واتە پێویستی نەدەکرد خۆیان دایمەزرێنن، بەڵکو دەبوو ئەوان بتوانن لە هێندێ کاتدا بۆ ئامانجی خۆیان بەکاریبێنن.

داعش پاش داگیرکردنی موسڵ بەشێک لە چەکەکانی دەگوازێتەوە بۆ سووریا، ئەوەش دوو واتای هەیە:

1-داعش خۆی بۆ شەڕێکی قورس لە عێراق ساز نەکردبوو.

2-داعش دەیەوێت لە سووریا ببێتە هێزێک کە هێزەکانی تر بخاتە ژێر نسێی خۆیەوە.

ئەوەی کە داعش لە عێراق تووشی شەڕێکی چەند لایەنە بوو، هۆکارەکەی ئەو بەشە لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە بوون کە پاش گیرانی موسڵ تێکەڵی بوون، واتە عێراقییەکانی کە کۆنە بەعسی بوون و کۆنە قینیان لەگەڵ شیعە و کورد هەبوو، ڕێبەرایەتی داعشیش نەیدەتوانی لە دژی ئەوانە ڕاوەستێ و ئەوە وایکرد کە داعش لە عێراق کەوتە نێو شەڕێکی قورسەوە، لەو نێوانەدا ئەو شەڕەی کە داعش دەستیپێکردبوو، لە سێ لاوە بۆ ئێران جێی مەترسی بوو :

1-داعش لە عێراق پاش داگیرکردنی موسڵ ڕوودەکاتە ڕووگە پیرۆزەکانی شیعە و مەترسی ئەوە هەیە دەستی بە مەرقەدە پیرۆزەکان بگات.

2-ئەو بەشە لەخەڵکی عێراق کە دژی سیاسەتی مالیکین و لەو باوەڕەدان کە دەوڵەتی شیعەی عێراق سونییەکانی پەراوێز خستووە، دەبنە پشتیوانی داعش.

3-کۆمەڵگای نێودەوڵەتی شەڕی داعش لە عێراق بە شەڕی شیعە و سوننە دانانێ و لەگەڵ ئەوەش هۆکاری ئەو شەڕە بە چاوچنۆکیی سیاسی مالیکی و دەوڵەتی شیعەی عێراق دەزانن. ئەوەش وا دەکات ئێران بە خۆی و مالیکییەوە بچێتە شەڕی دژی داعش و هیچ هاوپەیمانێکی نەبێت.

ئێران نە دەرقەتی تێچووی شەڕی داعش دەهات و نە کۆمەڵگای جیهانیش ڕێگەی دەدا عێراق وەکو سووریا بکاتە شوێنگەی تەراتێنی خۆی، ئەوەش وایکرد ئێران بۆ دژایەتی داعش بیر لە ڕێگایەکی تر بکاتەوە هەتا شەڕەکە تەنیا شەڕی مالیکی و ئێران نەبێ و ببێتە شەڕی دژی تیرۆریزم. باشترین ڕێگاش ئەوە بوو کە کورد لەو شەڕەوە بگلێن بەو هۆیانە :

1-باشووری کوردستان لەم چەند ساڵەدا بووەتە ناوەندێک بۆ سەرمایەگوزاریی بیانی.

2-باشووری کوردستان ئێستا وڵاتێکی خاوەن وزەیە.

3-کوردستان تەنیا ناوچەیەکی عێراقە کە ئەمریکا دەتوانێ وەکو ئامانجی خۆی بۆ عێراق داکۆکی لێبکات، چونکە تەنیا ناوچەیە لە عێراق کە بەپێی بایەخەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەڕێوەدەچێت.

4- کورد هێزی چەکداری هەیە.

5- کوردستان ئەگەر شەڕی داعشی تێبکەوێ ئەگەری ئەوە هەبوو پتر لە دوو ملیۆن نەفەر ئاوارە ببن و ئەوەش وای دەکرد کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر کوردستان بەجواب بێن.

سولێمانی کە هەموو ئەو شتانەی دەزانی، توانی لوولەی چەکەکانی داعش بەرەو کوردستان بهێنێتەوە، بە دڵنیاییەوە باشترین بیانوو بۆ وەرگەڕانەوەی داعش لە بەغدا ئەوە بوو کە ئەو ڕێکخراوە دەیویست ئەو ناوچە کوردستانیانەی لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بوون، بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، چونکە عێراقییەکانی نێو داعش ئەو ناوچانە بە ناوچەی سونییەکان دەزانن. پاش پەلاماردانی کوردستان لەلایەن داعشەوە، شەڕی داعش هەر لە بەغداوە نەگوازراوە بۆ هەولێر، بەڵکو ئەو شەڕە لە ڕێگەچارەی سیاسییەوە بوو بە شەڕی تیرۆریزم و ئێران بەو شێوەیە توانی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا بپارێزێ کە بریتی بوون لە:

1-پاراستنی ڕووگە پیرۆزەکانی شیعە لە تیرۆریستان.

2-کەمکردنەوەی گوشاری سوننەکان لەسەر دەوڵەتی شیعەی عێراق و پاراستنی ئەو دەوڵەتە.

3-لاوازکردنی تیرۆریستانی دژی ئەسەد.

ئێران ئێستا براوەترین لایەنی شەڕی داعشە و هەر ئەوەش وای کردووە لەلایەک چەک بداتە پێشمەرگە و لەلایەکی دیکە ئاگری شەڕی داعش لەگەڵ پێشمەرگە خۆش بکات.

---



عەلی حەمەساڵح

## بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد

# خاک و مافە نەتەوەییەکان مەکەنە قوربانی بودجە

ئێستا نوێنەری لایەنە سیاسییەکان خەریکی دانوستاندنن بۆ وەرگرتنی مافە نەتەوەیی و داراییەکانی هەرێمی کوردستان، تائێستا هیچ ئاماژەیەک نییە کە حکومەتی عێراق ڕازی بێت بە ئەنجامدانی گشتپرسی لەو ناوچانەی پاش هاتنی داعش کەوتوونەتە دەستی پێشمەرگە، هیچ ئاماژەیەکیش نییە بۆ ڕێککەوتن لەسەر نەوت و مافەکانی پێشمەرگە.

ئەوەی هەیە و ئێمە ئاماژەکانی دەبینین، تەنیا دوو شتە: بەغدا ڕازی بێت بە گەڕاندنەوەی بەشە بودجە هەرێمی کوردستان، ئەویش بەمەرجێک هەرێمی کوردستان پرسی فرۆشتنی نەوتەکەی بخاتە دەست حکومەتی ناوەندیی عێراق و کۆمپانیای SOMO ، لەگەڵ وەرگرتنی چەند پۆستێکی وەزاری کە کورد لە ڕابردووشدا ئەو پۆستانەی هەبووە و دەستکەوتێکی ئەوتۆیان نەبووە.

دەمەوێت لێرەدا بڵێم، نەهاتنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لێرە بەدواوە گرفتێکی گەورە دروست ناکات، چونکە لەپاش سێ مانگی دیکە هەرێمی کوردستان دەتوانێت 400 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی بۆڕییەوە هەناردە بکات و نزیکەی 140 هەزار بەرمیلیش بداتە پاڵاوگە ناوخۆییەکان.

پاش گەڕاندنەوەی مافی کۆمپانیاکانی نەوت، هەرێمی کوردستان داهاتی مانگێکی لە نەوت، نزیک دەبێتەوە لە 850 ملیۆن دۆلار و بە ڕێکخستنەوەی داهاتی ناوخۆ مانگانە دەگاتە نزیکەی یەک ملیار دۆلار. بەتێپەڕبوونی کات ئەو بڕە زیاد دەکات تاوەکو کۆتایی ساڵی ئایندە دەگاتە دوو ملیار دۆلار، بەمەش هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی گەورەترین بودجە لە مێژووی حوکمڕانی خۆیدا و سەرچاوەی دابینکردنی بودجەکەش خودی هەرێمی کوردستان خۆیەتی، ئەمەش گەورەترین و گرنگترین هەنگاوە بۆ سەربەخۆیی ئابووریی کوردستان.

ئەمە جگە لەوەی چەند هەنگاوێکی جددی هەن بۆ وەرگرتنی کۆمەڵێک قەرزی گەورە کە ئەگەر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری بکەن و ئەو قۆرخکارییەی لە ڕابردوودا هەبووە نەهێڵدرێت، لە زووترین کاتدا کە لە مانگێک تێناپەڕێت، لەو تەنگژە و قەیرانە داراییەی کە هەیە دەربازمان دەبێت و لەماوەی دوو ساڵیشدا گەشەپێدانێکی گەورەی ئابووری ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات کە لە ڕابردوودا وێنەی نەبووە.

من دڵنیاتان دەکەمەوە، هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە دەربازی دەبێت لەو قەیرانەی ئێستا، بەڵام پێویستی بە بڕیارێکی ئازایانەیە.

لەڕووی جوگرافییەوە، ئێستا لە هەموو کاتێک باشتر دەتوانین سنوورەکانی کوردستان بەو ناوچانەشەوە کە ئازادکراون بپارێزین و بەرگری تێیدا بەهێزتر بکەین، چونکە ئێستا سنوورەکانی ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوێکی تیرۆرستیدایە کە لەسەر ئاستی جیهانی نەفرەت لێکراوە، بەمەش پشتیوانی نێودەوڵەتی بەکاردێنین کە لە ڕێگەی دژایەتیکردنی تیرۆرەوە سنووری خۆمان بەهێزتر بکەین و لە ئەگەری نەمانی داعشدا توانای بەرگریمان لە سنوور بەهێزتر دەبێت.

ئێستا ئێمە لەڕووی جوگرافی و ئابوورییەوە دەتوانین سەربەخۆ بین، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگ و زەمینەسازییەکی زۆر باشە بۆ سەربەخۆیی سیاسی.

سەرکردایەتی سیاسی کوردیش لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەی سیاسیدایە.

---



مەجید نیزامەدین گلی

# کێ پاڵپشتی ڕاستەقینەی داعشە؟

"زۆربەی سعودییەکان وەهابین و هاومەزهەبن لەگەڵ داعش، کەواتە حکومەتەکەیان پاڵپشتی داعشە". "تورکیا چاوپۆشی دەکات لە ڕۆیشتنی چەک و چەکدار بۆ سووریا، کەواتە تورکیا و داعش هاوپەیمانن". "بەهۆی هێرشی ئەم دواییەی داعش، کورد ڕیفراندۆم و دامەزراندنی دەوڵەتی لەبیرچووەوە، کەواتە ئێران و ئەمریکا و هەر لایەنێک لە دژی پرۆژەی سەربەخۆیی کورد بێت پشتگیری داعشن". ئەم تیۆریانەی پیلانگێڕی زۆر باون و ئاسانن باوەڕیان پێبکرێت، بەڵام هیچیان بەڵگەی تەواویان لە پشتەوە نییە.

تەنیا لەبەرئەوەی لایەنێک وا دەردەکەوێت کە سوودی لەم بارودۆخە وەرگرتووە، مانای ئەوە نییە ئەو لایەنە هاوپەیمانی داعشە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وا دەکات بە هەڵە ڕووداوەکان بخوێنینەوە و مەترسییەکان کەمتر لە قەبارەی خۆیان ببینین. وەکو چۆن پێش هێرشی داعش بۆ سەر شنگال زۆر کەس دەیانگوت "کەوتنی موسڵ و هاسنووریمان لەگەڵ داعش، هەڕەشە نییە بۆ هەولێر، چونکە سعودیە داعشی لە دژی مالیکی ناردووەتە عێراق".

زۆر زەحمەتە هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتی بتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ کۆنترۆڵی ڕەفتاری داعش بکات. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەم زۆربەی چەکدارانی داعش هاتوون شەڕبکەن و بکوژرێن لەپێناوی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە باوەڕیان پێیەتی. سەرکردەکانی داعش لەوانەیە خەڵکی پراگماتیک بن و پەیوەندییان لەگەڵ هەواڵگری نێودەوڵەتی هەبێت، بەڵام ئەو سەرکردانە ناتوانن لەناکاو لەبەر خاتری لایەنێکی نێودەوڵەتی بڵێن با شەڕی شیعە نەکەین لە عێراق. زۆر زەحمەتە هیچ سەرکردەیەکی داعش بتوانێت پاساو بۆ ئەو جۆرە بڕیارانە بهێنێتەوە. لەوانەیە لەملاو لەولا یەک دوو بارمتە بۆ دەزگای هەواڵگریی تورکی و قەتەری بەردەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە تورکیا و قەتەر خاوەنی داعشن. وڵاتان دەتوانن ڕێگە بە بەهێزبوونی داعش بدەن، بەڵام زۆر زەحمەتە بە داعش بڵێن چی بکات و چی نەکات. دووەمین هۆکار دەوڵەمەندی و پڕ چەکیی داعشە. ڕاستە ئێستاش ڕاپۆرت هەیە لەسەر هاتنی پارە لە دەوڵەمەندەکانی کەنداوەوە بۆ داعش و هەروەها سنوورەکانی نێوان تورکیا و سووریا هەر کراوەیە بۆ چەکدارانی هەموو ئەو لایەنانەی شەڕی ڕژێمی ئەسەد دەکەن، بەڵام ئەمە سەرچاوەی هێزی داعش نییە. زۆربەی گرووپە چەکدارەکانی ناو سووریا هەمان جۆرە "پشتگیری نێودەوڵەتی"یان هەیە.

نەوت، چەک، تویتەر و تووڕەیی خەڵکی سوننە پاڵپشتی ڕاستەقینەی داعشن.

### نەوت

داعش ڕۆژانە لانیکەم دوو ملیۆن دۆلار قازانج دەکات لە ڕێگای فرۆشتنی 30 هەزار بەرمیل نەوت. بەگوێرەی توێژینەوەیەکی سەنتەری برووکینزی ئەمریکی، چەند خاوەن پاڵاوگەیەک لە ئوردن و تورکیا و هەرێمی کوردستان و ئێران نەوتی داعش بە هەرزان دەکڕن. بێجگە لەوە داعش قازانجی زۆر دەکات لە فرۆشتنی بەنزین و نەوتی پاڵێوراو بە خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەستی خۆی.

پارە دوو ڕۆژ پێش کەوتنی شاری موسڵ، ئەندامێکی داعش دەستگیر دەکرێت و لە ماڵەکەیدا 160 فلاش دەدۆزرێتەوە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، ئەو فلاشانە لەلایەن هەواڵگری ئەمریکییەوە تەماشاکراون و دەرکەوتووە داعش 875 ملیۆن دۆلاری لە بانکەکاندا هەیە. دوای گرتنی موسڵ سامانی داعش بە دوو ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.

### تووڕەیی عەرەبی سوننە

زۆرینەی خەڵکی سوننە داعشیان لە حکومەتی بەغدا و دیمەشق پێ باشترە. ئەمە ڕاستیە. زۆربەی ناوچە سوننیەکانی عێراق و سووریا لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعشن. لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا لە 20 ملیۆن کەس زیاترە، ژمارەی چەکدارانی داعش لە 30 تاوەکو 50 هەزار کەس زیاتر نییە. بێ هیوایی خەڵکی سوننە لە پرۆسەی سیاسیی بەغدا و کۆمەڵکوژییەکانی بەشار ئەسەد لە سووریا، گەورەترین سەرچاوەی هێزن بۆ داعش.

### تویتەر لە کەنداو و فەیسبووک لە عێراق

هەموو پسپۆڕانی دژە تیرۆر لەسەر ئەوە کۆکن کە داعش لە هەموو گرووپە توندڕەوەکانی دیکە چالاکترە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوان هەڵە نین. داعش زیاتر لە 100 هەزار پارچە ڤیدیۆی لە ماڵپەڕی یوتوب بڵاوکردووەتەوە. هەروەها بەگوێرەی کۆمپانیای هەواڵگریی سەفوانی ئەمریکی، داعش دوو سیاسەتی جیاوازی هەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بەهۆی ئەوەی لە عێراق خەڵکی گەنج زیاتر فەیسبووک بەکاردێنن، داعش زیاتر گرنگی بە فەیسبووک دەدەن. بەڵام پەیامەکانی بۆ خەڵکی سعودیە و وڵاتانی کەنداو زیاتر لە ڕێگەی تویتەرەوە بڵاودەکاتەوە، چونکە لەو وڵاتانە خەڵکی زیاتر تویتەر بەکاردێنن.

بەڵام خاڵە لاوازەکانیشی کوشندەن.

داعش دوو خاڵی لاوازیی هەیە کە لەوانەیە کوشندە بێت. یەکەمیان زۆریی چەکدارە بیانیەکانە لە ڕیزەکانیدا کە خەڵکی لۆکاڵی شار و گوندەکانی عێراق و سووریا لەوە ناچێت قەبوڵیان بکەن. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە خەڵکی ئەنبار لە ساڵی 2007 لە دژی چەکدارانی قاعیدە چەکیان هەڵگرت، ئەوە بوو کە چەکداری مەغریبی و تونسی بە کابرایەکی خەڵکی فەلوجەیان دەگوت چۆن خێزانەکەی دەبێت جل لەبەربکات. بەگوێرەی داتاکانی گرووپی سەفوانی ئەمریکی، 13 هەزار بیانی کە خەڵکی 81 وڵاتن، لە ڕیزەکانی داعشدان. دووەمین خاڵی لاوازیی داعش، زۆریی دوژمنەکانیەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. جگە لە ئەمریکا و هەموو ڕۆژئاوا، ئێران، سعودیە، تورکیا کە ڕکابەری ئیقلیمی یەکترن، هاودەنگن لەسەر ئەوەی داعش دەبێت لە سووریا و عێراق لەناوببرێ.

***شرۆڤەکاری نێودەوڵەتی تۆڕی میدیایی ڕووداو و هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی نیویۆرک.**



گۆران محەممەد

# قازۆلۆژی

که دڵشاد گەرمیانیی کۆنەجیهادی بڵێ: داعش ناناسم و شارەزایان نیم، ڕێک وەک ئەو عارەقخۆرە وایە کە دەڵێ لە وێسکی نازانم و شارەزای خەیاڵی نیم. یان وەک مامۆستایەکی زمانی عەرەبی وایە ئیعراب نەزانێ. شووتیفرۆشێ لە کاڵەک و پینەچییەک لەناوکەف نەزانێ.

تۆ کە بە ئاشکرا و لە ئەکاونتی خۆتەوە، جەژنەپیرۆزە و نزا بۆ تیرۆریستێکی بەینەلمیلەلی وەک مەلا کرێکار بنێری و ئامادە نەبی بە تاقە دێڕێک هاوخەمی بۆ شەنگالییەکان نیشان بدەی، پێشبینی ئەوەیشت لێدەکرێ ئەگەر بۆت بلوێ، سینییەک نان و ماستیش بۆ داعشییەک دابنێی، ئاخر ئەوەی بەرامبەر سەرپەڕاندن و کچ ئەتککردن نەرمە هەڵوێستی هەبێ، ئاساییە بەرامبەر ئەنجامدەری ئەو تاوانانەش، هاوکاری بنوێنێ.

ئانتێنی گوێیەکانت هاواری دەیان خوشکی سەبیکراو نابیستێ، کەچی ڕاجیمەی دوعاکانت لەناو غەززە دەدات، بەڕاست مامۆستا کە شەرەفی ئەوەت پێنابڕێت بەرگری لە کوردستان بکەیت، بۆ ناچی بۆ ئۆرشەلیم بەڵکم ئەمە خوایە چانسی ئەوەت هەبێ سینگت بدەیتە بەر گوللەی قەناسێکی ئیسرائیلی و غەززەنشینێک لە کوشتن ڕزگار بکەیت.

ئیسلام، نەیتوانیوە میسقاڵە زەڕەیەک هەستی مرۆڤایەتیت تێدا نەشونما پێبکات، ئاخر تۆ لەکاتێکدا دروود بۆ مردنی پیرەمێردێکی عەرەب دەنێری کە کەس نایخوێنێتەوە، کەچی بۆ مەرگی سەتان منداڵی شنگالی، نقەت نایەت. ئەوە ماستاو بۆ بێگانەکردن نییە کە شکۆمەندیت پێدەبەخشێت، ئەوە نواندنی هاوسۆزییە بۆ هاونیشتیمانیانی خۆت کە دەتکاتە قەدرگران. هەڵوێستی جەنابی مالیکی، لەوەی بەڕێزتان جوامێرانەتر بوو، ئاخر ئەو کە قووتی خەڵکی بڕیبوو، فڕۆکەی بۆ بۆردومانکردنی داعش دەنارد.

جامانەت بۆ چییە؟ فڕێیدە و عەگالێ ببەستە لێت دێ، چۆغەکەشت بە ماکسییەکی کوڵی ئەفغانی بگۆڕە، ئاخر گومان لەکوردبوونی کەسێک دەکرێ، بە فۆنتی قەڵە و لە بن وێنەکەی خۆی بنووسێ: ئێمە تەنیا دوو جەژنمان هەیە، قوربان و ڕەمەزان. قوربان تۆ کە جەژنی نەورۆز بە مەجووسی و بیدعە دەزانی، بە من ناڵێی جامانە بۆ فریودانی کێ دەبەستی؟

ئەرێ بەڕاست، لەبەرامبەر ڕێکخراوێکی دڕندەی ئاژەڵئاسا، هیچ مانایەک بۆ هەڵوێستی بێلایەن هەیە؟ هیچ پێچ و پەنای ناوێ، ئەوەی کتومت دژی داعش نەبێ، ئەوە بێ سێ و دوو لەگەڵ داعشە.

بەڕێز دڵشاد گەرمیانی، ئوستازی زانستی قازۆلۆژیشە، ئاخر ئەو لە لێکۆڵینەوەیەکی قازیزمدا دەڵێ: دانانی هێلکەی قاز و مراوی لەژێر مریشک، بەرهەمەکەی بۆ قازە نەک مریشک. لەبەر ڕۆشنایی ئەم قاز و قوڵینگەدا دەتوانین چەندین ڕاستی بدۆزینەوە. بۆ نموونە ئەگەر محەممەد مورسی، قاتێ مرادخانی و جامانەیەکی بەست، ئەوە نایکات بە مامۆستا عەلی باپیر. جەنابیشت بە جامانەیەک و بستێ ڕیشەوە، هەرگیز نابیتە مامە ڕیشە، ئاخر ئەو پلەوپایەیە بە ئیشە. داخەکەم ئەمڕۆ ڕۆژی لەمیشە.

**لەمیش: کەسێکە لەسەر ماندووبوونی خەڵکی دیکە دەژی وەڵاهو ئەعلەم**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گۆڕان دەیکات، یان پارتی پێی دەکات؟

بزووتنەوەی گۆڕان کاتێک هاتە ناو حکومەتەوە کە پێشبینی دەکرا قەیرانێکی گەورە بەرۆکی کۆمەڵگای کوردستان بگرێت. بە واتایەکی دیکە سیاسییەکان و تەنانەت خەڵکی ئاساییش لەوە تێگەیشتبوون کە مانگی هەنگوینیی کورد لە وڵاتی بەناو عێراقی نوێدا بەرەو تەواوبوونە. یەکێک لە پاڵنەرە بەهێزەکانی دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان، خۆئامادەکردنێک بوو بۆ ئەم قۆناغە نوێییەی کە ئێستا کوردستان تێیکەوتووە. ئەم حکومەتە پتر لەوەی حکومەتی بنکەفراوانی نیشتمانی بێت، حکومەتێکە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ قەیراندا. حکومەتێک کە لێگەڕێ لە بەڵێن و کارنامەکەی، ئەمڕۆ خەڵک شوکورە بەوەی بتوانێ لانیکەمی خواستەکانی لە مووچە و بژێوی بێنێتە دی.

لەو بارودۆخەدا بزووتنەوەی گۆڕان، لە دوو لاوە (جیا لە ڕێکخستنی ناوخۆیی) لەژێر گوشاردایە، بتوانێ وەک شەریکی ستراتیژیی پارتی لە حکومەتدا حوکمڕانی بکات، یان ئەوەتا ئەو بەڵێنانەی لەسەردەمی ئۆپۆزیسیۆنبووندا بە دەنگدەرانی خۆی دابوو، جێبەجێ بکات. گۆڕان چوار وەزارەتی وەرگرتوون کە لەسەردەمی پەنجا بە پەنجا بە وەزارەتی سیادی حیساب بوون و یەکێتی ساڵانێکی زۆر دەستی بەسەردا گرتبوون. ئەگەر ئەو دوو وەزارەتە بۆ یەکێتی سەرچاوەی خێر و بێر بووبن، ئەوا بۆ گۆڕان وا دەرنەچوو، وڵات کەوتە حاڵەتی شەڕ و نە پارە ما، نە بازرگانی و نە حەج و عەمرە! بارودۆخێک خولقا کە باسکردن لە ریفۆرم و ڕەخنەگرتن لە هەر پێکهاتە و دامەزراوەیەک، وا لێکبدرێتەوە کە ئەوانە تابووری پێنجەمن. بەڵام واقیعێکی تاڵی دیکەش هەیە کە ئەگەر ئەمڕۆ دەستی بۆ نەبردرێت، ڕەنگبێ قەت نەکرێ کەماسییەکان وا بەزەقی ببینرێن. نموونەی هەرە زیندوو، ژمارە و پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی (ناتوانم بڵێم کوردستان) پارتی و یەکێتییە کە بە ژمارەی مووچەخۆر 429 هەزار کەسە، واتا شتێک لە ئۆردووی ئەمریکا کەمتر! بەڵام بە ژمارەی ناو سەنگەر نزیکەی 150 هەزارە، خۆ ئەگەر نیوەی ئەو ژمارەیەش (کە ئەویش نازانرێ چۆن و لەسەر چ بنەمایەک خانەنشین کراون) توانای شەڕیان نەبێ، هێشتا هێندەی دیکە زیادە و بندیوار مەحسووبن.

پارتی و یەکێتی لە چاولێکەری و ململانێیان لەسەر بەشینەوەی ئیمتیاز 22 ساڵە میراتێکیان بۆ کوردستان بەجێهێشتووە کە بەرگەی هیچ قەیرانێکی جیددی ناگرێت. پارتی (ئەگەر هەمووشی نەبێ، بەشێکی کاریگەری) لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ پاراستنی حوکمی خۆی وەک حاکمی سیاسی، ئامادەبووە بە ئاراستەی ریفۆرمی ئیداری و دوورکەوتنەوە لە بنەماکانی پەنجا بە پەنجا هەندێک هەنگاو بهاوێت. بەڵام ئەو هەنگاوانە لەو ژینگە پڕ لە گەندەڵی و پڕ لە مونافەسەی ناوخۆییە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە. هاتنی گۆڕان بۆ ناو حکومەت و گرتنە دەستی دوو وەزارەتی سیادی، بۆ پارتی شانسێکی گەورەیە کە ئەگەر بەردەوام بێت لە نیەتی چاکسازیدا، دەتوانێ بەڵێنەکانی بەرێتە سەر. گۆڕان بەحوکمی ئەوەی کە لە دەڤەری سەوز باش شارەزایە و کۆدەکانی یەکێتیشی لایە، زۆر باش دەزانێ چی بکات. بۆیە پارتی ئەوەی تا دوێنێ نەیدەویست و نەیدەتوانی بە یەکێتیی بڵێ یان لەبەرامبەریدا بیکات، ئەمڕۆ بە گۆڕان دەیکات. هەر بۆیەشە ئەمڕۆ گۆڕان لە تەختەی هەدەفدایە و بە ڕاست و چەپ لێی دەدرێت. گۆڕان لەناو پارتیشدا دەستیپێکردووە و سەرۆکی حکومەت گڵۆپی سەوزی بۆ وەزیرەکانی گۆڕان پێکردووە، ئەوەی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ پارتیش پێینەکراوە، دەیەوێ بە گۆڕانی بکات. پۆستە مۆتەکەکان لەسەر داوای گۆڕان کۆتاییان پێدێت و بۆ گێڕاندنەوەی شکۆی وەزیرەکان، سەرۆکی حکومەت هەموو شتێک دەکات.

گۆڕان ئەگەر بەو نەفەسە لە حکومەتدا بمێنێتەوە و بێ هاتوهاوار و موزایەدە لە پەنجە دانان لەسەر گرفتەکان و چارەسەریان بەردەوام بێت، کوردستان دەبێ ئومێدوار بێت کە چەند ساڵێکی دیکە ئەم وڵاتە دەبێتە خاوەنی چەند دامەزراوەیەکی نیشتمانی بۆ نەوەکانی داهاتوو. بەڵام دەبێ پارتیش ئەو ڕاستییە بزانێت کە گۆڕان داهاتووی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی خستووەتە گرەوی سەرکەوتنی لەو حکومەتەدا، ئەگەر نەتوانێ ئەوەی پێی ڕاستە بیکات، دوور نییە لە ئانوساتێکدا لە حکومەتیش بکشێتەوە.



قەرەنی قادری

# سوپای قودس و داعشی ئیسلامی

تا دێت دۆخی هەرێمی کوردستان، عێراق و ناوچەکە ئاڵۆزتر دەبێت. ئەمریکا خەریکی ئەوەیە کە لەناو خاکی سووریاوە زەبر لە داعش بدات. مەلا ئەتۆمییەکانی تارانیش لە هەر جێیەک تیرۆر و هێزی تێکدەری ئیسلامی لێبێت، ئەویش لەوێیە. ئێستا کە دیپلۆماسیی جیهانی رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، کۆماری ئیسلامییش دەخوازێت لەو یارییەدا بەجێ نەمێنێ. ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەو "یارمەتی"یەی کە بە هەرێمی کوردستانی دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، تەنیا سەرەتایەکە بۆ مانەوەی لە هەرێمی کوردستان. ئامانجێکی تریشی ئەوەیە کە بە ناردنی هێزی سوپای قودس بۆ میحوەری جەلەولا، گوشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان کە ڕێگە نەدات هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ شەڕ بە دژی داعش و بەرگری لە خاکی هەرێمی کوردستان بەشدار بێت.

شەڕی هەرێمی کوردستان بە دژی داعش، بەرگری لە دیموکراسی، مافی مرۆڤ، پێکەوەژیان و پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش سەرەکیترین هۆکارە کە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا پشتیوانیی سیاسی، مرۆیی و نیزامی لە هەرێمی کوردستان دەکەن. هەرێمی کوردستان بووەتە چەقی سیاسەت و دیپلۆماسیی جیهانی پێشکەوتوو، لەبەر ئەوە کۆماری ئیسلامی لەو بەرەیەدا جێگەی نابێتەوە. ئەو دۆخەش کە بەهۆی مالیکییەوە لە عێراقدا هاتووەتە کایەوە، کۆماری ئیسلامی لێی بەرپرسە. مەبەستیشی لە "یارمەتیدان"ی هەرێمی کوردستان تەنیا ئاژاوە و نانەوەی چەند بەرەکییە لە کوردستان و نانەوەی دڕدۆنگییە لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها چێکردنی کۆسپە لەسەر ڕێگەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی.

ناردنی ڕاستەوخۆی چەک و تەقەمەنی لەلایەن ڕۆژاواییەکانەوە بۆ هەرێمی کوردستان، کۆماری ئیسلامی چەند قات نیگەران کردووە. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە ناوی "یارمەتی"یەوە دەیکات، لە ڕاستیدا یارمەتی نییە، بەڵکو دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆیە لە کاروباری هەرێمی کوردستاندا. ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە لەم دۆخە هەستیارەدا هەرێمی کوردستان بکاتە گۆڕەپانی ململانێی خۆی لەگەڵ ڕۆژاواییەکان و لە درێژخایەنیشدا هاوسەنگیی هێزەکان لە هەرێمی کوردستان تێکبدات و "فیفتی فیفتی"یەکانی جاران زیندوو بکاتەوە. بێشک لابالێکی دەستڕۆیشتوو لەناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش سوود لەمە دەبینێ. لەسەر یەک، کارکردن لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکان لە هەرێمی کوردستان، سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە.

بەپێی هەواڵێکی (وۆرڵد تریبیوون): "کۆماری ئیسلامی لە سنووری سەرپێڵی زەهاوەوە لەشکری 81ی خۆی ئامادە کردووە بۆ هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان، ئەمانە پاڵپشتی ئەو 250 چەکدارەی سوپای قودس دەکەن کە لە ناوچەکەدان". لەلایەکی دیکەوە، باڵی زاڵ و توندئاژۆی PKK بەڕێگەی (PYD)وە سێرەی لە چیای شنگال گرتووە، بە ئەگەری ئەوەی بەشێک لە هێزەکانی قەندیل بۆ ئەوێ بگوازێتەوە. هەوڵدانی بۆ چەکدارکردنی گەنجانی ئێزدی، ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی خۆی لەوێدا سەقامگیر بکات.

ئەو هێڵە سیاسییە کە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گرتوویەتیە بەر بۆ بەدەستهێنانی یارمەتیی سیاسی، مرۆیی و نیزامی لە وڵاتە ئەوروپییەکان و ئەمریکا، بێشک بە دڵی دەسەڵاتدارانی تاران، شۆڤێنیستەکانی بەغدا و PKK نییە. هێرشی داعشی ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەو دەرفەتەی بە کۆماری ئیسلامی دا، تا ئەمجارەیان ڕاستەوخۆ و بەڕێگەی چەک و تەقەمەنییەوە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات. یەکێک لە ئامانجەکانیشی ئەوەیە کە ببێتە گوشار بۆ سەر مەسعود بارزانی تا سەبارەت بە بەغدا سیاسەتەکانی "نەرم" بکاتەوە. بێشک ئەو دۆخە ئاڵۆزە بە ڕادەیەکی زۆر یارییەکەیان لە مەسعود بارزانی ئاڵۆزتر کردووە.

سیاسەتوانانی هەرێمی کوردستانیش دەبێ ئەوە بزانن کە کۆماری ئیسلامی بۆی نییە چەک و تەقەمەنی ڕەوانەی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بکات، چونکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیزنی پێ نادرێت و ئەمریکاش دژی ئەوەیە. بەڵام ئەمەش زۆر ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لە سیاسەتوانانی هەرێمی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی دەترسن، هەر ئەوانیش دەرگەی هەرێمی کوردستانیان بەسەر تاراندا کردووەتەوە. کۆماری ئیسلامی یارمەتیدەر نییە، بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان. هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەڕاستیدا گەڕانەوەی دۆخەکەیە بۆ بەر لە داگیرکردنی مووسڵ، بۆیە ئەم کارەی داعش ڕێک دەگەڵ سیاسەتی کۆمکاری عەرەبی، شۆڤێنیستەکانی بەغدا و کۆماری ئیسلامیدا یەکدەگرێتەوە. دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە و یارییەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. داعشی ئیسلامی خەریکە بە تەواوەتی ئەرنجی هێزە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا دەگۆڕێت و، جێگۆڕکێش بە هەندێک لە هاوکێشە و پرسەکان لەوانە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کراوە.



د. هیوا حاجی

# گۆشەگیریی کورد و ئایندەی فیدراڵیزم لە عێراق

پێدەچێت لەماوەی زیاتر لە 10 ساڵی ڕابردوودا تێگەیشتنێکی ورد نەبووبێت سەبارەت بەو ڕاستییەی کە دێمۆکراسی پێشمەرجی فیدراڵیزمە. دەگونجێ دێمۆکراسی هەبێت بەبێ ئەوەی فیدراڵیزم لەئارادا بێت، بەڵام پێچەوانەکەی هەرگیز ڕاست نییە. وڵاتێک ناتوانێ فێدراڵ بێت ئەگەر پێشتر دێمۆکرات نەبێت. زۆر بە سادەیی، خەسڵەتی سەرەکی سیستەمی فێدراڵی بریتییە لە مەسەلەی هێزبەشکردن (power sharing) و داڕشتنی پێکەوەیی سیاسەتەکان لەنێوان دەسەڵاتی فێدراڵ و هەرێمەکان. ئەم پرەنسیپە تەنها لە سیستەمێکی دێمۆکراتیکدا ئەگەری بەدیهاتنی بەهێز دەبێت. بەسەرنجدانێکی زۆر خێرا، دەبینین لە ماوەی ڕابردوودا کێشەکانی عێراق لەسەر ئەم مەسەلە بنەڕەتییە بووە. عێراقی دوای بەعس نەیتوانی خۆی دێمۆکراتیزە بکات، بۆیەشە سیستەمێکی فێدراڵی ناهاوسەنگ و ناسەقامگیری لێ بەرهەمهات. تا ئێستاش، بۆ نوخبەی عەرەبی سیاسی عێراقی، باوەڕی باو ئەوەیە کە دەبێ بەغدا بەهێز بێت (بەتایبەتی لەڕووی سەربازییەوە)، مۆنۆپۆلی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە بکات، بەتەنیا ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکان بکات، تەنانەت خاڵە گومرگی و فڕۆکەخانەکانیش لەژێر هەژموونی ئەودا بێت. لەچوارچێوەی باڵادەستیی فەلسەفەیەکی ئاوادا، ئەگەرەکانی دامەزراندنی فیدراڵیەتێکی سەقامگیر و مانادار ئەستەمە.

هەر لە دەستپێکی پرۆسەی سیاسییەوە، ڕوون بوو کە زۆرینەی نوخبەی سیاسی عێراقی، بەتایبەتی ئەوانەی بنکەی جەماوەریی فراوانیان هەبوو، خولیای دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵیان نییە. لە تێڕوانینیان بۆ فیدراڵی، جیاوازییەکی ئەوتۆ هەستی پێ نەدەکرا لە نێوان نوخبەی سیاسی شیعە و سوننەدا. هەردوولا بە فیدراڵیەت دڵخۆش نەبوون. هەربۆیەشە، سەرەڕای ئەوەی دەستووری عێراق مافی بە پارێزگاکان داوە (جگە لەو پارێزگایانەی دەکەونە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستوورەوە) لە نێو خۆیاندا و یان بەتەنیا هەرێم دابمەزرێنن، بەڵام نوخبەی سیاسی فەرمانڕەوای عێراق شکستی بە چەند هەوڵێکی پارێزگا شیعە و سوننییەکان بۆ دامەزراندنی هەرێم هێنا. هۆکاری بنەڕەتی ئەوەبوو کە بە دیدی ئەوان، فیدراڵیەت دەبێتە هۆی لاوازبوونی بەغدا وەک دەسەڵاتێکی ناوەندی و لە ئەنجامدا لێکهەڵوەشانەوەی وڵاتەکە لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی. دواتریش، نوخبەی سیاسی سوننە تا بەتەواوی لەوە دڵنیا نەبوو کە ناتوانێ جارێکی دیکە لە بەغدا حوکم بکاتەوە و تا بەشێوەیەکی مەترسیدار پەراوێز نەخران، بیریان لە بەهەرێمکردنی پارێزگاکانیان لە موسڵ و ئەنبار و سەلاحەددین و دیالە نەکردەوە.

قسەی سەرەکی ئەوەیە، ئەگەر بۆ نوخبەی سیاسی عێراقی، سوننە و شیعە، دێمۆکراسی بژاردەی ویستراو با، ئەگەری سەرکەوتنی سیستەمی فێدراڵی لەو وڵاتەدا زیاتر دەبوو. کێشەی بنەڕەتی فیدراڵیەتی عێراق ئەوەیە کە ئەم فیدراڵیەتە بەرهەمی ڕەوشی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستانی بەر لە جەنگی عێراقی 2003یە. ڕوونتر بڵێین، فیدراڵیەتی عێراق بەرهەمی دێمۆکراتیزەبوونی وڵاتەکە و بەهێزیی فەلسەفەیەکی دێمۆکرات نییە بۆ مەسەلەی هێزبەشکردن لە وڵاتەکەدا. بۆ هەمووان ئاشکرایە دەسەڵاتی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستانی بەر لە جەنگ و ڕەوشی باڵانسی هێزی ئەوسا لە نێوان هەرێمی کوردستان و نوخبەی سیاسی عێراقی بووە هەوێنی جێکردنەوەی فیدراڵی لە دەستووری عێراقدا.

هاوشان لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی لە دژی فیدراڵیەت لە بەغدا لەئارادا بووە، لەنێو نوخبەی سیاسی کوردیشدا هەبوون ئەوانەی پێیانوابوو کە نابێ کورد خۆی زۆر سەرقاڵی بەغدا بکات. باوەڕ ئەوەبوو کە بایەخدانی زۆر بە بەغدا، کوردستان زیاتر دەخاتەوە ناو باوەشی عێراق. بە مانایەکی تر، هەوڵی کورد بۆ ئامادەبوون لە بەغدا و گرنگیدان بە کاروباری عێراق بە هاوتای پاراستنی یەکێتی خاکی ئەو وڵاتە لێکدەدرایەوە. لەبەر ئەوە کەم نەبوون ئەوانەی لایەنگری خۆدوورخستنەوەی هەرچی زیاتری کوردستان بوون لە کاروباری عێراق بەو هیوایەی کە سیاسەتێکی لەم چەشنە ئەگەرەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات.


بەڵام ئەزموونی ئەم چەند ساڵە ئەوەی نیشاندا کە هەرێمی کوردستان ناتوانێ خۆی دوور بگرێت لەوەی لە بەغدا ڕوودەدات. دەرکەوت کە تاکڕەوی لە بەغدا و سیاسەتی پەراوێزخستن، تەنانەت ئەگەر لەسەرەتاشدا لە دژی کورد نەبووبێت، دواتر بووە تەحەدایەک بۆ هەرێمی کوردستان. بە پراکتیک پاشگەزبوونەوە لە فیدراڵیەت و هەوڵدان بۆ سنووردارکردنی توانای ئابووری و سەربازی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم ئاماژەی زەقن بۆ ئەو مەترسییانەی پاشەکشەی دێمۆکراسی لە بەغدا بۆ ئایندەی ئەم هەرێمە بەرهەمیان دێنێ.

لەماوەی ڕابردوودا، کورد تا ڕادەیەکی زۆر، بە نیسبەت پرۆسەی دێمۆکراسی لە عێراق گۆشەگیر بووە. کورد تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە هەرێمەوە هەبووە قسەی لەسەر دەسەڵاتی بەغدا کردووە. لەسەر بەسرە، یان ئەنبار، یان موسڵ و یان کەربەلا بە هەمان ئەندازەی هەولێر دەخالەتی نەکردووە. هەر بۆ وێنە، سەرەڕای ئەو تێبینییە مەترسیدارانەی لەسەر ئەدای سەرۆک وەزیران مالیکی لە ویلایەتی یەکەمیدا هەبوو، کورد ڕازیبوو بە نوێکردنەوەی ویلایەتی دووەمی. ئەمەش زۆر بەڕوونی لەبەرئەوەی تا ئەوکاتە دژایەتی سەرۆک وەزیران بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەندە زەق نەبوو.

دەرکەوت تاکڕەوی لە بەغدا و سیاسەتی پەراوێزخستن ناتوانێ لە بەرژەوەندی کورد بێت. لەساڵانی سەرەتای دوای ڕووخانی ڕێژیمی پێشوو، بە هۆی لاسەنگی لە باڵانسی هێز و ناکۆکییەکانی سوننە و شیعەوە، حکومەتی تازە لەدایکبووی عێراق نەیدەتوانی کێشەی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکات. بەڵام بە تێپەڕینی کات و دوای ئەوەی وردە وردە حکومەتی عێراق توانا ئابووری و سەربازییەکانی خۆی پەرەپێدا و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی باشتر کرد، سیاسەتی لەخۆگرتن (Containment) و سنووردارکردنی هەرێم زەق بووەوە. زۆر ئاشکرایە، پێشوەچوون یان پاشەکشەی دێمۆکراسی و فیدراڵیزم لە عێراقدا پەیوەندی بە باڵانسی هێزەوە هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کە سەقامگیریی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا بەندە بە دێمۆکراتیزەبوونی ئەو وڵاتە، پێویستە کورد زیاتر لە کاروباری عێراقەوە بگلێت و لە هەوڵدا بێت مەترسییەکانی دەسەڵاتخوازی لە بەغدا کەمبکاتەوە، ئەوجا لە هەرلایەکەوە بێت. تا ئەو شوێنەی هەرێمی کوردستان بەشێک بێت لە عێراق، بەغدایەکی دێمۆکرات لە قازانجی هەرێمی کوردستان دەبێت. تەنانەت لە ئەگەری سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیشدا، دیسان دراوسێیەکی دێمۆکرات بۆ ئەم هەرێمە باشترە.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# کوردێک دەبێتە گەورە ڕاوێژکاری داودئۆغڵو

لەگەڵ سەرکەوتنی ئەردۆغان بۆ کۆشکی چانکایا، پارتی داد و گەشەپێدان ئەحمەد داودئۆغڵوی بە سەرۆکی نوێی خۆی هەڵبژارد. داودئۆغڵوش بە خێرایی کابینەی نوێی حکومەتی پێکهێنا و سەرکردایەتی پارتەکەشی سەرلەنوێ ڕێکخستەوە. لەو ڕێکخستنەوەیەشدا سیاسەتمەدارێکی کوردی لەدایکبووی وان بووە گەورە ڕاوێژکاری داودئۆغڵو. حوسەین چەلیک کە پێشتر وەک وەزیری پەروەردە و وەزیری ڕۆشنبیری و گوتەبێژی پارتی داد و گەشەپێدان کاری کردووە، لە قۆناغی نوێدا بووە گەورە ڕاوێژکاری گەورەترین پارتی تورکیا کە 12 ساڵە لەسەر دەسەڵاتە و چاوەڕوان دەکرێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژی دیکەش هەر متمانەی دانیشتوانی تورکیا لە دەست نەدات.

دەرکەوتنی سیاسەتمەدارانی کورد لە پۆستی بەرزدا شتێکی نوێ نییە بۆ پارتی داد و گەشەپێدان کە نزیکەی 25%ی ئەندام پەرلەمانەکانی کوردن. پێشتریش وەزیر و ڕاوێژکار و جێگری سەرۆکی کوردمان لەناو AKP بینیوە. بەڵام دیاریکردنی حوسەین چەلیک بە گەورە ڕاوێژکاری سەرۆکی نوێی پارتەکە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. دوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەردۆغان، قۆناغێکی نوێ دەستپێیکرد بۆ پارتی داد و گەشەپێدان. لەم قۆناغەدا سەرۆک و سەرکردایەتی نوێ شەڕی پاراستنی متمانەی گەل دەکەن لە غیابی ئەردۆغاندا. ئەمە بە پلەی یەک لەسەر شانی داودئۆغڵوە، بە پلەی دووش سەرجەم ئەو کەسایەتییانەی لە سەرکردایەتی نوێی پارتەکەدا ڕۆڵیان وەرگرتووە. لێرەدا چاوەڕوان دەکرێت حوسەین چەلیک هاوکارێکی چالاکی داودئۆغڵو بێت لە بەڕێوەبردنی پارتەکە. بەو پێیەی خاوەنی پێگەیەکی فراوانە لەناو لایەنگران و ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبە. دیوێکی ئەم بابەتە کە دەمەوێت لەسەری بوەستم، ئەو بەرەوپێشچوونەیە کە لە دۆزی کورددا لە تورکیا پێیگەیشتوون. ئەم بەرەوپێشچوونە لە سەردەمی سەرۆک وەزیرانی و سەرۆک کۆماریی تورگوت ئۆزالەوە دەستیپێکرد. ئۆزال کاتێک لە 13/12/1983 بووە سەرۆک وەزیران، تورکیا بە یەکێک لە قورسترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخیدا دەڕۆشت، تەنها 13 ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر کودەتا سەربازییەکەی 10/09/1980دا. جەنەراڵ کەنعان ئەڤرەنی ئەندازیاری کودەتاکە، لە کۆشکی کۆماری بوو، تەبعی پۆستاڵی سەربازیش بە سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتەوە دیاربوو. ساڵانێک بوو کە کەسایەتییەکی وەک شەرافەددین ئەلچی، تەنها لەبەر ئەوەی کاتێک وەزیر بووە گوتوویەتی "لە تورکیادا کورد هەیە و منیش کوردم" دەدرا بە دادگا و سزای زیندانی دەدرا. لەو کاتەدا کوردێک بووە سەرۆک وەزیرانی تورکیا، زۆر هەنگاوی بوێرانە و گرنگی نا بۆ چارەسەری کێشەی کورد. بەڵام بارودۆخی وڵات قەت ڕێگەی نەدا لە لێدوانە فەرمییەکانیدا بڵێت "من کوردم". بۆ ئۆزال زەحمەت بوو ڕای گشتی چەقبەستووی ئەو کاتەی تورکیا لەگەڵ فیکرەی بوونی کورددا ڕابهێنێت، جارێکیان گوتی "داپیرەم کورد بووە و پورم تورکی نەدەزانی".

ئۆزال یەکەم کەس بوو کە باسی ئازادکردنی زمانی کوردی و قبوڵکردنی ناسنامەی کوردی کرد. بەڵام کاتێک گوتی "چەند باش دەبوو، ئەگەر کەناڵێکی دەوڵەت چەند کاژێرێک پەخشی بە زمانی کوردی بکردایە" بە ناپاکی دژی نیشتیمان تۆمەتبارکرا. بارودۆخی ئەو ڕۆژەی تورکیا ئەوەندە ڕێی دەدا. بەڵام ئەگەر بە دیوێکی دیکەدا تەماشا بکەین، دەبینین ئەوەی ئۆزال کردی زۆر گرنگ بوو. ئەگەر ئەو ڕۆژە ئەو لەو پۆستە گرنگانەدا نەبوایە، پێدەچێ دۆزی کورد لە تورکیا هێندە پێش نەکەوتایە.

لەگەڵ وەفاتە ناوەختەکەی ئۆزالیش کە هەتا ئێستا ڕوون نەبووەتەوە بە دەردی خودا بوو یان دەستێکی لە پشتەوە بوو، سەختترین قۆناغ دەستیپێکرد بۆ کورد لە تورکیا. نەوەتەکان ساڵانی حکومەتە بێهێزە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا بوو. لە ناوەندی ئەو بێهێزییەی سیستمی سیاسیدا، ئیدارەی وڵات ئەمانەتی دەستی مافیا و چەتەکان بوو. لەو ماوەیەدا بە دەیان هەزار کورد بوونە قوربانی ئەو تیرۆرەی دواتر ناوی لێنرا "کەیسی بکوژ نادیارەکان".

کاتێک دێینە ساڵی 2002، هەنگاوێکی کرداری دەبینین بۆ چارەسەری کێشەی کورد. پاکجەکانی گونجاندنی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا کە 8 پاکج بوون و لە ساڵانی 2002 و 2003 و 2004 بە دەنگی زۆرینەی ئەندام پەرلەمانان تێپەڕێندران، دۆزی کوردیان لە قۆناغێکەوە گواستەوە بۆ قۆناغێکی دی. پارتی داد و گەشەپێدان کە لە ناوەندی تێپەڕاندنی ئەم پاکجانەدا هاتە سەر دەسەڵات و ڕۆڵێکی باڵای بینی لە بوون بە یاسای ئەو پرۆژانەدا. لە ئەنجامدا ئازادی و مافەکانی تاکەکەس لە تورکیا بەرەوپێشچوون و ستانداردەکانی دیموکراسی بەرزبوونەوە. کارابوونی بزووتنەوەی سیاسی کورد کە لەم چەند ساڵەدا چەند ناوێکی گۆڕی و ئەمڕۆ HDP و DBP نوێنەرایەتی دەکات، دەکرێت بە بەرهەمی ئەم پاکجانە ببینرێت.

بە هەموو پێوەرێکیش ماوەی دەسەڵاتی ئەردۆغان ماوەیەکی ئاڵتونی بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی لە چوارچێوەی پاکجەکانی یەکێتی ئەورووپا زەمینە سازیان کردبوو بۆ فراوانبوونی سنوورەکانی ئازادی بیر و دەربڕین و کاری سیاسی. چونکە هەرچەندە یاسا هەبێت، ئەگەر ئیرادەیەک نەبێت بۆ جێبەجێکردنی هیچ مانایەکی نابێت. لە 12 ساڵی ڕابردوودا چارەسەری کێشەی کورد بە چەنشنێک چووە پێشەوە کە نەک لێدوانی وەزیرێک کە بڵێت "من کوردم" ببێت بە هۆکاری زیندانیکردنی، بەڵکو بە دەیەها سیاسەتمەداری کورد لەسەر ئاستی بەرز ئەرکیان پێ سپێردرا. حسەین چەلیک یەکێک بوو لەو کەسایاتییانە کە لە کابینەکانی پێشوودا ئەرکی وەزیری پەروەردە و وەزیری ڕۆشنبیری پێ سپێردرا. کورد بوونی نەبووە ڕێگر لەبەردەمی و بەپێچەوانەوە جیاوازی ئێتنیکی وەک دەوڵەمەندییەک بینرا. ئێستاش وەرگرتنی ئەرکی گەورە ڕاوێژکاری سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان، لە لایەکەوە بۆ پارتەکە گرنگە کە کەسایەتییەکی بەهێزی وەک چەلیک یەکێک لە نزیکترین کەسەکانی داودئۆغڵو بێت و بەشدار بێت لە پرۆسەی بڕیاردان. لە لایەکی دیکەوە دەرفەتێکە بۆ برەودان بە پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد لە ناو تورکیا و هاوکات بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دووفاقیی حکومەتی کوردستان

حکومەتی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا سیاسەتێکی دووفاقییانە بەرامبەر هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پەیڕەو دەکات. لەلایەکەوە دەست بەڕووی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتەوە دەنێت و هاریکارییان ڕەتدەکاتەوە، لەلایەکیشەوە ڕێگە دەدات گەریلاکانی PKK تێریتۆریای تایبەت بەخۆیان لە باشوور دابمەزرێنن و باسی دروستکردنی خۆبەڕێوەبەریی شنگال و کەرکووک بکەن. ئەگەر بڕیار بێت حکومەتەکەمان کوردستانییانە بیربکاتەوە و پێویستی بە هاوکاریی هەمووان بێت، نابێ دەستی هاریکاریی ڕۆژهەڵاتییەکان ڕەتبکاتەوە، ئەگەر بڕیاریش وایە ماملەی دەستووری لەگەڵ هێزەکانی پارچەکانی دیکە بکات و چیدیکە هاوکارییان پێویست نەبێت، نابێ چیدی ڕێگە بدات گەریلا لە باشوور بمێنن.

لەو دیبەیتە تەلەڤزیۆنییەدا کە هەفتەی ڕابردوو لە سلێمانی لەگەڵ نوێنەری هەندێک پارتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردم، لە تۆنی دەنگی میوانەکانەوە هەستم بە نیگەرانی دەکرد بەرامبەر بڕیاری کێشانەوەی پێشمەرگەکانیان لە بەرەکانی شەڕدا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان داکۆکییان لە بڕیارەکەی حکومەتی کوردستان دەکرد و وەک خۆیان دەیانگوت، لە "هەستیاریی هەڵوێست"ی ئەو حکومەتە تێدەگەن. ئەوکات بیرم بۆ ئەوە چوو کە زۆرتر لە بیست و سێ ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. بەدرێژایی ئەو بیست و سێ ساڵەش حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان یان ناچاربوون یان ناچارکراون ئاگایان لە "هەستیاریی هەڵوێست"ی حکومەتە تاقانەکە بێت. ئەمە بۆ ئەوان بەمانای بێدەنگیی خنکێنەر و پووکێنەر بووە لەنێو جەماوەری خۆیان لە بەشە کوردستانەکەی خۆیاندا، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو بێدەنگییەیان لە میدیاکاندا نەتەقاندەوە. بیست و سێ ساڵە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکی لەشانە، کەچی هەمیشە یان بۆ بەرگری لەخۆکردن بەکاریهێناوە، یان لەبەر "هەستیاریی هەڵوێست"ی برا باشوورییەکانی بۆ ماوەی درێژ گوڵلەیەکی پێ نەتەقاندووە. بۆیە پێم عەیب نەبوو لە یەکێک لە میوانەکانی دیبەیتەکە بپرسم: "بەر لە شەڕی داعش، چەند دەبوو پێشمەرگەکانتان تەقەیان نەکردبوو؟"

کاتێک دیسان ئاوڕ لە بیست و سێ ساڵی ڕابردوو دەدەینەوە، دەبینین PKK لە هیچ قۆناغێکدا ڕەچاوی "هەستیاریی هەڵوێست"ی حکومەتی کوردستانی نەکردووە. ئایا تاوەکو ئێستا ئەو حیزبە لەو هەستیارییە تێنەگەیشتووە یان نەیویستووە لێی تێبگات؟ لە ویکیلیکسدا زۆر بەڵگە هەن دەریدەخەن لە قۆناخی جیاجیادا گوشاری گەورەی ئەمریکی و تورکی لەسەر بارزانی و حکومەتی کوردستان هەبوون بۆئەوەی PKK لە باشوور بێدەنگ بکەن، بەڵام ئەو گوشارانە ئەنجامیان نەبووە. لەو بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت کە حکومەتی کوردستان هەوڵیداوە لە "هەستیاریی هەڵوێست"ی PKK و ئەو نوشوستییەی دوای گیرانی ئۆجەلان تووشی بووە تێبگات، نەک بەپێچەوانەوە! واتە ئەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان لەبەرخاتری باشوور نەیانکردووە، PKK بەبێ خاترگرتنی باشوور کردوویەتی و بۆشی چووەتە سەر.

زەکی شنگالی کە یەکێکە لە سەرکردە باڵاکانی PKK، بەمدواییانە بە ڕۆژنامەنووسانی گوتووە "شنگال و کەرکووک پێویستیان بە خۆبەڕێوەبەریی خۆیان هەیە". واتە ئەو دوو ناوچەیە پێویستیان بە کانتۆنەکانی هاوشێوەی ڕۆژئاوای کوردستان هەیە کە تەنیا لەلایەن PKKوە بەڕێوەدەبردرێن. ئەمەش بەو مانایەیە کە گەریلای PKK بۆ هاوکاریی پێشمەرگە و پاراستنی هاونیشتمانیانی نەهاتووەتە باشوور، بەڵکو بۆ ئاڵۆزترکردنی کێشەی ناوچە گەڕێندراوە پێشتر دابڕێندراوەکان هاتووە. بۆیە ڕاستوایە هەولێر کۆتایی بە سیاسەتی دووفاقیانەی بەرامبەر هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بهێنێت. ئەویش بەوەی کە یان ڕێگە بە بەشداریی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات لە شەڕی دژی داعش، یان بەرلەوەی گەریلا گێچەڵێکی نوێ بنێتەوە بڕیاربدات مانەوەی نایاساییان لە باشوور کۆتایی پێبهێندرێت.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# ئەوانەی نایانەوێ هەڕەشەی داعش بە هەند وەربگرن

کانوونی دووەمی ئەمساڵ، سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما بۆچوونێکی هەڵەی لەبارەی داعشەوە دەربڕی، کاتێک بە گۆڤاری نیویۆرکەری گوت: "لە ڕاستیدا ئێمە دەبێ بە چاوێکی جیاواز سەیری گرووپە جیاوازەکان بکەین، ئەگەر تەنانەت خاڵی لێکچووشیان هەبێت.. من پێموایە جیاوازییەک هەیە لە نێوان توانست و دەستڕۆیشتوویی بنلادن و تۆڕەکەی کە بە شێوەیەکی چالاک و بە بەرنامە پیلانی تیرۆریستی دژ بە نیشتمانی ئێمە دادەڕێژن، لەگەڵ ئەو جیهادیانەی (داعش) کە لە ناوچەیەکدا سەرقاڵی ململانێی توندی دەسەڵاتن و زیاتر بەرگێکی تائیفییان هەیە". ئێستا بەهۆی ئەوەی کە داعش پێدەچێ هێزێکی زۆر گەورەتر لە قاعیدەی هەبێت، سەرۆک ئۆباما ڕەنگە پەشیمان بووبێتەوە لەو پێناسە گومڕاکەرەی سەبارەت بەو گرووپە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە کۆشکی سپی هەوڵ دەدات پاساو بۆ بەدحاڵیبوونی ئۆباما لە داعش بهێنێتەوە، ئۆباما بەرەو بەرپەرچدانەوەی زیاتری دیپلۆماسی و سەربازی دژ بە داعش هەنگاوی ناوە. سەربڕینی ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکایی جێمس فۆلی لەلایەن جیهادیەکانەوە، یارمەتی ئەوەی داوە کە خەڵکی ئەمەریکا خۆیان بۆ هەڵمەتێکی دژوار و درێژ ئامادە بکەن، هەروەک چۆن سەرۆک ئۆباما هۆشداریی داوە: "لەناوبردنی شێرپەنجەیەکی وەک داعش نە ئاسان دەبێت و نە خێرا". سەرۆک لەم هەفتەیەدا ئایدیۆلۆژیای داعشی بە "پووچگەرا" ناوهێنا و گوتی "گرووپێکی وەها شوێنی لە سەدەی 21دا نابێتەوە".

هەر ڕێک بەو خێراییەی کە بەڕێز ئۆباما هەڵوێستی خۆی لەمەڕ داعش گۆڕی و لە "گرووپێکی بێ هێزەوە" بۆ "هەڕەشەیەکی گەورە" بازی دا، بەڵام هەندێک لایەن ئەو "مقۆمقۆ"یەیان خستە ژێر پرسیارەوە کە لە بارەی ئەو ڕێکخراوەوە دروست بووە. مەهدی حەسەن لە گۆڤاری نیو ڕێپابلیک لەبارەی ئەو دوو گەنجە بەریتانییەی داعشەوە دەنووسێت و دەڵێت هەر بەر لەوەی شاری بێرمینگهام بەرەو سووریا بەجێبهێڵن و خەریکی شەڕە کلاشینکۆف بن، هەردوو گەنجەکە، واتە یوسف سەروەر و محەممەد ئەحمەد چەند کتێبێکی سەرەتاییان لە ئامازۆن داوا کردبوو: "ئیسلام بۆ تازەکاران" و "قورئان بۆ تازەکاران". مەهدی حەسەن دەڵێت داعش نێوانێکی زۆری لەگەڵ ئیسلامدا نییە. ئەو دەڵێت: "ئەگەر مەبەستمان کەویکردنی جیهادیزمە، دەبێ واز لە گەورە نیشاندانی ئەو هەڕەشەیە بهێنین کە ئەو گەنجانە ناویانەتەوە و ئەو کەشەشیان بۆ بڕەخسێنین کە داوای دەکەن و بەرە بەرە ئەو شێوەژیانە نائیسلامییەی کە هەیانە نیشان بدەین". بە هەمان شێوە، مایکل بۆیڵ لە نیویۆرک تایمزدا دەنووسێت کە: "لەڕووی ئەخلاقییەوە کارێکی مەترسیدار دەکەین کاتێک داعش بە شێرپەنجە ناو دەبەین". بۆیڵ ئەگەرچی دەڵێت "داعش مافەکانی مرۆڤی بە جددی ژێرپێ خستووە و تەنانەت ڕەنگە تاوانی جەنگیشی ئەنجام دابێت"، هێشتاش پێیوایە نابێ لە باسکردنی ئەو بزووتنەوەیە باسی "بەدکار و خراپەکار" بکەین. لە ڕوانگەی بۆیڵەوە: "داعش وەک بزووتنەوەیەکی تیرۆریستیی شۆڕشگێڕ کار ناکات کە مەبەستی بێت کۆی سیستەمی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت، بەڵکو پتر گرووپێکی یاخیبووی سەرکەوتووە کە بەدوای پێگەی خۆی لەناو دەسەڵاتدا دەگەڕێ". بۆیڵ هۆشداری دەدات کە ناساندنی داعش وەک "خراپەکار" دەتوانێت زیانی گەورەی هەبێت و دەنووسێت:

"هەر بەو هۆیەشەوە ئیدارەی ئۆباما دەبێ زۆر ئاگادار بێت لەوەی کە نەکەوێتە ناو حاڵەتێکی زمانەوانییەوە لەبارەی لەناوبردنی شێرپەنجەی داعش بەبێ ئەوەی بە باشی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەوە بە دیاریکراوی چ مانەیەکی دەبێت. کاریگەریی ستراتیژیی ئەو زمانە ئەخلاقییە هەر لە ئێستاوە بەدیار کەوتووە، لە کاتێکدا کە هەڵمەتی یارمەتیگەیاندن بە ئاوارەکان و ڕێگەگرتن لە کارەساتێکی مرۆیی گۆڕاوە بۆ پاشەکشەپێکردن و تەنانەت تێکشکاندنی داعش".

من لەو باوەڕەدام کە گۆشەنیگای حەسەن و بۆیل بە یەکەوە نیشاندەری دوودڵی و حەزنەکردنی بژارەی ڕۆژئاوایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش. لە لایەکەوە، هەندێک نایانەوێت باوەڕ بکەن کە ئەو دڕندەییەی داعش، پشتیوانییەکی گەورەتری هەیە لەوەی چەند بەلاڕێدا ڕۆیشتوویەکی نەزان بن کە گوایە تەنانەت ئاگایان لە ئاینەکەی خۆشیان نییە. بەڵام داعش لە یەک کاتدا لە زیاتر لە بەرەیەکدا سەرقاڵی شەڕە و لە سووریا و عێراقدا نزیکەی ڕووبەری بەریتانیای داگیر کردووە و هەڕەشەی کۆمەڵکوژیی دەکەن. وەک هەر بزووتنەوەیەکی سیاسیی دیکە، داعش بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێک نەزانی تێدایە. (خۆ ئەگەر بەوە بێت بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێک نەزان لەناو حیزبی بەعسی سەددام و ئەوسەدیشدا هەبوون). بەڵام دەبێ بیریشمان بێت کە هەر ئەو بزووتنەوەیە خەڵکی بەتوانا، بێویژدان، زیرەک و بەئەزموونیشی تێدایە کە ئامادەن هەرچی کارێکی خراپە بیکەن بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکانیان.

ئەندامانی داعش خەڵکانێکی بەدکارن بە هۆی بەرنامە و کردەوەکانیانەوە. نەدیتنی ئەو ڕاستییە و بە هەند وەرنەگرتنی ئەو هەڕەشانە، نەبوونی پێوەری ئەخلاقی دەگەیەنێت. بیرمەندی زۆر گەورەی ڕۆژئاوایی لە شوێنی زۆر خۆش و قاییمەوە و لە کاتێکدا کە تەنانەت سەر و بەری لوولەی دۆشکە لێک ناکەنەوە، حەز ناکەن زمانی بەدکار و چاکەکار بەکاربێت. ئەوان دەڵێن نابێ بە شێوەیەکی ڕەها حوکم لەسەر فەرهەنگەکانی دیکە بدەین. بەم شێوەیە ئەوان ئەخلاق بۆ خەڵکانێکی دیکە بەجێ دەهێڵن، ئەو خەڵکانەی ڕەنگە ئێستا بزانن "هەوڵی پاشەکشەپێکردن و تەنانەت تێکشکاندنی داعش" ڕێک ئەوەیە کە دنیا پێویستیەتی.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# لا إكراه في الدين

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک ڕۆشنبیر و کەسایەتی، وەک پاڵپشتییەک بۆ هاووڵاتیانی ئێزدی بڕیاریان دا بۆ ماوەیەک بچنە سەر ئاینی ئێزدی.

ئەوان دەڵێن چوونیان بۆ ناو ئەو ئاینە هەڵبژاردنی ئەو ئاینە نییە وەک ئیعتیقادێک و سلوکێکی ڕۆژانە، بەڵکو تەنها نیشاندانی هاوسۆزی و پشتیوانییە بۆ کەمینەیەکی ئاینی لە کوردستان کە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوبردن و سڕینەوەدایە.

من پێموایە مەبەستی ئەو بەڕێزانە سەد دەر سەد ڕاستگۆیانەیە کە ئەوان وەک پاڵپشتییەک بۆ کەمینەیەکی ستەملێکراو ئەم هەنگاوەیان ناوە، چونکە زۆرکات مرۆڤ هەست و ویژدانی بۆ لایەنی ستەملێکراو، بەتایبەت ئەگەر کەمینەیەک بێت کە توانای بەرگریی لەخۆی نەبێت، دەجولێت.

بۆیە هەڵوێستەکەی ئەوان لەگەڵ سروشتی مرۆییدا ناتەبا نییە، بەڵکو یەکانگیرە و پێشموایە ئەگەر ئیسلامیش کەمینەیەک بووایە و بەمشێوەیە بەر پاکتاوکردن بکەوتایە لە کوردستان، هەمان ئەو هەڵوێستە لەم مرۆڤدۆستانە چاوەڕوان دەکرا. چونکە هەمیشە مرۆڤ دۆستەکانن بەهانای هەموو ئەوانی دیکەوە دەچن، بە جیاوازیی ئاین و زمان و کەلتوورییانەوە.

ئەوەی لەم کەیسەدا جێگەی تێڕامان بوو، قەڵسبوونی کەسانێک بوو بەهەڵوێستی ئەم بەڕێزانە و تەنانەت یەکێتی زانایانیش بەفەرمی هەڵوێستەکەی ڕەتکردنەوە.

سەدان شەرح و توێکڵیان لەهەڵوێستەکەی ئەوان کردەوە کە پێموایە پێویستی بەوە نەدەکرد، بەتایبەتی ئەم هەڵوێستە لەکاتێکدا هاتووە کە بەهۆی کردەوەکانی داعشەوە خەڵکانێک ئیسلام تاوانبار دەکەن بە دژایەتی کەمینەکان و پێشموایە ئێزدیەکانیش ئەگەرچی خۆیان واناڵێن، بەڵام ئاساییە ئەگەر لە پەنهانی دڵیاندا شتێک دڵیان لە ئیسلام ئێشابێت.

ڕەتکردنەوەی هەڵوێستی ئەم ڕۆشنبیرانە لەلایەن زانایانی ئاینی ئیسلامی لەم کاتەدا، پەیامێکی باش بە ڕەخنەگران و تەنانەت پەیڕەوانی ئاینی ئێزدیش نابەخشێ. من نازانم پاساوی قەڵسبوونی ئەو بەڕێزانە لە هەڵوێستی ئەو ڕۆشنبیرانەی ئاینی خۆیان بۆ ئێزدی گۆڕیوە چییە؟ ئەگەر پاساوەکان سیاسی بن، ئەوە وەک لەپێشەوە گوتم لە ڕووی سیاسییەوە ڕەتکردنەوەی موسوڵمانان بۆ هەڵوێستی ڕۆشنبیرەکان زیاتر قوڕەکە خەستتر دەکاتەوە و دڵی برا ئێزدیەکانیشمان زیاتر لێ دێشێنێ و زیاتر لەداعشیش نزیکمان دەخاتەوە.

خۆ ئەگەر پاساوەکە یاسایی بێت، ئەوا هیچ یاسایەکی سەردەمەکە نییە ڕێگە لەهەڵوێستێکی لەمشێوەیە بگرێت و ئەوان ئازادن لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی وەها، تەنانەت ئازادیشن ئەگەر ئاینی خۆیان بە یەکجارەکی بگۆڕن، هەرچەندە من ئاین گۆڕینم بەلاوە شتێکی پەسەند نییە، بەڵام ئەوەش بەشێکە لە ئازادیی تاک و مافەکانی مرۆڤی سەدەی بیست و یەک.

ڕۆژانە ئێمەی موسوڵمان شانازی دەکەین و دەڵێین بەدەیان و سەدان خەڵکی ئەورووپایی هاتنە ناو ئیسلامەوە و وازیان نەک لە ئاینی خۆیان، بەڵکو لەو ناوەش هێنا کە دایک و باوکیان بەمنداڵی بۆی هەڵبژاردوون و لە "جاک"ەوە ناوەکەی بوو بە "ئەحمەد"، ئیتر چۆن دەتوانین ئەو مافە لە کەسێکی موسوڵمان زەوت بکەین ئەگەر بیەوێت ئیسلام بۆ ئاینێکی دیکە جێبهێڵێت و ناوی خۆی لە ئوسامەوە بکاتە لیۆناردۆ؟!

"جاک" و "ئوسامە" هەردووکیان هەر هاووڵاتین، خاوەنی یەک جۆر ماف و ئازادین و ناکرێت ئەو مافەی بە جاکی دەدەین، بۆ هەڵگەڕانەوە لە مەسیحیەت، لە ئەحمەدی بستێنینەوە بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، ئەمە سیستمی ژیانە لە سەدەی نوێداو بەئێمە دەستکاری ناکرێت.

بێگومان وەک لە وتارێکی دیکەشدا هەر لە ڕووداو ئاماژەم پێکردووە، کرۆکی شکستی هێزێکی وەک داعش و تالیبان و ئەلقاعیدە لەوەدایە کە دێن و سیستمێکی دیکەی ژیان دەکێشن بە سیستمێکی دیکەدا کە جێگیر بووە و سیستمی ژیان لەسەردەمەکەدا پێکدەهێنێ.

چەمکی ڕەعیەت و ئەهلی زیممە زیندوو دەکەنەوە لەبری پەیڕەوکردن لە چەمکی هاووڵاتیبوون، بەمەش سیستمی جزیە دەکێشن بە سیستمی دابەشکردنی ئەرک و مافی یەکسان بەسەر هاووڵاتیاندا.

زەوتکردنی مافی "ئازادیی ئاین گۆڕین" و "هەڵوێست دەربڕین"یش لە تاکەکانی دیکە، هەر جۆرێکە لەبیرکردنەوەی داعشیزمانە کە لەوانەیە خاوەنەکانی هێشتا بە باشی درکیان بە مەترسی و نامۆیی ئەو بیرکردنەوەیەی خۆیان نەکردبێت.

لەوانەیە پاساوی ڕاستەقینەی ئەو قەڵسبوون و ڕەتکردنەوەیە بۆ هەڵوێستی 48 ڕۆشنبیرەکە نە سیاسی بێت و نە یاسایی و نە لۆژیکیش، بەڵکو لەوانەیە پاساوەکە پاڵنەرێکی ئاینی بەهێزی لەپشتەوە بێت. لێرەشدا پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا دەکرێت بە پاڵنەری ئاینی یان ئیسلامی ڕێگە لە گۆڕینی ئاین یان لانیکەم هەڵوێستێکی وەک ئەوەی ئەو ڕۆشنبیرانە بگرین و پێی قەڵس بین تا ئاستی تەشهیرپێکردن؟

لە ڕاستیدا من هیچ پاساوێکی بەهێز بۆ ئەو ڕەتکردنەوەیە شک نابەم، لەکاتێکدا کە ئایەتی ژمارە (256) لە سورەی (البقرة) بەئاشکرا و بەڕاشکاوی باس لە نەبوونی زۆرەملێ و سەپاندن دەکات لە ئاین و ئایندارییدا.

ئایەتەکە بە (لای نافیة للجنس) کە شارەزایانی زمانی عەرەبی دەزانن چ هێزێکی هەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە، بەتەواوی ڕەتیدەکاتەوە کە هیچ جۆرە زۆرلێکردنێک لە ئایندا هەبێت جا چ بۆ هێنانە ناو ئاینەکە بێت یاخود بۆ مانەوە بێت لەناویدا.

(لا إكراه في الدين) یەکێکە لە جوانترین دەقەکانی قورئانی پیرۆز کە پێموایە هێشتا بیرکردنەوەی گشتی لەجیهانی ئیسلامیدا پێی نەگەیشتووە و تێنەگەیشتووە.

ئەم ئایەتە ئەگەرچی لەزۆر جێگادا شوێنی شانازیی ئێمەی موسوڵمانە، بەڵام هێشتا لە ڕاستیدا لەکاتی بوار و لەزۆر ئاستی پراکتیکدا دەبێتە بەڵگەیەک بەسەرمانەوە نەک شانازییەک بەدەستمانەوە.

موسوڵمان دەبێت لەسەدەی 21 و سەدەی مافەکانی تاک و ئازادیی بیروڕا و ئایندا ئەم جۆرە لە ئایەت بهێنێتە پێشەوە و دابەزێنێتە ناو زەمینی واقیع. ئەگەر هێزێکی وەک داعش لەسەدەی ئازادیی ئاین و ئازادیی بیروڕادا دێت و دەقەکانی جەنگ و زۆرەملێی ئاینی و دەقەکانی جزیە و جیاوازیی ئاینی دێنێتە پێشەوە، ئەوا ئەرکی دامودەزگا ئاینیەکانی وەک یەکێتی زانایانی ئیسلامیی کوردستانە، وەک دەزگایەکی مۆدێرن و کراوە و دژ بە داعش، ئەو ئایەتانە بێنێتە پێشەوە کە وەک خۆر چاوی شەمشەمە کوێرەکانی داعش کوێر دەکات و بیروڕاکانیان پوچەڵ دەکاتەوە.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



رەزان یەشیلباش:
## حەز دەکەم پاڵەوانی چیرۆکەکانم ژن بن

» 12

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی ڕووداو
**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

